# ڕۆژنامە ٧


لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 579 سێشەممە 27/ 4/ 2010 | نرخ 750 دینار | No.579 Tue 27/ 4/ 2010


ل ٧

## کەی سەرۆکایەتی هەرێم بەدامەزراوەیی دەکرێت؟

ل ٤



## حەیدەر عەبادی: پۆستی سەرۆک کۆمار پێویستی بە رازیبوونی سەرجەم لایەنەکانە

## عیماد ئەحمەد:
# تەقدیرێکمان نییە ئێمە ئۆپۆزسیۆنین یان دەسەڵات

**ڕۆژنامە**

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، ئاماژە بەوە دەکات، کە تەقدیرێکیان نییە کە ئایا ئۆپۆزسیۆنن یان دەسەڵات، ئەوەش لەکاتێکدایە کە سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەر بە حیزبەکەی ئەوەو دەسەڵاتیان بەدەستە.

عیماد ئەحمەد کە هاوکات لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیشە لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، باس لە کەموکوڕییەکانی حیزبەکەی دەکات لەکاتی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ڕابردوواو لە (٨)خاڵدا بەم شێوەیە دەستنیشانیان دەکات: «یەکەم، پاشماوەی تەکەتول. دووەم، نەبوونی مەرکەزییەت لەناو یەکێتیدا. سێیەم، تەقدیراتی هەڵە بەرامبەر گۆڕان‌و تەقدیراتی ناڕاست بەرامبەر جەماوەری خۆت. چوارەم، مەسەلەی کۆمسیۆن‌و تەکنیکی هەڵبژاردن. پێنجەم، تەرحی بودجە لەکاتی هەڵبژاردندا. شەشەم، نە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بووین نە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە. حەوتەم. باش تێنەگەیشتنی سەرکردایەتی‌و بەتایبەت مەکتەبی سیاسیی لە یاسای هەڵبژاردن‌و دانانی ژمارەیەکی زۆر لە کاندید. هەشتەم، خراپیی هەندێک لە بەرپرسانی حکومیمان‌و چەند خاڵێکی دیکەیش».

هەروەها باس لەوە دەکات، کە حیزبەکەی ئەزمەی سیاسیی هەیەو لەڕووەشەوە دەڵێت: «تەقدیرێکمان نییە، ئێمە ئۆپۆزسیۆنین یان دەسەڵات».

لەبارەی ئەو تێڕوانینەشەوە کە ئایا، یەکێتی دەسەڵاتدارە یان ئۆپۆزسیۆن؟، فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ناتوانم تەفسیرێک بۆ قسەکەی کاک عیماد بدۆزمەوە، چونکە ئەوە قسەی ئەوە، بەڵام لە هەڵبژاردندا، هاوپەیمانیی کوردستان بردییەوە، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی لە هاوپەیمانێتی یەکێتی‌و پارتی پێکدێت، کەواتە یەکێتی‌و پارتی هەردووکیان حیزبی دەسەڵاتدارن لە کوردستاندا».



## پارتی‌و یەکێتی چەندین ملیار دۆلاری خەڵک زەوت دەکەن

**ڕۆژنامە**

لەماوەی ڕابردوودا یەکێتی‌و پارتی چەندین ملیار دۆلاری خەڵکی کوردستانیان زەوتکردووە لە پارەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، داهات‌و مینحەی نەوتی هەرێم، گومرگو باج‌و ڕسومات‌و سەرەڕای ئەوەی هیچ یەکێک لەو داهاتانەیان نەخستووەتە سەر بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان.

چارەنووسی زیاتر لە (٦) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دۆلار، کە ملیارێک‌و (٤٠٠) ملیۆن دۆلاری پارەی گلدراوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکە، کە هاتووەتە هەرێم دیارنییە، بێئەوەی ئاشکرابێت کە چۆن سەرفکراوە، بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی بەغداش، تا ساڵی (٢٠٠٩) ئەو پارەیە تەسویە نەکراوە لەلایەن هەرێمەوە، ئەمە جگە لەو (٥) ملیار دۆلارەی کە حکومەت لە داهاتی گرێبەستە نەوتییەکان، دەستی کەوتوون‌و تائێستا وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ڕوونی نەکردووەتەوە کە چۆن‌و لە چیدا خەرجکراون‌و خەرجدەکرێن.

ڕۆژنامە لە دوو ژمارەی دوابەدوای یەکدا، لاپەڕەیەکی تایبەت کردووە بۆ بەردەم داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان، کە چەندین بەڵگەنامەی ڕەسمیی سەبارەت بە هەدەردانی سامانی گشتیی وڵات لەلایەن حیزب‌و بەرپرسانەوە تیایدا بڵاوکراوەتەوە.

**لە ل (٨)دا زیاتر بخوێنەرەوە**

## حکومەت ئیجرائاتی توند بەرامبەر خۆپیشاندەران دەگرێتەبەر


**هەولێر: ئاوارە حەمید، ئارام محەممەد**

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، پانتایی ئازادیی خۆپیشاندان لە کوردستان بەرتەسک دەکاتەوەو چاودێرانیش ئەو هەوڵەی حکومەت، بە کۆت‌و بەندی گەورە دەزانن لەبەردەم مافی هاوڵاتییاندا.

لە ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٢٠)دا، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، ڕێنماییەکی بۆ هێزەکانی ناوخۆو ئاسایشی هەرێم دەرکردووە بە ژمارەی (٩٧٠٣) و لە خاڵی شەشەمیدا هاتووە: «بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ نییە، کە هێز بەکاربهێنن بۆ سەرکوتکردنی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکان، تەنیا ئەگەر هاتوو ڕێڕەوی خۆیان گۆڕی، یان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ لادان لەو ئامانجەی بۆی کۆبوونەتەوە، ئەوکات لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە کۆتایی بەچالاکییەکە دەهێنرێت».


ڤیان عەبدولڕەحیم، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوەی حکومەت دایناوە، بە کۆت‌و بەندی دەزانین بەرامبەر بە مافی خۆپیشاندان‌و ڕێپێوان، بەهۆی ئەوەی کە خۆپیشاندان‌و مانگرتن چالاکیی مەدەنین، بۆیە پێویستە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ئامادەبن‌و بەرپرس بن لە پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران».

هەر لەوبارەیەوە عەلی کەریمی، سەرۆکی ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەنجامدانی خۆپیشاندان یەکێکە لە مافەکانی ئازادیی ڕادەربڕین‌و گرنگە ئێمە ئاگاردارکردنەوەمان هەبێت‌و ناکرێت لە ئاگادارکردنەوەوە بگوازینەوە بۆ مۆڵەت وەرگرتن.



## سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان: وەزارەتەکان پلانیان نییە

ل ١٥



## ڕێبوار سیوەیلی: گۆڕان خۆی بکاتە حیزب لاواز دەبێت

ل ١٠

## پەرلەمانتارێک: سەرۆکی هەرێم، پرسی بە ڕاوێژکارەکانی نەکرد

**میران عوسمان**

دوای ئەوەی پڕۆژەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا، لەماوەیەکی کەمدا سەرۆکی هەرێم پەسەندیکردو پەرلەمانتارێکیش پێیوایە، لەو پرسەدا سەرۆکی هەرێم، ڕای ڕاوێژکارەکانی وەرنەگرتووە.

ئیسماعیل گەلاڵەیی، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: لە ئامادەکردن‌و پەسەندکردنی بودجەی ئەمساڵدا، مامەڵەی سیاسیی لەگەڵ بودجەدا کراوەو بێبەش نەبوو لە دەستێوەردانەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

گەلاڵەیی ڕوونیکردەوە، کە پێویستبوو سەرۆکی هەرێم، کۆمەڵێک ڕاوێژکاری باشی هەبووایە لە بواری ئابووریداو ڕاوێژی لەگەڵ بکردنایە، تا ڕەخنەو گلەییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی‌و پەرلەمانتاران بەگشتیی لەبەرچاو بگیرانایە، بەڵام بە خوێندنەوەی ئێمە، سەرۆکی هەرێم، هیچ ڕاوێژێکی نەکردووە لەگەڵ ڕاوێژکارەکانیدا سەبارەت بەو کەموکوڕییانەی کە ئاشکرا کراون لەلایەن فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ئاشکراشیکرد: پەسەندکردنی بەپەلەی یاسای بودجە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، مانای ئەوە دەبەخشێت، کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەشێوەیەکی زانستی مامەڵە لەگەڵ بودجەی هەرێمی کوردستاندا ناکات.

## بڕیارەکەی د. بەرهەم چارەسەری بەشێک لە سزادراوانی سیاسیی نەکردووە

**ڕۆژنامە**

پەرلەمانتار پەیام ئەحمەد ڕێکخەری نێوان فراکسیۆنی گۆڕان‌و حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکان ڕایگەیاند: ژمارەیەک پاسەوانی سنوور کە لەسەر بیروڕای سیاسیی‌و دوای هەڵبژاردنەکان لەکارەکانیان دەرکراون، چارەسەری کێشەکەیان ئاسان نییە، چونکە ئەوان سەر بە بەغدان‌و مووچەیان لەوێوە بۆدێت‌و ژمارەیەکیان لەحکومەتی عێراقییەوە فەرمانی دەرکردنەکەیان بۆ دەرچووەو گەڕانەوەیان ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی حکومەت‌و بەرپرسی پاسەوانی سنوور بەڵێنی گەڕانەوەیان پێداون بۆسەر کارەکانیان».

ئاماژەی بەوەشکرد: «دوای گەڕانەوەشیان کێشە لە قەرەبووکردنەوەکەیاندا دەبێت لەو مووچەیەی کە لەماوەی دەرکردنیانەوە پێیان نەدراوە، چونکە مووچەی ئەوان لەسەر بەغدایە، نەک هەرێمی کوردستان».

**لە ل (٣)دا زیاتر بخوێنەرەوە**



## دوای دەرچوونی فەرمانەکەی د. بەرهەم
# هێشتا کێشەی «نانبڕاوەکان» چارەسەرنەکراوە

ڕۆژنامە

دوای هەوڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی سزای سیاسیی دراون بۆ سەر کارەکانیان، سەرۆکی حکومەت فەرمانێکی لە ڕۆژی (٢٠١٠/٤/١٩) دەرکردووە، بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی لەسەر بیروڕای سیاسیی لە کارەکانیان دەرکراون.

هەرچەندە لە فەرمانەکەی د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتدا هاتووە: کە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام تائێستا کێشەی بەشێک لە نانبڕاوەکان وەک ئەفسەرەکانو پلە تایبەتەکان هەڵپەسێردراوە.

پەیام ئەحمەد، ڕێکخەری فراکسیۆنی گـۆڕانو حکومەتی هـەرێـم بۆ کێشەی نانبڕاوەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرۆکی حکومەت هەوڵی جدیی داوە بۆ گەڕاندنەوەی ئـەو نانبڕاوانەو هەوڵەکانیشی جێگەی دەستخۆشییەو چاوەڕوانی جێبەجێکردنی تەواوەتی بەڵێنەکانو ئەو فەرمانەین، کە دراوە، تا هەموو نانبڕاوەکان بە جیاوازیی کارو پۆستەکانەوە بگرێتەوە.

ئەو کەسانەی لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز سزای سیاسیی دراونو نانبڕاوکراون، لە زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتدا کاریان کردووە، هەربۆیە کارکردن بۆ گەڕانەوەیان پێویستە لەیەک کاتدا لە هەموو وەزارەتەکان وەک یەک بێت، بەڵام لە ئێستاداو بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە هەنگاوەکان بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان دەستی پێکردووەو دەبوو بە یەکجار بێت، بـەڵام سەرۆکی حکومەت پێیڕاگەیاندین؛ کە وەزارەت بە وەزارەت کاری بۆ دەکەن، وەک هەنگاوی یەکەمیش، (٢٠٠) کەسی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە گەڕێنراونەتەوەو لیستێکی (٢٠٠) کەسی دیکەش ئامادەکراوە بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کارەکانیان.

لـەگـەڵ ئـەو هـەوڵانـەی دەدرێـــن بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان، بەڵام ئەوانەی سەر بە هێزەکانی پاسەوانی سنوورن کێشەیەکیان هەیە، ڕێکخەری فراکسیۆنی گـۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ مەسەلەی نانبڕاوەکان ڕوونیکردەوە؛ کە ژمارەیەکی زۆریـان لە حکومەتی عێراقییەوە فەرمانی دەرکردنەکەیان بۆ دەرچووەو ئاسان نییە گەڕانەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی حکومەتو بەرپرسی پاسەوانی سنوور بەڵێنی گەڕانەوەیان داون، بەڵام دوای گەڕانەوەشیان کێشە لە قەرەبووکردنەوەکەیاندا دەبێت، چونکە ئەوان لە بەغدا مووچە وەردەگرن.

هاوکات، ئەم فەرمانەی سـەرۆکـی حـکـومـەت کێشەی ئەو کەسانەشی چارەسەر نەکردووە، کە فەرمانی گرتنیان هەیە، پەیام ئەحمەد، جەختی لەوەکردەوە، کـە کـێـشـەی ئـەو (١٩) ئەفسەرە بە هەڵپەسێدراوی ماونەتەوە، هەرچەندە کێشەکەیان سیاسیی بوو، بەڵام کـراوە بە قانوونو تائێستاش هیچ بەڵێنێکیان وەرنەگرتووە بۆ چارەسەری کێشەکەیان.

چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوەکان، کە لە مانگی ئایاری پارەوە لەسەر کارەکانیان دەرکراون، دەستیپێکردووە، بەڵام بێئەوەی بـــاس لــە گـەڕانـەوەی نانبڕاوەکانی سـەر بە وەزارەتی ناوخۆو سەرۆکایەتی ئەرکانو فەرمانبەرە پلەتایبەتەکان بکرێت، کە لە حیزب کاریان کردووەو پلەی وەزیفیان لە وەزارەتی دارایی هەبووە.

---

# کەمئەندامانی سەنگەر هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن

نووسینگەی هەولێر

کەمئەندامانی سەنگەر، کۆمەڵێک داواکـاری بۆ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بەرزدەکەنەوەو هـەڕەشـەی ئـەوە دەکـەن، ئەگەر داواکارییەکانیان جێبەجێنەکرێن، لە (٥/١٦)دا ڕێپێوان ئەنجامدەدەن.

لە یاداشتنامەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، ڕێکخراوی کەمئەندامانی سەنگەری کوردستان کـە بـارەگـاکـەی لـە هـەولـێـرە، چەند داواکارییەکیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان کردووەو داوا دەکەن، پلەی کەمئەندام بەرزبکرێتەوەو بڕی (١٥)ملیۆن دینار وەک پێشینەی خانووبەرە بۆ کەمئەندامان خەرج بکرێتو زەویی نیشتەجێبوونیان بـەسـەردا دابـەش بکرێت. هەر لـەو یاداشتنامەیەدا داواکـــراوە، چارەسەری ئەو کەمئەندامانە بکرێت کە تائێستا پارچەی تەقەمەنی لە جەستەیاندا ماوەتەوەو حکومەت کچو کوڕەکانیان دابمەزرێنێتو بـارەگـایـەکـی هـاوچـەرخ بۆ ڕێکخراوەکەیان دروست بکرێت. لە درێـژەی داواکارییەکانیاندا هـاتـووە، پێویستە پێشینەی هاوسەرگیریی بە کەمئەندامان بدرێتو بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت لە وەزارەتـی کاروباری شەهیدان بۆ کەمئەندامانی سەنگەر دروست بکرێتو مووچەی کەمئەندامانیش بخرێتە سەر بانک، بۆ ئەوەی درەنگ نەکەوێت.

---

# «لیستی برایەتی نەرمیی نیشانداوە کە پێشمەرگە لە موسڵ بکشێتەوە»

ئارام شێخ وەسانی

لەگەڵ ئەوەی هێشتا ڕێکەوتنی تەواو نەکراوە، بەڵام لیستی حەدبا سوورە لەسەر ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی موسڵو دەوروبـەری بکشێتەوەو هێزێکی عێراقی جێگەی بگرێتەوە، بەو هۆیەوە کوردانی شەبەک نیگەرانن.

سالم شەبەک، سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاری شەبەک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە وەک شەبەک ڕاستەوخۆ نوێنەرمان نییە لە دانیشتنەکانی نێوان لیستی حەدباو لیستی برایەتی، هەوڵێکی جدیی لەوجۆرە هەیە کە لیستی برایەتی نەرمیی نیشانبدات کە هێزەکانی پێشمەرگە بکشێنەوە لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام ئێمە بە هەموو جۆرێک ئەوە ڕەتدەکەینەوە، هێزی پێشمەرگە بۆ ئێمە سەرچاوەی ژیانە، ئێمە ناتوانین بەبێ هێزی پێشمەرگە بژین، ئەوەشمان بە برادەرانی لیستی برایەتی ڕاگەیاندووە».

کوردانی شەبەک زیاتر لە (٧٠) ناوچەو گوندو شارۆچکەی سنووری دەشتی نەینەوا نیشتەجێنو بەپێی ئامارە نارەسمییەکان ژمارەیان زیاترلە (٤٥٠) هەزار کەس دەبێت، هەروەها بەپێی ئاماری دەستەی ڕاوێژکاری شەبەک، لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە تائێستا (١١٦١) شەبەک لە موسڵو دەوروبەری کوژراون.

---

# لە دوو ڕۆژدا لە هەولێر، سێ تەقینەوە ڕوویاندا
# دەزگا ئەمنییەکان هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لەبارەی تەقینەوەکانەوە، ڕانەگەیاندووە

نووسینگەی هەولێر

لەماوەی دوو ڕۆژدا، سێ تەقینەوە لەسنووری سەنتەری شارو دەرەوەی هەولێر ڕوویانداوە، بەڵام تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان، هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕووداوەکان ئاشکرا نەکردووە.

چوار ڕۆژ لەمەوبەر، تەقینەوەیەک لـەبـەردەم خواردنگەی ئەبوشەهاب لەسەر ڕێگای عەنکاوە-هەولێر ڕوویدا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.

دوابـەدوای ئەو ڕووداوی تەقینەوەیە، سەعات حەوتی بەیانی ڕۆژی (٤/٢٥)، کارگەی ئەربیل ستی تەقییەوەو لە ئەنجامدا پێنج کرێکاری کارگەکە کە دووانیان بە ڕەگەز هیندو سیانەکەی دیکەیان عەرەب بوون، گیانیان لەدەستداو (١٠)کرێکاری دیکەش بریندار بوون کە دووانیان خرانە ژێر نەشتەرگەرییەوە.

پاش ڕووداوەکـە، تیمێکی ڕۆژنامە بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکە سەردانی کارگەکەیان کرد، بەڵام ڕێگەیان نەدرا وێنەی شوێنی ڕووداوەکە بگرن.

پاش گواستنەوەی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی ئیمیرجنسی هەولێر، عەلی ئیبراهیم، بەڕێوەبەری کارگەی ئەربیل ستی، زانیارییەکانی پشتڕاستکردەوەو سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکـەش، وتی: «لەکاتی بڕینەوەی چەند پارچە ئاسنێکی گەورە بە ئۆکسجین، یەکێک لە پارچە ئاسنەکان تەقیوەتەوەو ئەو ڕووداوەی لێکەوتووەتەوە»، ناوبراو باسی لەوەش کرد کە شوێنی بڕینەوەی پارچە ئاسنەکان، نزیکەی (٥٠٠)مەتر لە کارگەکەوە دوور بووەو هیچ زیانێکی مادیی بەر کارگەکە نەکەوتووە.

ئەگەرچی بەڕێوەبەری کارگەکە ڕووداوەکەی گەڕاندەوە بۆ کارکردن بە ئۆکسجین، بەڵام هەندێک لە سەرچاوە ناڕاستەوخۆکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە تەقینەوەکە بەهۆی بڕینەوە، یان بەکارهێنانی گوللە هاوەنێکەوە بووە لەو کارگەیەدا.

کارگەی ئەربیل ستی وەک پڕۆژەیەکی خۆماڵیی پیشەسازیی بۆ تواندنەوەی ئاسنو دروستکردنی شیشی جۆراوجۆر، لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٠/٢١) مۆڵەتی لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگـرتـووەو کەوتووەتە ناوچەی کەورگۆسکەوە لە سنووری پارێزگای هەولێر.

لەلایەکی دیـکـەوە شـەوی (٢٥-٤/٢٦) تەقینەوەیەکی دیکە لە نزیک یاریگای فامیلی فـەن لە نـاو شاری هەولێر ڕوویداو ناوچەکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە گەمارۆدرا. بەرپرسە ئەمنییەکان کـە دوای تەقینەوەکە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکـە، ئامادە نەبوون، هیچ لێدوانێک بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بدەن.

تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، دەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای هەولێر، هیچ زانیارییەکیان لەبارەی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووەوە نەدرکاندووەو هەوڵی ڕۆژنامەش بۆ پەیوەندیکردن بەلایەنە ئەمنییەکانەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەوبارەیەوە، بێئاکام بوو.



# دوو نیشانەی نائومێدی

ئازاد چالاک

-١-

بە کەمتر لە بیست‌وچوار سەعات دوای ناردنی یاسای بودجە بۆ بەردەم سەرۆکایەتیی هەرێم، بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش بودجەی تێپەڕاندو ئیمزای کرد.

بودجە لەگەڵ ئەوەی، کە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوەو کۆمەڵێک گەندەڵیی زۆری لـێ ئاشکرابوو، میدیاکان‌و جەماوەر شانبەشانی ئۆپۆزسیۆن هەموویان دەیان هێمای پرسیاریان لە بەرامبەر بڕگە گوماناوییەکانی بودجەدا دانا، لەگەڵ ئەوەی هەر لەم ڕۆژنامەیەداو هەم فراکسیۆنی گۆڕان داواو سکاڵامان بردە لای سەرۆکی هەرێم بۆ ڕەتکردنەوەی بودجەو دروستکردنی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ لێکۆڵینەوە لە کەموکورتییەکانی بودجە، بەداخەوە، وا ویسترا زۆر بەپەلە بودجە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو هەموولایەک لەو ئیحراجییە ڕزگار بکەن.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، پاش بڵاوبوونەوەی وتاری (بودجەو بەرپرسیارێتیی سەرۆک) لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا، چەند کەسایەتییەکی بێلایەن دەستخۆشی ئەو بابەتەیان کرد، بەڵام لەهەمانکاتدا باوەڕیان وابوو، کە ئەو نووسینە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت‌و سـەرۆک هەر ئیمزای دەکـات!، چونکە بە بۆچوونی ئەوان، سەرۆک لەژێر چەندین فشاری سیاسیی‌و حیزبیی‌و ئابووریدایە. ئەوەی جێی نیگەرانییە لەم وڵاتەدا، تەنیا ئەوە نییە کە بۆچی حیزب، یاخود کەسانی بەرپرسی حیزب‌و حکومەت دەست بۆ ماف‌و سەروەت‌و سامانی گشتیی دەبەن‌و بەمافی ڕەوای خۆیانی دەزانن، بەڵکو نیگەرانیی گەورە ئەوەیە، کە مرۆڤ نازانێت ڕوو لەکـێ بکات‌و هانا بۆ کـێ بەرێت؟! کـێ دەتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندیی‌و مافی هاوڵاتییان بکات؟!

دەبوو سەرۆک، هەروەک چۆن بۆ مەسەلەی (میلیشیاو پێشمەرگە) هاتە وەڵام، بۆ مەسەلەیەکی ئاوا گرنگیش، کە مافی هەموو خەڵکی کوردستانە بە مافی پێشمەرگەشەوە، زۆر توندترو تووڕەتر بهاتایەتە وەڵام.

پەرلەمان کە خۆی بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان‌و چاودێری کاری حکومەت‌و مافی هاوڵاتییان بێت، خۆی بیەوێت بەپێچەوانەی ئەو ڕۆڵە بودجە بە زۆرینەی دەنگ تێپەڕێنێت، دەبێت چیتر بکرێت‌و لە دەرگای چ دەزگاو، چ بەرپرس‌و، چ دەسەڵاتێک بدەین؟!.

کاتێک کە هاوڵاتیی ماڵەکەی دەدزرێت پەنا بۆ پۆلیس دەبات‌و داوای گەڕانەوەی ماڵە دزراوەکەی دەکات، بەڵام کاتێک پۆلیس ماڵەکەی ببڕێت، دەبێت لای کێ شکات بکات‌و دڵ بەکێ خۆش بکات؟!

ئەگەر دەسەڵات پێیوایە؛ کە ئەمساڵ توانرا ئەم مەسەلەیە بەوشێوەیەو بەزۆرینەی دەنگ دیزەبەدەرخۆنە بکرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە، ئەم مەسەلەیە بەبێ باجی گەورە گوزەر ناکات.

پێموایە، پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن کاری خۆیان ئەنجامدا، کە جێی ستایش‌و دەستخۆشییە، ئـەوەی کە ماوە بکرێت، دەکەوێتە سەرشانی میدیاکان‌و کەسانی خاوەن بیرو ویژدان، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بە زیندوویی بهێڵنەوەو بەردەوام باسی لێوەبکەن‌و هاودەنگیی زیاتری بۆ فەراهەم بکەن، کاری دیوانی چاودێرییەکانە، کاری داواکاری مافی گشتییە، کاری لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانە، کە بەڵگەکان بخەنەڕوو و ئاشکرایان بکەن بۆ خەڵک‌و خۆشیان دەست والاتر ئەرکی سەرشانیان بەجێبهێنن.

-٢-

لەوە دەچێت ئەمساڵ ساڵـی بەستنی (کۆنگرە) بێت، چەندین حیزب‌و لایەنی سیاسیی بەگەرمی خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، بەستنی کۆنگرە بۆ هەر حیزبێک نیشانەی بەخشینی ژیانی نوێیە، نیشانەی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کێشە کەڵەکەبووەکان، نیشانەی پێداچوونەوەی کاری ڕابردوو و دەستنیشانکردنی هەڵەکانەو زۆر نیشانەی دیکە، کە هەموویان بۆ هەر حیزبێکی زیندوو جێی دەستخۆشیی‌و ئومێدی نوێ‌و خوێنی نوێیە کە دێتە شادەمارو جەستەیەوە.

لە هەرێم، ئەم مەسەلەیەش وەک مەسەلەکانی دیکە ئاوەژوو دەکرێتەوە، بەتاڵ دەکرێتەوە لە ناوەڕۆکەکەی، بۆیە کۆنگرە دەبێتە شوێنی (تصفیە)و (سحق) کردنی باڵە بـێهێزەکانی ناو حیزب بۆ بەرژەوەندیی تەنیا یەک باڵ‌و یەک ڕاو یەک دەنگ.

کۆنگرە ئامادەیە بۆ نمایشکردنی خۆی، هەموو جۆرە ئامرازێک بەکاربهێنێت‌و بخاتەگەڕ بۆ کوشتنی بیری ئازادو لەباربردنی هەقبێژیی، یان درکاندنی ڕاستییەکان، هەر لەئێستاوە ئامادەن هەموو هەڵەکانی ڕابردوو بخەنە پاساوی نەبوونی چەند گەنج‌و چەند ژنێک لە سەرکردایەتیدا، هەروەک چۆن پێشتر خەتای هەموو نەهامەتییەکانیان خستە ملی (شانە) حیزبییەکان!

لـەدوای کۆنگرە، ئەگەر چەند ژنێک سـەرخـران بۆ سەرکردایەتی، ئیتر کێشەی گەندەڵـیی لە بنەڕەتەوە ریشەکێش دەکرێت، تاکڕەویی لەحیزبدا بنبڕ دەکرێت، دەسەڵاتی حیزب‌و حکومەت لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، سەروەت‌و سامانی بەرپرسان بەشێوەیەکی ڕوون، ئاشکرا دەکرێن، سـەروەت‌و سامانی خەڵک، کە کۆمپانیاکانی حیزب دەستی بەسەرداگرتوون، هەمووی دەدرێنەوە بەخەڵک، حیزب دەست لە کاروباری بازاڕ دەکێشێتەوەو واز لەخەڵک دەهێنێت، کارو کاسبـی خۆیان بکەن.

بە سەرکەوتنی چەند ژن‌و چەند گەنجێک، ئیتر بڕیار دەچێتەوە دەستی سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسیی‌و حیزب دەبێتەوە بە خزمەتکاری خەڵک!

پرسیاری گەورە ئەوەیە، ئایا ئەو حیزبانەی کە تا بینەقاقایان نوقمی گەندەڵـیی بوون، دەتوانن بڕیاری چاکبوونی خۆیان بدەن؟و ئەگەر ئەو بڕیارەیان دا، کـێ جێبەجێی دەکات‌و دژی کـێ؟!

# هەوڵدەدرێت پێشینەی هاوسەرگیریی بکرێتە (٣) ملیۆن

شارا عەبدولڕەحمان

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو بڕەی کە بۆ پێشینەی هـاوسـەرگـیـریـی لـە کـوردسـتـان تەرخانکراوە، بە کـەم دەزانـێـت‌و داوادەکات بۆ سێ ملیۆن زیادبکرێت.

ئاشتی عەزیز، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕی (١) ملیۆن دینار، کە وەک پێشینەی هاوسەرگیریی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەدرێتە گەنج، ئەوەندە کەمە کە ناتوانرێت وەک هاوکارییەک بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەرگیریی لێی بڕوانرێت».

لە سەرەتاکانی گفتوگۆکردنی بـودجـەدا، لیژنەی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لـەگـەڵ بەرپرسانی وەزارەتی پەیوەندیداردا سەبارەت بە بودجەکەیان گفتوگۆیان کردو ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان لەو لیژنەیە داوای زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیرییان کرد بەڵام جێبەجێنەکرا.

فراکسیۆنی گـۆڕان پێی باشە پێشینەی هاوسەرگیریی زیاتر لە (٣) ملیۆن دینار بێت، هـەروەک ئاشتی عەزیز، وتی: «دووقاتی ئەو پارەیەش بدرێت بەگەنجان هێشتا هەر کەمە، چونکە ئـەگـەر داهـاتـی تاکەکەس لێکبدرێتەوە، بەتایبەت گەنجانی بێ هاوسەر، ئەوا ئەو بڕە پارەیەی پێشینەی هاوسەرگیریی زۆر کەمەو بەشی هیچ ناکات».

لەئێستاشدا زیاتر لەسێ مانگە فراکسیۆنی گـۆڕان پڕۆژەیاسای گرنگیدان بەگەنجان، لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەشی پەرلەمان کـردووە، کە یەکێک لە خاڵەکانی پـڕۆژەکـە زیـادکـردنـی پێشینەی هاوسەرگیرییە، لەوبارەیەوە ئاشتی، وتی: «پەرلەمان خۆی ئەدایەکی کارای نییە لە بەڕێکردنی کارەکاندا، هاوکات سەرۆکایەتی پەرلەمان ستراتیژییەت‌و پلانی هەیە بۆئەوەی کەمترین دانیشتن ئەنجامبدات، ئەمانەش هەموو هۆکارن بۆ دواخستنی پڕۆژەکەمان».



# کەسوکاری ئەنفالکراوان:
# کەناڵی کوردسات سووکایەتی پێکردووین

ڕۆژنامە

لـە بەیاننامەیەکدا ڕێکخراوی هەڵوێست‌و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، نارەزایی خۆیان نیشاندەدەن لەوەی کەناڵی کوردسات لەڕێی زنجیرەی «گەرمیان‌و کوێستان»ەوە سووکایەتی‌و تەشهیری بە قوربانییان‌و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کـردووەو داواکـارن کەناڵەکەو دەرهێنەری ئەو زنجیرە درامایە، نمایشکردنی بوەستێنن‌و داوای لێبووردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکەن.

لـە بەیاننامەکەی ڕێـکـخـراوی هەڵوێست بۆ داکۆکیی لە کەسوکاری ئەنفال‌و کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال لە سنووری شـۆڕش‌و چەمچەماڵ، کە ڕۆژی (٤/٢٦) دەریـانـکـردووە، وێنەیەکیان ئـاراسـتـەی ڕۆژنـامـە کردووەو نیگەرانیی خۆیان نیشاندەدەن لەوەی دوای پێشکەشکردنی (١٠) ئەڵقە لە زنجیرەی (گەرمیان‌و کوێستان)، ڕێڕەوی فیلمەکە بەرەو خۆشەویستی گۆڕاو یەکپارچە بووەتە گێڕانەوەی چیرۆکێکی ئەڤینیی‌و تیایدا هاتووە: «ئێمە وەکو کەسوکاری ئەنفال، بڕوای تـەواومـان بە ئـازادیـی ڕادەربـڕیـن هەیە، بەڵام پێمانوایە ئەوەی ئێستا لە کوردساتەوە نمایشدەکرێت، جگە لە سووکایەتی‌و تەشهیر بە بنەماڵەو کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال، هیچ پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرێت، سەیرە بـەلای ئێمەوە کەناڵێکی ڕەسمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای (٢٢) ساڵ دەیەوێت بەوجۆرە گوزارشت لە کارەساتی ئەنفال بکات».

هەروەها بۆیە داواکارن کوردسات‌و دەرهـێـنـەری ئـەو زنجیرە درامایە دەسبەجێ نمایشکردنی بوەستێنن‌و بە فەرمیی داوای لێبووردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکەن. «دەرهێنەری دراماکـەش ئـەوە ڕوونبکاتەوە بە پاڵپشتیی کـێ‌و بـە چ مەبەستێک ئەو کـارەی کـردووە، بەپێچەوانەوە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەڵوێستی دیکە دەگرنەبەر».

# (٦٠٠) شۆفێری حاجی ئۆمەران، ماندەگرن

ئەحمەد باڵەکی

بـەهـۆی ڕێـزنـەگـرتـنـی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شۆفێرانی مەرزی حاجی هۆمەران، (٦٠٠) شۆفێری ئەو مەرزە ڕۆژی (٤/٢٦) مانگرتنیان ڕاگەیاند.

سەفین حاجی، یەکێک لەو شۆفێرە مانگرتووانەیەو بە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «هیچ کارئاسانییەکمان بۆ ناکرێت، بەچاوی دوژمـنـەوە سەیرمان دەکـرێـت‌و کاتێک دەچینە ناو ئێران هیچ شوێنکمان نییە کە ئۆتۆمبێلەکانمانی لێڕابگرین، ئـەمـەش ئـەرکـی حکومەتی هەرێمە کە ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەربکات».

ئەو شۆفێرانە باری (خۆراکی‌و ناخۆراکی) لەڕێگەی مـەرزی حاجی هـۆمـەرانـەوە ئاڵوگۆڕ پێدەکەن‌و ژمـارەیـان نزیکەی (٦٠٠) شۆفێر دەبێت، کە لە ئێستادا مانیانگرتووەو بڕیاریشیانداوە، مانگرتنەکە نەشکێنن تاوەکو داخـوازیـیـەکـانـیـان جێبەجێ دەکرێت.

عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قـەزای چـۆمـان لـەبـارەی ئەم کێشەیەوە بۆ ڕۆژنـامـە، وتی: «ئێمە زۆرجار گوێبیست دەبین کە لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە هەڵسوکەوتی نەشیاو لەگەڵ هاوڵاتییانی هەرێم دەکرێت».

سـەبـارەت بە هـۆکـاری ئەم خۆپیشاندانەی شۆفێرانیش وتی: «ڕۆژی (٢٥)ی ئەم مانگە، دوو سەربازی ئێرانی هاتوون‌و بەشێوەیەکی ناشارستانییانە ڕێگەیان لە شۆفێران گرتووەو جـنـێـویـان پـێـداون، ئـەمـەش وایـکـردووە کـە شـۆفـێـرانـی ئـێـمـە هـەڵـوێـسـتـوەربـگـرن‌و ئێمەش پارێزگاری هەولێرمان ئـاگـادارکـردووەتـەوەو ئەویش لەگەڵ کونسوڵی ئێران لەهەولێر کۆبووەتەوەو چاوەڕوانی ئەوەین کە کونسوڵگەری ئێران لەهەولێر، ڕوونکردنەوە بـدات، کە بۆچی ئەم کارەیان کردووە بەرامبەر بە شۆفێرەکانی ئێمە».

# ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی داوای زەوییەکانیان دەکەن

کوردە جەمال

بـەرامـبـەر ئـەنـجـامـنـەدانـی بەڵێن‌و پێنەدانی زەوی بەو (١٩٢) ڕۆژنـامـەنـووسـەی زیاتر لە سێ ساڵە فۆڕمی تایبەتیان لە سەندیکا پڕکردووەتەوە، ڕۆژنامەنووسان یاداشتێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایە ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەن.

بـەرزان عـەلـی، ئەندامی ئەو لیژنەیەی چوارشەممەی ڕابردوو ڕۆژنامەنووسەکان بۆ بەدواداچوونی داواکانیان پێکیانهێنا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا یاداشتێکمان دایە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایـەو پێدانی زەوی بەو ڕۆژنامەنووسانەی زیاتر لە سێ ساڵە فۆڕمیان پڕکردووەتەوە، مـافـی خـۆیـانـە ئـەگـەر زەویـیـان پێبدرێت».

وتیشی: «سەندیکا هەوڵیداوە بـۆ ئـەوەی زەوی بـدرێـتـە ئەو ڕۆژنامەنووسانە، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە، کە بۆچی لەماوەی ڕابردوودا لقی هەولێری سەندیکا توانای زیاتری هەبووەو چەندجارێک لەڕێی ئەوانەوە زەوی بۆ ڕۆژنامەنووسانی هەولێر دابینکراوە، بەڵام کارەکان بۆ ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی بێ ئەنجام ماونەتەوە».

لای خـۆشـیـەوە، حـامـیـد محەمەد سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، وتی: «سەندیکا هـەوڵـی خـۆی داوەو نـاوەکـان پێشکەشی سـەرۆکـی حکومەت دەکەین‌و پێمانوایە؛ ئەوانەی سلێمانی موستەحەقن زەوییان پێبدرێت».

سکرتێرەکەی سەندیکا باسی لەوەکرد؛ کە ڕەنگە لەڕێی سندووقی نیشتەجێبوونەوە، یا ڕێگەیەکی ئاسانکاریی دیکە بدۆزرێتەوە بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە.

لـەمـاوەی ڕابـردوودا بڕیاری پێدانی (١٨٩) پـارچـە زەوی بە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر جێبەجێکرا، بەڵام نزیکەی (٦٠) ڕۆژنامەنووسی لیستەکە پێشتر سوودمەندبوون‌و بەوپێیەش زەوییەکانیان پێنادرێت، بەڵام حامید محەمەد، ئاشکرایکرد؛ کـە ئـەو زەویـیـانـە نـادرێـنـە ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی‌و وتی: «ئەفزەلیەتی پێدانی ئەو زەوییانە بۆ لیستێکی دیکەیە، کە لە (١٣٦) ڕۆژنامەنووسی هەولێر پێکهاتووەو تائێستا بڕیار لەسەر ئەوەیە، ئەوانەی سلێمانی لە سنووری خۆیان بۆیان دابینبکرێت».

# ئاسیاسێڵ شکات دەکات

سۆکار عەبدوڵڵا

کۆمپانیای ئاسیاسێل سکاڵا لەسەر ئەو لایەنانە تۆماردەکات، کە تۆمەتباریان کـردووە بە «فێڵکردن لەخەڵک»و ڕاشیدەگەیەنن: کە گۆڕینی نرخی پەیوەندیکردن‌و مامەڵەی لە دۆلاری ئەمریکییەوە بۆ دیناری عێراقی لەسەر بڕیاری (کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن‌و گەیاندنی عێراقی) بووە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، کە دوێنێ لە بینای سەرەکی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لە سلێمانی ڕێکیخستبوو، د.دیـاری عەبدولقادر، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ئـامـاژەی بـەوەکـرد: «سـەرەڕای سەلماندنی تـەواوی پێچەوانەی تۆمەتەکانی کە خرابوونە پاڵی، لەهەمان کاتدا ئاسیاسێڵ داوای یاسایی لەسەر ئەو کـەس‌و لایەنانە تۆماردەکات، کـە زانـیـاریـی هـەڵـەو تۆمەتی هەڵبەستراویان لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکردبووەو زانیاریی هەڵەیان دابووە ئەو ڕۆژنامەو دەزگا ڕاگەیاندنانە».

ئـامـاژەی بەوەشکرد: «بەهۆی گۆڕینی نرخی قسەکردن لە دۆلارەوە بۆ دینار ئەو جیاوازییە ڕوویـداوە، لـەبـەر هـۆکـاری زۆر بچووکی ژمـارەکـان‌و لەکاتی شکاندنەوەی (١) دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر بە (١١٨٥) دیناری عێراقی نرخەکان بەژمارەی تـەواو دەرنـەدەچـوون‌و پێویستیان بە نزیکردنەوە هەبوو»، نموونەی ئـەوەشـی هێنایەوە بۆ مۆبایلی (٨) سەنتی، نرخی یەک خولەک قسەکردن دەکاتە (٩٤,٨٠٠) دینار لەکاتی نزیککردنەوەدا دەبێتە (٩٥,٠٠) دینار، واتە تەنیا (٠,٢) دینار زیادیکردووە، هەروەها بۆ مۆبایلی (٤) سەنتی، نرخی یەک خولەک قسەکردن دەکـاتـە (٤٧,٤٠٠) دیـنـار لەکاتی نزیکردنەوەدا دەبێتە (٥٠) دینار، واتە تەنیا (٠,٢) سەنت زیادیکردووە بۆ هەر خولەکێک.

ئاسیاسێڵ

## لەنێوان حیزب‌و خەڵکدا، پەرلەمانتار کامیان هەڵدەبژێرێت؟

# «پێویستە پەرلەمانتار بەویژدان‌و قەناعەتی خۆیەوە دەنگ بە پرۆژەیاسا بدات»

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق



دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

چاودێرانی سیاسیی، پسپۆڕی ئایینی، پەرلەمانتاران، خۆیان جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی ئایینی، یاسایی، ویژدانیی‌و کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە دەکەن، کە بڕیاردەدەن «نوێنەرایەتی خەڵک» بکەن.

ئەندامانی هۆڵە بچوکەکەی پەرلەمانیش لەنێوان خواستی حیزب‌و گرووپەکانیان، لەکوێدا بیریان دەکەوێتە سەر بەرژەوەندیی جوگرافیا فراوانەکەی هەرێمی کوردستان.

(١١١) پەرلەمانتارەکەی کوردستان، ئەگەرچی بە لیستی داخراو بەشداریی‌و کێبڕکێی هەڵبژاردنیان پێکراوە، بەڵام دواجار بەدەنگو متمانەی خەڵک رەوانەی هۆڵی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان کراون، ئەو خەڵکە بە ژمارەزۆرە چاوەڕێی ئەو کەسانەیە، کە لەنێوان بەرداشی بەرژەوەندیی حیزب‌و گرووپە سیاسییەکاندا بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەهاڕن، لەم راپۆرتەدا بۆچوونی جیاواز لەو رووەوە دەخرێتەڕوو: هەن پێیانوایە بەهۆی لیستی حیزبییەوە کەسایەتی پەرلەمانتارەکان لەناو بۆتەی بەرژەوەندیی حیزبیدا دەتوێتەوە، پەرلەمانتارەکانیش هەرچەندە لە هەوڵی بەرگریکردن لە خۆیانن، بەڵام لە کاریگەریی ئاراستە سیاسییەکان دەرباز نابن، ئەوەی لەو نێوەندەشدا نازانرێت دەشکێنرێت، یان ناشکێنرێت ئەو سوێندەیە بەرامبەر خەڵک دەخورێت!.

### حیزب‌و قەناعەتی پەرلەمانتار

رێبین رەسـوڵ، چـاودێـری سیاسیی پێیوایە؛ سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هۆکاری بەستنەوەی ئەندامانی پەرلەمانە بەخواست‌و ویستی حیزبەکانیانەوە، لەوبارەیەوە دەڵێت: «حیزب بۆ هەڵبژاردنەکان ئەو کەسانە لە لیستەکەیدا جێدەکاتەوە، کە پەیوەستبوونێکی جدییان بەرامبەر حیزب هەیە، بۆیە لەکاتی دەنگدان بە پرۆژەیاساکان ئەگەر پەرلەمانتار بڕواشی پێنەبێت، بەهۆی ئەوەی نوێنەری حیزب‌و جەماوەرەکەیەتی دەنگی پێدەدات».

رێبین رەسـوڵ، پێشتر بەڕێوەبەری رێکخراوی (ئاسک) بـووەو مـاوەی (٣) ساڵ چاودێریی کارەکانی خولی پێشووی پەرلەمانی کـردووە، پەیوەند بەم بابەتە نـمـوونـەی زیـاتـر دەخـاتـە بـەردەسـت‌و رایدەگەیەنێت: «لەکاتی کارکردنم لەگەڵیان، بەشێک لە پەرلەمانتارەکانی خولی دووەم، ئاماژەیان بەوە دەکرد؛ زۆرجار قەناعەتیان بە بڕیارێک نەبووەو ویژدانییەن لەگەڵیدا نەبوون، بەڵام لەژێر ناوی بەرژەوەندیی گشتیی دەنگیان پێداوە».

بەپێچەوانەی راکانی رێبین رەسوڵ، عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانیی بڕوای وایە؛ لیستی حیزبیی بەو مانایە نییە ئەندامی پەرلەمان حساب بۆ جەماوەر نەکات‌و هەر لەدەوری بەرژەوەندییە حیزبییەکان بێت، بەڵکو ئەو حاڵەتە دەکەوێتە سەر کەسایەتی پەرلەمانتار کە تاچەند بڕوای بەخۆی هەیەو لەپێناو بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا، کە دواجار دەبێتەوە بەرژەوەندیی حیزبەکانیش، کارەکانی خۆی رێکدەخات.

وتیشی: «پەرلەمانتار ئەرکی گەورەی بەرامبەر کۆمەڵگەکەی لەسەرە، ئەگەر کەسایەتی بەهێز بێت‌و متمانەی بەخۆی‌و دەنگەکانی هەبێت، دەتوانێت ئەو سنوورانە تێپەڕێنێت کە حیزب بۆی کێشاوە، راستە ئێمە هەمووومان حیزبەکان بەلیست دایناوین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە بێ ویژدانانە حساب بۆ نوێنەرایەتی خەڵک نەکەین، من لەگەڵ ئەوەم پەرلەمانتار نوێنەری گەلە، بەڵام هەندێک هێڵی سوور هەیە لە سیاسەتی ناوچەکەو بەرژەوەندیی نیشتمانی نابێت لابدرێت لێی».

لەگەڵئەوەی‌ئەزموونی‌کاری‌پەرلەمانیی‌و کارکردنی پەرلەمانتاران لەچواچێوەی ئەو دۆخەدا، وای لە زۆربەی شەقامی کوردی، ناوەندە میدیاییەکان، چاودێرانی سیاسیی کـردووە، بە زەقی باس لە رەنگدانەوەی هەژموونی ئاراستە سیاسییەکان بەسەر پەرلەمانەوە بکەن، بەڵام کۆی ئەزموونەکەش بەدەر نییە لە چەند نموونەیەکی مژدەبەخش‌و بەیەکەوە هەڵکردنی هەموو لایەنەکان لەسەر خاڵێکی هاوبەش. نزیکترین نموونەش بۆ ئەو حاڵەتە کۆدەنگبوونی زۆربەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بـوو، لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوەکان.

بورهان رەشید، ئەندامی فراکیسۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: «راستە زۆر حاڵەت لە پەرلەمان هەیەو هەبووە، کە بەرژەوەندیی حیزبیی حسابی بۆ کراوەو هەموو ئەندامانی پەرلەمانی فراکسیۆنێک پێکەوە دەنگیان لەسەر بابەتێک داوە، بەڵام نموونەی پەرلەمانتاری وەکـو عوسمان بانیمارانی سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی سەوز هەیە، کاتێک کە یاسای نەوت‌و غاز هێنرایە پەرلەمان بە هەڵوێستێکی نیشمانییەوە بەجیا لە بەرژەوەندیی حیزبەکەی جەختی لەوەکردەوە، پێویستە ئەو داهاتە بۆ میللەت بێت، راستە سەرکردایەتی حیزبەکەی لێی قبووڵنەکردو لە پۆستەکەی دووری خستەوە، بەڵام ئەمە نموونەیەکی باشی پێشخستنی بـەرژەوەنـدیـی نیشمانییە، لە بەرامبەر بەرژەوەندیی حیزبیدا».

### دووفاقیەت لە ناخدا !

بـەهـۆی فـرەیـی رەنـــگو دەنـگـە جیاوازەکان‌و بوونی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، پێکهاتەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان جیاواز لە خولەکانی پێشوو خۆی دەنوێنێت، بەشێوەیەک هەستدەکرێت پانتایی نێوان خەڵک‌و پەرلەمان، (وردتر بوترێت پەرلەمانتارو جەماوەرەکەی) کەمتر بووەتەوە، بەڵام هێشتا چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە؛ ئەم خولەش درێژکراوەی نەریتی خولەکانی پێشووە، حاڵەتی «دووفاقی‌و ئیزدیواجیەت» لەناخی پەرلەمانتارەکاندا هەر ماوە.

رێبین رەسـوڵ، چـاودێـری سیاسیی رایـدەگـەیـەنـێـت: «بـەهـۆی سیستمی هەڵبژاردنەوە، خولی سێیەمیش رەنگدانەوەی خولەکانی پێشووە، ئـەم حاڵەتەش بۆ دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیش راستە، تا لیستی حیزبیی هەبێت ئەو جۆرە ئیزدواجییەتە لە دەروونـی پەرلەمانتاردا دەمێنێتەوە، واتە ناتوانن بە قەناعەتی خۆیان‌و بـەدەر لە بەرژەوەندیی حیزبەکەیان مامەڵە بکەن، چونکە حیزب دایناون‌و جەماوەرەکەی دەنگی پێداون، لەو هاوکێشەیەدا دەبێت لەنێوان ویژدان‌و حیزبدا یەکێکیان هەڵبژێرن، لەوەش دیارە کامیان هەڵدەبژێردرێت!».

لە هەشت مانگی تەمەنی خولی سێیەمی پەرلەماندا تەنیا پـرۆژەی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) تێپەڕێندراوە، ئەو تێپەڕاندنەش بەدەنگهەڵبڕینی هـەمـوو ئەندامانی فراکسیۆنەکان‌و نەڕێی دەنگی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن تێپەڕی، هەرچەندە لەناو فراکسیۆنی کوردستانیی بەهۆی کەموکورتی پرۆژەکەوە، چەند دەنگێک داوای گەڕانەوەی پرۆژەکەیان بۆ حکومەت دەکرد، بەڵام دواتر ئەوانیش وتیان (بەڵێ!).

عـومـەر عـەبـدولڕەحـمـان ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانیی‌و ئەندامی لیژنەی یاسایی دەڵێت: «پێویستە پەرلەمانتار بە ویژدانەوە، بە شەفافییەتەوەو بە قەناعەتی خۆی قسەی بکات‌و دەنگ بە پرۆژەیەک بـدات، یـان نـەیـدات، چونکە پەرلەمانتار حەسانەی خۆی هەیە، ئیتر چ پێویست دەکات بسڵەمێتەوە، یان ترسی بەرامبەر حیزبەکەی هەبێت».

لەبارەی ئەوەی بە قەناعەتەوە دەنگی بە پـرۆژەی بودجە داوە، ئەندامەکەی فراکسیۆنی کوردستانیی وتی: «هەرچەندە پرۆژەکە کەموکورتی هەبوو، بەڵام دواجار لەبەر بەرژەوەندیی خەڵک‌و بە قەناعەتی خۆم دەنگمداوە، پێش ئەوەی دەنگیشی پێبدەم گفتوگۆی هەموو مادەکانم کردووە، تەنانەت هەندێک پرۆژەی تێدابووە پێم شەرم بووە لە بودجەدا هەبێت!».

لەبارەی رەخنەی فراکسیۆنی زۆرینەی پەرلەمان بەرامبەر فراکسیۆنی گۆڕان‌و ئۆپۆزسیۆنەکان، کە ئەوانیش لە دەنگنەدانیان بەرامبەر بودجە، هەموویان بەیەکەوە دەنگیان پێنەدا، بورهان رەشید، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان رایگەیاند: «لەناو فراکسیۆنی گۆڕان لەسەر چەند خاڵێک رێککەوتووین، ئەگەر لە بابەتی هەستیارو ستراتیژییدا نەبێت، کە پەیوەندیدار بێت بە بەرژەوەندیی نیشتمانیی، هیچ ئەندام پەرلەمانێک کۆیلەی بیروڕای کەس نییەو هەموومان مافی ئازادیی رادەربڕینمان هەیە، ئێمە شت ناڵێینەوە، لە گفتوگۆی بودجە چەند حاڵەتێک هەبووە، کە بەشێکمان دەنگمان بە چەند بڕگەیەک داوەو هەندێکمان دەنگمان پێنەداوە».

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان، جەختی لەوەشکردەوە، ئـەوان بەئاشکرا رایدەگەیەنن؛ پێش ئـەوەی وەلائیان بۆ بزووتنەوەکەیان هەبێت، بۆ نیشتمان‌و میللەتەکەیانەو «بەو نەفەسەش کاردەکەن».

### سوێند

لەکاتی دەستبەکاربوونی ئەندامانی پەرلەماندا، ئـەوەی پەرلەمانتاران بە بەرپرسیارێتی خۆیان‌و کۆمەڵگەکەیان دەبەستێتەوە ئەو سوێندەیە، کە لەبەردەم پەرلەمان‌و خەڵکدا دەیخۆن، بەپێی مادەی (١١) لە پـەیـڕەوی نـاوخـۆی پەرلەمانی کوردستان، هاتووە: پەرلەمانتار بەم سوێندە دەست بە ئەرکەکانیان دەکەن: «سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل‌و خاکی کوردستانی عێراق‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم».

ئـەوەی جێگەی پرسیاری زۆربـەی خەڵکە، ئایا ئەو سوێندە یاسایی‌و ئایینییە، تاچەند بەرپرسیارێتی پەرلەمانتاران لەبەرامبەر خۆیان‌و خـواو خەڵک زیاتر دەکات؟ کێ حوکم لەسەر ئەوە دەدات ئەو سوێندە شکێنراوە؟ ئەو سوێندە دەتوانێت وا لە پەرلەمانتار بکات لەنێوان بەرژەوەندییە حیزبییەکان‌و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ هەڵوەستەیەکی جدیی بکات؟

د.سـەبـاح بـەرزنـجـی، ئـەنـدامـی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی‌و ئەندامی لیژنەی ئـەوقـاف‌و کـاروبـاری ئایینی، سوێندخواردن وەک پەیوەستبوونێکی یاسایی‌و ئایینیی‌و سیاسیی دەبینێت، بەشێوەیەک لەسەر کەس‌و بەرپرسەکانی فـەرزدەکـات لـەکـاتـی جێبەجێکردنی ئیشوکارو بەرپرسیارێتییەکەیان سوێندەکە رەنگبداتەوە.

بەرزنجی، وتیشی: «ئەگەر کەسێک پابەند نەبێت بە سوێندەکەوەو گومانکرا بەرپرسێک سوێندی شکاندووە، پێویستە لایەنێکی دادوەری بێلایەن لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات‌و داوای روونکردنەوەی لێبکرێت‌و جیهەتی دادوەریـش ئاگاداربکرێتەوە، هاوکاتیش شکاندنی سوێند بەپێی نییەت‌و تێگەیشتنی بەرامبەر لێکدەدرێتەوە، نەک نییەتی کەسەکە خۆی، چونکە ئەوەی سوێند دەشکێنێت بە بۆچوونی خۆی بەرژەوەندیی باڵای پێشێل نەکردووە، بەوپێیەی ئەو بەرژەوەندیی حیزبەکەی بە بەرژەوەندیی باڵا دەزانێت».

پسپۆڕێکی ئایینیی ئاماژە بەوەدەکات؛ هەرچەندە سوێندخواردن شکڵێکی رۆتینی وەرگـرتـووە، بـەڵام بەرپرسی بـاڵا، کە نوێنەرایەتی خەڵک دەکـات‌و بەرامبەر میللەتەکەی سوێند دەخوات، بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان، کە ئەگەر لێی دەربچێت بە خیانەت دادەنرێت.

### کێ خۆی لە بەرپرسیارێتی رزگار دەکات؟

د.مـحـەمـەد پێنجوێنی، پسپۆڕی ئایینی، وتی: «بەرپرسیارێتی لە روانگەی ئیسلامەوە تەشریفات‌و رێزلێنان نییە، بەڵکو ئەرک‌و تەکلیفە، کە مرۆڤ دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی گەورە، بەشێوەیەک ئەگەر پێی ناکرێت دەبێت خۆی لێ رزگار بکات، نەک وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەڵپەی بۆ دەکرێت، بەپێی شەریعەتی ئیسلامیی، ئەگەر لە دنیادا ئەرکێکت پێی سپێردراو بە باشی بەڕێت نەکرد، لە دنیادا پەشیمانبوونەوەو حەیاچوونە، لەقیامەتیش خوای گەورە سزای سەختی بۆ داناوە».

بە بڕوای ئەو پسپۆڕە ئایینییە، «ئەو بەرپرسیارێتییەی لەبەر چاوی خەڵک‌و بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵک ئاشکرا دەکرێت، جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ بەرپرسیارێتی دیکە»، کاتێک لەبەرچاوی خەڵک پابەندبوون بە ئەرکەکانت رادەگەیەنیت، دوو جار چوونە ژێر بەرپرسیارێتییە، چونکە:


یەکەم: خۆت هەڵتبژاردووە،

دووەم: بەزمانی خۆت، هەر مرۆڤێک پەیمان بـدات‌و پەیمانەکەی بشکێنێت لە روانگەی ئیسلامەوە ئەو مرۆڤە خائینەو خیانەتی بە نەتەوە، میللەت، یاساو پرەنسپی دەوڵەت کردووە».

لەبارەی ئەو نموونەی پێشتر رێبین رەسوڵ، لەسەر زاری ئەندامانی پێشووی خولی پەرلەمان هێنایەوە، کە زۆرجـار بۆ بـەرژەوەنـدیـی حیزب‌و لەژێر ناوی بەرژەوەندیی گشتیی دەنگیان بە بڕیارێک، یان پرۆژەیاسایەک داوە.

د.محەمەد پێنجوێنی، پسپۆڕی ئایینی، وتـی: «بـەرژەوەنـدیـی گـرووپ‌و حیزب بەرژەوەندیی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو هی ژمارەیەکی کەمە، ئەوە پاساو نییە کەسێک ئەو بەرژەوەندییە بەهی گشتیی بشووبهێنێت، بەداخەوە وڵاتی ئێمە گیرۆدەی ئەو جۆرە عەقڵییەتەیە، کە بەرپرسیارێتی حیزب لە شوێن بەرپرسیارێتی دەوڵـەت دادەنێت‌و دەوڵەت بەهی حیزب دەزانێت، لەکاتێکدا لە ئیسلامدا حیزب ئامرازە، نەک ئامانج، هەر کاتێک بووە ئامانج، زیانی گەورە لە کۆمەڵگە دەدات».

> «هەرچەندە پرۆژەکە کەموکورتی هەبوو، بەڵام دواجار لەبەر بەرژەوەندیی خەڵک‌و بە قەناعەتی خۆم دەنگمداوە، پێش ئەوەی دەنگیشی پێبدەم گفتوگۆی هەموو مادەکانم کردووە، تەنانەت هەندێک پرۆژەی تێدابووە پێم شەرم بووە لە بودجەدا هەبێت!»



## «پۆستی سەرۆک کۆمار، پێویستی بە رازیبوونی سەرجەم لایەنەکانە»

# حەیدەر عەبادی بۆ رۆژنامە: «لەگەڵ عێراقییە هاوپەیمان نابین»

راپۆرتی: هەستیار قادر

حەیدەر عەبادی، سەرکردەی دیـاری لیستی دەولـەتـی یاساو حیزبی دەعوە جەخت لەسەر ئەوە دەکـاتـەوە، کە یەکلاییکردنەوەی پۆستی سـەرۆک کۆمار بۆ کورد پێویستی بە رێکەوتنی سەرجەم لایەنەکانەو بەستراوە بە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقەوە.

عەبادی ئاماژە بەوەشدەکات؛ گفتوگۆکانیان لەگەڵ لیستی عێراقییە بۆ لێکتێگەیشتنە نەک بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی. سەرەڕای ئاماژەدان بە کێشەکانیان لەگەڵ لیستی ئیئتیلافدا دەڵێت: «نزیکترین لیست لە ئێمەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئیئتیلافی نیشتیمانییە».

لە سەروبەندی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیدا، ئەگەری جیاجیا دەرکەوتووە سەبارەت بە رێکەوتنی لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی لەگەڵ لیستە براوەکانی دیکەدا. حەیدەر عەبادی، سەرکردەی دیاری لیستی دەوڵەتی یاساو حیزبی دەعوە، ئاماژە بەوەدەکات؛ کێشەیان لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی نیشتیمانیدا لەسەر ئالیەتی دیاریکردنی پاڵێوراوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیـرانو بە رۆژنامەی راگەیاند: «لیستی ئیئتیلاف دەیەوێت سێ پاڵێوراو پێشکەش بکەن، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ئێمە هەریەک پاڵێوراومان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە هەبێتو پاشان دەنگیان لەسەر بدرێت».

هەرچەندە حەیدەر عەبادی ئاماژەی بـەوەدا، کە رێگە نادەن لیستی ئیئتیلاف هیچ شتێکیان بەسەردا بسەپێنێت، بەڵام جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە نزیکترین لیست بۆ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ دەوڵەتی یاسادا، لیستی ئیئتیلافی نیشتیمانییە».

سەبارەت بە دەنگۆی گفتوگۆی نـێـوان نـوری مالیکیو ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە، ئەو سەرکردەیەی دەوڵەتی یاسا رایگەیاند: «گفتوگۆکانمان لەگەڵ ئەو لیستەدا بۆ هاوپەیمانیکردن نییە، بەڵکو بۆ لێکگەیشتنو لابردنی بەربەستەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتە».

پۆستی سـەرۆک کۆماریش یەکێکە لە دۆسیەکانی دیکەی نێو پرۆسەی هاوپەیمانیکردن بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە ماوەیەک لەمەوبەر دەنگی ئەوە هەبوو لە ئێران رێکەوتنی لەسەر کرابێت، بـەڵام حـەیـدەر عـەبـادی ئـەوە رەتدەکاتەوە، کە هیچ رێکەوتنێک لە ئێران کرابێتو لەسەر ئەو دۆسیەیە دەڵـێـت: «گفتوگۆی راستەقینە لە بەغدایە، ئـەوەی لە ئێران کرا گفتوگۆی پەراوێزیی بـوو، جگە لـەوەش پێدانی پۆستی سەرۆک کۆمار بە کـورد تەنیا بە لیستی دەوڵەتی یاساوە پەیوەست نییەو دەبێت سەرجەم لیستەکانی دیکەش لەسەری کۆک بنو بەیەک پاکێچ لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی دیکەدا یەکلاییبکرێتەوە».

بڕیاری دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکانی بەغداش لەسەر داوای لیستی دەوڵەتی یاسا، بە رای عەبادی بەهۆی ساختەکارییەکی زۆرەوە بووە لە هەندێک ناوچەی بەغدا، کە بە وتەی ئەو جیاوازی هەبووە لەنێوان ئیمزای دەنگدەران لەسەر تۆماری دەنگدانو ئەو تۆمارانەی کە دەنگەکانیان پێ هەژمارکراوە، هـەروەهـا رەخـنـەی تـونـدی لە کۆمسیۆنی بـاڵاش گـرتو وتی: «جێگەی سەر سوڕمانە کە لەکاتێکدا دەسـتـەی دادوەریــی کۆمسیۆن بـڕیـاری دووبــاره ژمـاردنـەوەی دەنگەکانی بەغدا دەدات، ئەندامانی کۆمسیۆنیش گەشت بۆ دەرەوەی وڵات دەکـەنو پێموایە ئـەوە بۆ پڕنەکردنەوەی نیسابی یاسایی ئەنجومەنی کۆمسیۆنە».

# پارتی: لەگەڵ یەکێتی قسەمان لەدابەشکردنی پۆستەکان نەکردووە

شارا عەبدولڕەحمان

بەرپرسی دەزگـای هەڵبژاردنی پارتی ئاشکرایکرد، کە هێشتا قسەیان لەگەڵ یەکێتی نەکردووە بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی بەغداو کورسییە قەرەبووەکەی لیستی هاوپەیمانیمان داوە بە یەکێتی.

جەعفەر ئیبراهیم، بەرپرسی دەزگـای هەڵبژاردنی پارتی، کە هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیشە بە رۆژنامەی راگەیاند: کورسی قـەرەبـووی لیستی هاوپەیمانیی دراوە بە د.فوئاد مەعسوم، بەوپێیەی کە ئەو کاندیدەی یەکێتی دەنگێکی زۆی هێنابوو، هاوکات کەسێکی بە ئەزموونەو سەرکەوتووبووە لە سەرۆکایەتیکردنی لیستی هاوپەیمانیی لە بەغدا.

بەرپرسی دەزگـای هەڵبژاردنی پارتی ئاماژەی بەوەشکرد؛ پارتی هیچ موقابیلێکی لە بەرامبەر پێدانی کورسی قەرەبوو لەیەکێتی ناوێت.

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٣/٧ی عێراقدا، پارتی (٣٢) کورسیو یەکێتی بە کورسی قەرەبووشەوە (١٣) کورسی هێناوە، بەوپێیەش پارتی نزیکەی سێ ئەوەندەی یەکێتی بەدەستهێناوە.

سەبارەت بە دیاریکردنی پۆستە پەرلەمانیو حکومیەکان لـەسـەر بنەمای ئیستحقاقی هەڵبژاردنو سێیەک لەنێوان یەکێتیو پارتیدا، جەعفەر ئیبراهیم وتی: «تائێستا لەسەر پۆستەکانی بەغدا قسەمان نەکردووە، هەرکاتێک هاتینە سەر دابەشکردنی پۆستەکان، قسەی لێدەکەین».

# (٦) هەزار خوێندکاری دیکە هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن

هەولێر، ئاوارە حەمید

خوێندکارانی پۆلی دوانــزدەی دەرەکـیـی لە شـاری هەولێر بەهۆی بەشدارییپێنەکردنیان لە تاقیکردنەوە، هــەڕەشــەی خۆپیشاندانو مانگرتن دەکەن.

لە بەیاننامەیەکی خوێندکاراندا، کە بۆ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان نێردراوەو کۆپییەکیشی بۆ رۆژنامە نێردراوە، تێیدا هاتووە: «ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی پۆلی دوانزەیەم بە هەردوو بەشی (زانستی-وێژەیی)ەوە داوا دەکەین بەهەر شێوەیەک بێت چارەسەری گرفتی داخڵبوونی ناو ئەزموونەکانمان بۆ بکەن، چونکە لە نزیکەی (٧٥٠٠) قوتابی شاری هەولێر تەنیا (٨٠٠) قوتابی دەتوانن بەشداریی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ بکەن، کە رێژەی (١٤٪)یە، ئەمەش هیچ رەوایەتییەکی تێدا نییە کە بەمشێوەیە مافەکانمان پێشێل بکرێت، چونکە گۆڕینی سیستم تـەواو کاریگەریی دەبێت بۆ داهاتوومانو رەنگە بەتەواویی لە مافی خوێندن بێبەش بکرێین».

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەی خوێندکاراندا، دەپرسن: «ئاخۆ ئێمە هێندە زیادین لەم کۆمەڵگەیە، کە ئاوا بەوشێوەیە لە ماکینەی بێویژدانانەی بەرپرسانی پەروەردەیی بهاڕدرێین، یاخود بۆ جێبەجێکردنی سیستمێکی نوێ مافی ئێمەش پێشێل بکەن».

لە کۆتایی بەیاننامەکەی خوێندکاراندا، ئاماژە بەوە دەکەن؛ وەک سەرەتایەک هیچ خۆپیشاندانێک ئەنجام نادەین، بەڵام زۆر تکاکارین چاوێک بە داخڵنەبوونی ئەو هەموو قوتابییەدا بخشێننەوەو بڕیاربدەن کەوا سەرجەم قوتابییانی دەرەکیی بتوانن بەشداریی پرۆسەی ئەزموونی وەزاریی ئەمساڵ بکەن، ئەگینا بەپێچەوانەوە وەک مافێکی سرووشتیی خۆمان بەشێوەیەکی مەدەنیانە ناچاردەبین دەستبکەین بە مانگرتنو خۆپیشاندان لەبەردەم پـەرلـەمـانو حـکـومـەتو وەزارەتـــی پەروەردەدا».

# تائێستا لیستە کوردییەکان رێکنەکەوتوون

شارا عەبدولڕەحمان

بڕیارە ئەمڕۆ، دوایەمین کۆبوونەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجام و رێکەوتنێک ببەسترێتو تێیدا پـەیـڕەوی ناوخۆی هاوپەیمانێتییەکەو کارنامەی دانوستاندن بۆ چۆنێتیی بەشداریکردن لە حکومەتی بەغدا تەواوبکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش پڕۆژەی ئامادەکراوی سەرجەم فراکسیۆنەکان تێکەڵدەکرێن.

شـۆڕش حاجی، نوێنەری گـۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بڕیارە ئەمڕۆ، کۆبوونەوەی نێوان ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەڕێوەبچێتو تێیدا ئەو کارنامەیە تەواوبکرێت کە بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی بـەغـدا دامـانـنـاوە، هاوکات لەکۆبوونەوەکەدا پەیڕەوی ناوخۆی ئەو ئیئتیلافە کوردستانییە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەو هیوایەی بگەینە ئەنجامی یەکلاکەرەوە.

پـڕۆژەکـەی گـۆڕان کە لە دوایەمین کـۆبـوونـەوەی ئیئتیلافەکەدا گفتوگۆی لـەبـارەوەکـرا، پێکهاتووە لە سێ خاڵ، ئەوانیش (ئەو ئیئتیلافە، ئیئتیلافێکی سیاسیی ئیختیاری بێت لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا، بۆ یەکخستنی گـوتـارو هەڵوێستی کـورد لەسەر ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە دوارۆژی کوردو چارەنووسی کوردستانەوە هەیە. سەرۆکایەتیی یان پۆستەکانی ناو ئەو ئیئتیلافە، بەشێوەی دەورییو وەک یەک بۆ هەموو کوتلە سیاسییەکان بێت. دەبێت بڕیاروەرگرتن لەناو ئـەو ئیئتیلافەدا، بەتەوافوق بێت، نەک بە زۆرینەو کەمینە).

هـاوکـات، زانـا رۆستایی، نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامیی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بـۆ رۆژنـامـە وتـی: «بڕیارە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ، دوایەمین کۆبوونەوەبێت کە تێیدا بگەینە رێکککەوتنێک لەسەر تێکڕای مەسەلەکان، کۆبوونەوەکەش بە سەرۆکایەتیی د. کەمال کەرکوکی، سـەرۆکـی پـەرلـەمـان بـەڕێـوەدەچـێـت، لەحاڵەتێکیشدا کە نەگەینە رێکەوتن، کۆبوونەوەکان درێژە پێدەدەین».

لـە ئێستاشدا زۆربـــەی کارەکانی پێکهێنانی ئەو ئیئتیلافە تەواوبوونو تەنیا ئـەوە مـاوە کە پـڕۆژەی فراکسیۆنەکان یەکبخرێن، بۆئەوەی دەربکەوێت کە چۆن کارەکان بەڕێوەدەچنو ئەرکو مافەکان چۆن دابەشدەکرێنو هاوکات میکانیزمی ئیشکردن چۆن دەبێت لە بەغدا.

بە وتەی نوێنەری گـۆڕانو کۆمەڵ، پڕۆژەکانی ئەو دوو لایەنەو یەکگرتووی ئیسلامیی لەیەکترەوە نزیکنو لەسەر زۆربەی مەسەلەکان هاوڕان، بەڵام شۆڕش حاجی، ئاماژەی بەوەکرد، کە پڕۆژەکەی یەکێتی، زۆر لەوەی ئەوان جیاوازە.

کۆمەڵی ئیسلامیی، لە پڕۆژەکەیدا داوادەکات، هەر دەستکەوتێک کە کورد لە حکومەتی بەغدا بەدەستی دەهێنێت، هەر چـوار لیستەکە وەکـو هاوبەشو بەپێی ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆیان وەریبگرنو هاوکات، شایستەییو لێهاتوویی رۆڵ ببینێت بۆ پێدانی پۆستەکان بە کوردو وەزیرو بەرپرسەکان لە بەغدا، لەژێر چاودێریی ئەو ئیئتیلافەدابنو لێپرسینەوەیان لەگەڵدابکرێت، ئەمە جگەلەوەی کە لە کۆتایی پڕۆژەکەیاندا، بـاس لەحاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئیئتیلافە کـراوە کـە ئـەگـەر دوولایـەن کشانەوە، یاخود پابەندنەبوون بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو ئیئتیلافەوە، ئەوا ئیئتیلافەکە نامێنێتو هەڵدەوەشتێتەوە.



کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ نوێنەری لیستە براوەکان
فۆتۆ: KRG

# کـەی سـەرۆکـایـەتـی هـەرێـم بەدامەزراوەیی دەکرێت؟

راپۆرتی: بەهادین یوسف

پسـپـۆڕانو شـارەزایـانـی یاسایی بەپێویستی دەزانن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بەدامەزراوەیی بکرێتو کـرانـەوەی زیـاتـری هەبێت بـەڕووی خەڵکداو ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت: مەتڵەبێکی جەماوەرییە، کە سەرۆکایەتی هەرێم بەدامەزراوەیی بکرێتو سەرۆکی هەرێم لە هەولێر دابنیشێتو زیاتر بکرێتەوە بەڕووی خەڵکدا».

سەرۆکایەتی هەرێم بەپێی هەردوو یاسای ژمارە (١)ی سەرۆکایەتی هەرێمو ژمارە (٢)ی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، کە لە ساڵی (٢٠٠٥) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون، کارەکانی بەڕێوە دەبات، بەڵام لە ئێستا سەرۆکی هەرێم لە هاوینەهەواری سەلاحەدینو دیوانی سەرۆکایەتییەکەی لە هەولێر کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبەن.

د.زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: «لەڕوانگەی یاساییەوە، تارادەیەکی باش باس لەم بابەتە کراوە، بەوپێیەی سەرۆکی هەرێم بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنو تـەواوکـەری دەسـەڵاتـی یاسادانانەو هەماهەنگە لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی لە هەندێک بواری دیکەوە، بەڵام ئەگەر لەڕووی واقیعییەوە سەیری بکەین، رەنگە هیچ دەسەڵاتێک لە هەرێمدا وەکو خۆی دەقە یاساییەکان پڕاوپڕ لەگەڵ واقیعەکەی خۆیدا کۆک نەبێت».

وتیشی: «هۆکاری ئـەوەی لەڕووی واقیعییەوە دەسەڵاتەکان وەک خۆیان دەقەکان جێبەجێناکەن، ئەوەیە؛ نەمانتوانیوە لە کاریگەریی دۆخێک رزگاربین، کە لە رابـردوودا هەبووە، لە قۆناغی دوو ئیدارەییەوە کۆمەڵێک کێشە درێژبوونەتەوە بۆ ئێستا، بەنموونە بوونی جێگری سەرۆکی هەرێم، تائێستا دەستنیشان نەکراوە، بەپێی یاساکە دەبێت دەستنیشان بکرێت، کە سەرۆکی هەرێم بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خـۆی پـێـدەدات، بـەڵام بۆ لە واقیعدا تائێستا دانەنراوە؟، ئەو فەرمانبەرانەی لە دیوانی جێگری سەرۆکی هەرێمدا بوون، لەماوەی چوار ساڵی رابردووداو لانیکەم لە (٢٠٠٦)و هەمواركردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە، کە ئەمانە پێگەیان چییە، ئەمانە تەنیا زۆرکردنی ژمارەی کارمەندو فەرمانبەرانە، یان ئەمە دۆخێکی یاسایی دیکەی هەیە؟، هەندێک فەرمانبەر هەیە لە دیوانی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانن، بەڵام ئێستا خودی جێگری سەرۆکی هەرێم نییە، ئەمانە کۆمەڵێک کێشەن کە درێـژکـراوەی ئـەو دۆخە تایبەتییەن، کە لە هەرێمی کوردستاندا هەبوون».

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش دوو هەفتە پێش ئێستا دە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان، پـرۆژەی هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد.

لـەوبـارەیـەوە د.زانـا رەئـوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، وتی: «پرۆژەکە بۆ ئەوەیە پۆستی سەرۆکی هەرێم تۆکمەبێتو ئەو واقیعەی کە هەیە پڕاوپڕ بێت لەگەڵ روانگە یاساییەکەی خۆیدا، بۆئەوەی بتوانن تەواو ئەو دۆخە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنداو هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەماندا رەنـگـبـداتـەوە، کە ئەمەش دەگونجێت لەگەڵ سیستەمە پەرلەمانییەکانیدا، بۆیە هەندێک شتی دیکەی ماوە پێویستی بە تەواوکردنێکی زیاتر هەیە، بەتایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم چەند دەستی دەڕوات بەسەر سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمدا، کە دەبێت ئەوە پڕاوپڕ لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدا بگونجێت، کە هاوشێوەی وەزیرێکە لەناو کابینەیەکدا، ئەمانە رەنگە لە تەفاسیلدا کێشەی هەبێت، بەڵام لە یاساکەدا رێکخراوە، دەکرێت ئەمانە هەندێکیان بە پێشنیازی هەموارکردن پێشکەشبکرێتو هەندێکیان بە سیستەمێک، یان بە رێنماییەک، یان بە مەرسومێک لە سەرۆکایەتی هەرێم، یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە جارێکی دیکە ئەمانە رێکبخرێنەوە».

بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٥)، یاسای دیوانی سـەرۆکـایـەتـی هـەرێـم، سەرۆکی هەرێم کەسێک بـەپـلـەی وەزیـر بۆ سەرۆکی دیوانەکەی دادەمەزرێنێتو بۆی هـەیـە سیستمێکی تایبەت بەدیوانەکەی دەربـکـاتو هـەر بـەشو فەرمانگەو هۆبەیەک بەپێویست بزانێت دایبمەزرێنێت، یـان پـوچـەڵـیـان بـکـاتـەوە، هـەروەک راوێژکارەکانی بەپلەی تایبەت دادەمەزرێنێتو بۆی هەیە بەڕێوەبەر گشتییەکانی ناو دیوان دابمەزرێنێتو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکاتو خانەنشینیان بکات بەپێی یاسا.

سەبارەت بەوەی تاچەند دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لەواقیعدا هەیەو پێکهاتەکانیان دیـاریـکـراوەو بازنەو بەڕێوەبەرێتیوراوێژکارەکان دامەزراون؟، ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، وتی: «لە روانگە یاساییەکەوە دەبێت وەک دامـەزراوەیـەکـی یاسایی دیوانی سەرۆکایەتی هەبێتو سەرجەم ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچن، رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت بۆ پەسەندکردنی بەڵام رەنگە لە واقیعەکەدا شتێکی دیکە بێت، بۆیە ئێمە گریمانە دەکەین، کە دەستەی راوێژکاریی هەبێت، بۆ بوارە جیاوازەکانو سەرجەم پرۆژەیاساکان، کە ئاراستەی دەکرێت لەو روانگەیەوەیە، کاتێک پرۆژەی بودجە دەچێتە بەردەستی سەرۆکی هەرێم، دەبێت هۆکاری هەبێت بۆ پەسەندکردن، یان رەتکردنەوەی، ئومێدەوارم هەردوو حاڵەتەکە لەخۆڕا نەبێتو لەبەر دۆخێکی سیاسیی دیـاریـکـراو نەبێتو لەسەر بنەمای زانستیی بێتو بە پرسو رای راوێژکارەکانی بێت، کە ئێمە گریمانە دەکەین هەبێت».

«مەتڵەبێکی جەماوەرییە کە سەرۆکایەتی هەرێم زیاتر ببێتە دامەزراوەو بارەگای سەرەکیی لە هەولێر بێتو زیاتر کراوەبێتو خەڵک بتوانێت بچێتەلایو موقابەلەی بکات، ئەوە عەمەلیی ترەو داواکاریی هەموو لایەکیشە»

لە بودجەی پەسەندکراوی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا، میلاکاتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە (٨٠٠) کارمەند دانـراوە، کە لە ئێستادا (٤٠٠) فەرمانبەر لە دیوانی سەرۆکایەتی کاردەکەن لە هەموو پلەو پۆلێنەکانی (١-١٠)ی تێدایەو کۆی میلاکاتی سەرۆکایەتی هەرێمیش (٠,١٣٪)ی میلاکاتی هەرێمی کوردستانە بەهەموو وەزارەتو دەستەو سەرۆکایەتییەکانەوە، کە لە میلاکی بەشێک لە وەزارەتو دەستەو دیوانەکانی دیکە زیاترە.

هاوکات خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد: بینای سەرۆکایەتی هەرێم لە هەولێرە، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی لەوێ دەوام ناکاتو لە هاوینەهەواری سەلاحەدین دادەنیشێتو بە رۆژنامەی وت: «مەتڵەبێکی جەماوەرییە کە سەرۆکایەتی هەرێم زیاتر ببێتە دامەزراوەو بارەگای سەرەکیی لە هەولێر بێتو زیاتر کراوەبێتو خەڵک بتوانێت بچێتەلایو موقابەلەی بکات، ئەوە عەمەلیی ترەو داواکاریی هەموو لایەکیشە».

سـەبـارەت بە مامەڵەشیان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم وتی: «وەکو دەزگا سەرۆکی هەرێم، یاسا دەسەڵاتی پێداوە کە راوێژکارەکانی دابمەزرێنێت، بەڵام پەرلەمان لەگەڵ خودی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا تەعامولی کردووە، هەرچەندە بڕوای خۆیشی نیشاندا: «ئەو یاسایانەی لە پەرلەماندا چوونەتە بەردەستی بە راوێـژکـاریـی لەگەڵ راوێژکارەکانیدا پەسەندیکردووە، یان رەتیکردووەتەوەو گوێشی لەلایەنە مەعنییەکانی وەک رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان لایەنە زیانمەندو سوودمەندەکانی ئەو یاساو بڕیارانەش سەردانیان کردووەو رای خۆیان پێوتووە».

د.شۆڕش حەسەن، پسپۆڕی یاساییو دەستووریی ئاماژە بـەوە دەکـات؛ کە سەرۆکایەتی هەرێمو دیوانەکەی بەپێی یاسا رێکخراوەو پێویستە سەرۆکی هەرێمو دیوانەکەی شوێنی کارکردنی رەسمیی لەناو پایتەختدا بێت، چونکە هەمیشە سـەرۆک لـەنـاو پایتەخت دادەنیشێت، هەروەک هەست بەوە ناکرێت سەرۆکایەتی هەرێم وەک دامەزراوەیەکی قانوونی خۆی لەهەموو لایەنەکانی ژیان بە بەرپرس بزانێت لە هەرێمداو زیاتر مۆرکی حیزبیی پێوە دیارە.

ئەو پسپۆڕە یاساییە بۆ رۆژنامە وتی: «بەپێی یاسای سەرۆکایەتیو رەشنووسی دەستووری هەرێمیش سەرۆکی هەرێم لەلایەن هاوڵاتییانەوە هەڵبژێردراوەو دەسەڵاتی فراوانە، بەوپێیەش پێویستە خەڵکی پسپۆڕ لەهەموو بوارەکاندا لە دیوانەکەیدا هەبێت، چونکە بەرپرسی راستەوخۆی دەسـەڵاتـی جێـبـەجێـکـردنـە لـە هـەرێـمـی کـوردسـتـانداو دەسـەڵاتـی فـراوانـەو سەرۆکێکی رەمـزی نییە، بەڵکو سەرۆکێکی فیعلییە، مادام بەو شێوەیە پێـویـسـتـە ئـەو دەزگـایـەی سەرۆکایەتی تێدا رێکدەخرێت دەزگایەکی فیعلی بـێـت، خەڵکانی دیـارو پسپۆڕی هەبێت لە هـەمـوو بـوارەکـانـی یاساییو دارایـیو زانستیی، پێویستی بەوە هەیە ئەو قانونانە دێتە بەردەستی، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەردراوە، یان ئەو داخوازییانەی لەلایەن خەڵکەوە بۆی بەرزدەکرێتەوە راوێژکارو کەسە پسپۆڕەکانی راو پێشنیازی خۆیانی لەسەربدەنو لەسەر رای ئەوان سەرۆکی هەرێم بڕیار بدات، چونکە هیچ کەسێک نییە پسپۆڕیو شارەزایی لە هەموو بوارەکاندا هەبێت، بـەڵام ئێستا هەستدەکەیت سەرۆکایەتی هەرێم ئەو خەڵکە پسپۆڕو شارەزایە لەخۆ ناگرێتو دابڕان هەیە لەنێوان دیوانی سەرۆکایەتیو خەڵکدا بەهۆی ئەوەی مەوقیعەکەی لەدەرەوەی پایتەختی هەرێمە».

لە مادەی (٩)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: سەرۆکی هـەرێـم دوای هـەڵـبـژاردنو پێش دەستبەکاربوونی لە ئەرکو فەرمانەکانیدا لەماوەی (٧) رۆژدا لە رۆژی هەڵبژاردنییەوە ئـەم سـوێـنـدەی خـوارەوە لـەبـەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق (پەرلەمانی کـوردسـتـان)دا دەخـوات: (سوێندبێ بەخوای مەزن، پارێزگاری لە مافەکانو دەستکەوتەکانو یەکڕیزییو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکەمو ئەرکو فەرمانەکانم بە دروستییو دڵسۆزیی ئەنجام بدەم).

د.شـۆڕش حەسەن بەپێویستیشی دەزانـێـت: «سەرۆکایەتی هەرێم وەکو ئەنجومەنی وەزیـرانو پەرلەمان لەناو پایتەخت بێت بەوپێیەی کاریگەریی زیاتر دەبێت، پەیوەندیی راستەوخۆی زیاتری دەبێتو لەلایەن خەڵکانی تایبەتمەندەوە سەردانی زیاتری دەکرێت».

لـە پـرۆژەی هـەمـواری سێیەمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیشدا، کە فراکسیۆنی گۆڕان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، داواکراوە سەرۆکی هەرێم دوای دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەیدا دەستبەرداری پۆستە حیزبییەکەی بێتو زیاتر خۆی بۆ کاروباری سەرۆکایەتیکردنی هەرێم تەرخان بکات.

بـەڕای د.شـۆڕش حەسەن، دەبێت سەرۆکی هەرێم ئەوە لەبیرخۆی بباتەوە، کە سەرۆکی حیزبە، چونکە پێش ئەوەی سەرۆکی حیزب بێت، سەرۆکی هەرێمەو لە هەڵبژاردندا بـەدەنـگـی (٧٠٪)ی خەڵکی کوردستان هەڵبژێردراوەو دەبێت خۆی بە بەرپرسی هەموو خەڵک بزانێت وەکـو دامـەزراوەیـەکـی دەستووریی هەڵسوکەوت بکات، راستە لە حیزبێکی دیاریکراوەوە هاتووە، بەڵام چۆن سەیری بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەی دەکات، بەهەمانشێوە سەیری بەرژەوەندیی حیزبەکانی دیکەو میللەت بکات، چونکە ئەو بەرپرسە بەرامبەریانو سوێندی یاساییشی خواردووە، کە پارێزگاریی لە بەرژەوەندیی باڵای میللەت بکات».






## لەودیوی رووداو

مەم بورهان قانع

# میدیای سێبەر

لەگەڵ یادی ١١٢ی رۆژنامەنووسیی کوردیو لەچەند رۆژی رابردوودا، قسەو باسی هەندێ لە رۆژنامەنووسان، نیشاندانی نیگەرانی بـوو سـەبـارەت بـەو ناوەندانەی راگەیاندن؛ کە لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە دروستکراونو بە «راگەیاندنی سێبەر» ناودەبرێن.

سەرەتا، وا چاکترە ئاماژە بەقسەی سەرنووسەری گۆڤارێکی مانگانە بکەم (کە گۆڤارێکی سێبەرە)؛ کە چەند رۆژێک لەمەوبەر لەیەکێک لەدەزگاکانی راگەیاندندا وتبووی «لەبری ئەوەی یەکێتی پارەی دیوەخانانە بدات، باشترە ئەو پارەیە بداتە من؛ تاکو دەزگـا راگەیاندنەکەمی پێ بەڕێوەببەم».

دەهێنێ ئیستێک لەسەر ئەم گوتەیەو «راگەیاندنی سێبەر»دا بکەین..

یەکێک لە خەوشە دیارەکانی ئەمڕۆی میدیای کوردی، بوونی ئەو میدیایەیە؛ کە هەندێ بەمیدیای سێبەری ناودەبەنو بەئیعاز کاردەکاتو بەپارەی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە دەردەچنو بەبێ بوونی یاسایەک لەپارلەمانەوە، بەشێکیان لەلایەن حکومەتی هەرێمو ئەوانی تریشیان لەلایەن حزبەوەو لەبودجەی خەڵکی کوردستان، کۆمەکدەکرێنو ئۆتۆمبێلی دوایین مۆدێل بۆ سەرنوسەرو بەرپرسەکانیان دەکڕدرێتو هاوکات چاودێریی دارایی چەندین راپۆرت سەبارەت بەگەندەڵی نێو هەندێ لەو دامـەزراوانـە بۆ حکومەتی هەرێم بەرزدەکاتەوەو دەزگا پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگاداردەکاتەوە، کەچی هیچ رێوشوێنێکی ئەوتۆی یاساییان بەرانبەر ناگیرێتەبەر.

هەربۆیە، ئەم خەوشەی میدیای کـوردی، کە هەندێ ناوەندی رۆژنامەنووسیی، میدیای سێبەرنو ئیدیعای ئەهلیبوونو سەربەخۆبوون دەکەن، ئەوە لەیاددەکەن لەڕێی حزبو حکومەتی هەرێمو بەپارەی خەڵکی کوردستانو بەمیزاجی بەرپرسێکی دیاریکراو، پارەیان بۆ سەرفدەکرێت، کە ئەمەیش وایکردوە ئەو دەزگایانەی رۆژنامەنووسیی، لەبری ئەوەی دەزگای رۆژنامەنووسیی پرۆفێشناڵ بن، میدیای بەسیاسیکراونو دواجار ئەمەیش وادەکـات، ئەم ناوەندانە، نەتوانن ئەرکو پەیامە پیرۆزەکەی میدیا راپەڕێننو بەرپرسیارانەو بێلایەنانە، قسە لەسەر ئەو کێشەو خەمانە بکەن؛ کە ئەرکی هەر ناوەندێکی میدیایە بیانخاتەرو.

«میدیای سێبەر»، کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا بەزەقی هەستی پێدەکرێتو بوونی هەیە، ئەو حیکایاتانەمان بۆ دوبارەدەکاتەوە کە لەرژێمە دیکتاتۆرییەکانداو لەژێر ئیدیعاکردن بۆ بوونی فرە میدیایی، پارەیەکی خەیاڵیی بۆ هەندێ ناوەندی میدیایی دیاریکراو، تەرخاندەکرێتو لەرێیانەوە تەسفیەی حسابات دەکـرێـتو بەشێکیشیان بۆ سوکایەتیکردن بەهەندێ کارەکتەری سیاسیو خەڵکانی رۆشنبیرو توێژێکی دیاریکراو دەردەچــن، سەرباری سوکایەتیکردن بەهەندێ حزبی دیاریکراوی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان.

ئەمە، میدیایەکە خاڵیکراوەتەوە لەئیتیکی رۆژنامەنووسییو ناکرێت لەسایەی ئەمجۆرە میدیایانەدا، قسە لەسەر ئەرکی میدیایی بکەین، لەکاتێکدا پارەیەکی زۆریان لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ هەڵدەرێژرێتو ئەم پارە هەڵرشتنەش بۆ ئەمجۆرە دەزگا میدیاییانە، گومان هەڵناگرێت زیانی زۆر لەوە زیاترە کە بۆ دیوەخانەکە هەڵدەرێژرێت. لەبەرئەوەی:

وەک زۆربەی لێکۆڵەرەوەو شارەزایانی بواری میدیا دەڵێن: میدیا، چەکێکی دوو سەرەیەو ئەگەر نەزانیت بەکاریبهێنیتو بەباشی ئاڕاستەی بکەیت، بەشداری لەتێکشکاندنو روخاندنی کۆمەڵگەدا دەکات، بۆیە ئەمجۆرە میدیا ئاڕاستەکراوانە، کە لێوانلێون لەنابەرپرسیارێتی، لایەنگیریکردن، تەلاقدانی ئێتیک، چەواشەکردن...، بەشداری لەشێواندنی حەقیقەتەکاندا دەکەن، سەرباری ئەوەیشی کە سوکایەتیکردنە بەپیشەی پیرۆزی رۆژنامەنووسیی.

کەواتە: هەر پشتگیریکردنێکی حزبەکانی کوردستانو حکومەتی هەرێم لە «میدیای سێبەر»، یەکێکە لەو تاوانانەی نەک بەتەنها دەرهەق بەمیدیای کوردی دەکرێتو هێندەی تر ئەم رەوتە میدیاییە لەکوردستاندا دەخاتە بەردەم بارێکی ناتەندروستەوە، بەڵکو تاوانێکیشە بەرانبەر بەکۆمەڵگەی کوردی دەکرێتو میدیا، کە موڵکی هەموانەو داکۆکیکاری خەڵکەو بەنوێنەرایەتیی خەڵکو وەک دەسەڵاتی چوارەم، چاودێریی خەوشەکانی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو هێزە سیاسییەکان دەکات، بەم کارە، ئەم میدیایانە لەخەڵک وەردەگیرێنەوەو لەو ئەرکە مەدەنییو گرنگەی دادەماڵرێت، هەروەکچۆن لەهەر سیستمێکی دیکتاتۆریدا هەیە.

بۆ ئەوەی بەم ئەزموونە نەوترێت، ئەزموونێکی دیکتاتۆر (هەرچەندە بڕوامایە پەراوێزێکی ئازادیی رۆژنامەنووسیی تێدایە)، پێویستە دەسەڵات لەهەر هەوڵێک دوربکەوێتەوە؛ کە ئامانج لێی دروستکردنی میدیای سێبەر بێت،و هەر هەوڵێکیش بۆ ژیاندنەوەو دروستکردنی ئەمجۆرە میدیایانە، بەشداریکردنە لەناشیرینکردنی ئەم ئەزموونەدا، کە دەسەڵات بەئەزموونی «دیموکراسیی هەرێم»ی ناودەبات.

# هێشتا دوو ئیدارەیی ڕەواجی هەیە

# د.بەرهەم: باڵادەستی حیزب بەسەر حکومەتدا، دووئیدارەیی هێشتووەتەوە

**ڕاپۆرتی: سەنگەر کوردە**

**هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیە، ئەوەش جگە لەو ڕەنگدانەوە زەقەی بە ئاشکرا بە هەیکەلی حکومەتو بەشێکی دەزگاکانەوە دەبینرێتە ئۆپۆزسیۆنیش جەختی لێدەکەنەوە، خودی بەرپرسە باڵاکانی حکومەتو هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان دانی پێدا دەنێنو تەرخانکردنی بودجەی جیاوازیش لە پەرلەمانەوە شەرعیەت پێدانو بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە.**

## دەسەڵاتداران دان بە دوو ئیدارەییدا دەنێن

هەرچەندە بەشێکی بەرپرسانی حکومەتو یەکێتیو پارتی لە لێدوانو شوێنی جیاجیادا ڕەتی دەکەنەوە دوو ئیدارەیی بە حکومەتەوە دیاربێتو ئاماژە بە یەکخستنەوەی بەشێکی وەزارەتەکان دەکەن لە هەردوو کابینەی پێنجو شەشی حکومەتو باسیش لە هەوڵەکانی پێکەوەنانی کەلێنەکان دەکەن، بەڵام لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئاماژە بۆ بوونی دووئیدارەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەنو تەرخانکردنی پارە لە بودجەی گشتیی بۆ دوو لایەنی هاو «کار» لە سنووری ژێر دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی بەجیا بە یەکێک لە پاساوەکانیان لەقەڵەمدەدەن بۆ دەنگنەدانیان بە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان.

دووئیدارەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای ئەو جەنگەماڵوێرانکەرەی نێوان یەکێتیو پارتی دێت، کە هەزاران هاوڵاتیی کوردی تێدا بوونە قوربانییو بەشێکی زۆری کوردەکان لە خاکێکی سێ پارێزگاییدا ئاوارەبوونو «کرانە دوژمن».

بەرپرسانی باڵای هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان ئێستا بەزەقی دان بەوەدا دەنێن، کە حکومەت هێشتا یەکینەگرتووەتەوەو دووئیدارەییە، ئەوەش پێچەوانەی ڕای بەشێکی بەرپرسانیانە، کە لەکاتە هەستیارەکانی وەک بانگەشەی هەڵبژاردندا ئاماژەی بۆدەکەن.

د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە پەراوێزی کردنەوەی تەلاری بازرگانیی کاسۆ مۆڵ لە شاری سلێمانی، نەیشاردەوە؛ کە حکومەت هێشتا دوو ئیدارەییەو وتی: «لەم وڵاتەدا کۆمەڵێک کێشەو گیروگرفتی گەورە هەنو پێموایە؛ شاراوە نییەو خەڵکی کوردستان نیگەرانیی هەیە لەو کێشەو گیروگرفتانە، کە باڵادەستیی حیزب بەسەر حکومەتو دوو ئیدارەیی، دوو پێشمەرگەیی، دوو ئاسایشو دوو دارایی، ئەمانە هەموو کێشەی گەورەنو پێویستیان بە چارەسەر هەیە».

لەلایەکی دیکەشەوەو لە نوێترین دیداریدا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هەفتەنامەی ڕووداو دەڵێت: «تائێستا دوو ئیدارەیی لە کوردستاندا هەیە، ئەگەر دوو ئیدارەیی نەبوایە مەعقول نەبوو نانی خەڵک ببڕدرێتو کەس نەتوانێت قسەی لەسەر بکات، تائێستا دوو ئیدارەیی لە هەموو شتەکاندا هەیە، لە دارایی، لە پێشمەرگە، لە ئاسایش، ڕاستە هەنگاو هەیە بۆ یەکخستنیان، بەڵام تائێستا شتێک دیار نییە، ئەمە واقیعێکە تائێستا لە کوردستان هەیە، لە کابینەی پێنج هەبووەو ئێستاش هەیە».

هەروەها بە ئەولەویەتی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی دەزانێت دوو ئیدارەکە یەکبخەنەوەو دەڵێت: «بەڕاستی تائێستاش لە کوردستاندا لە هەموو شتەکاندا زۆر بەڕوونیو ئاشکرا دیارەو تەنانەت ئێستا خەریکە لەجیاتی ئەوەی ئەم دوو ئیدارەییە کەمبێتەوە، زیاتریش دەبێت لە زۆرشتدا، لە هەموو شتەکاندا وای لێهاتووە بەداخەوە ئەمە واقیعێکەو ئەگەر بڵێین؛ دوو ئیدارەیی نەماوە، ڕاست ناکەین»، ئاماژە بە ئاستەنگە حیزبییەکان دەکات لەکاتی سەرۆکایەتیکردنی کابینەی پێنجەمداو دەڵێت: «هیچ وەزیرێک متمانەی بە وەزیرێکی دیکە نەبوو»، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە؛ هەر هیچ نەبێت دەبێت بەوە دڵخۆشبین «هەندێک هەنگاو هەیە بۆئەوەی لەهەموو ڕوویەکەوە دامودەزگاکان یەکبخرێن».

لەلایەکی دیکەشەوە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی، ئاماژە بە درێژەکێشانی دووئیدارەیی دەکاتو دەڵێت: «ئەم دەرفەتەی بۆ خەڵکی کوردستانو سەرکردەکانی هاتووەتە پێشەوە بۆ هیچ لە شۆڕشەکانی پێشووتری کورد دروست نەبووە، بەڵام بەداخەوە، نەمانتوانی سوود لەم ١٩ ساڵەی تێپەڕبوو وەربگرینو نەمانتوانی لەو ماوەیەدا هێزێکی یەکگرتووی حکومەتی کوردستان دروستبکەین»، پێشیوایە ئێستا هەمان ئەزموونی ساڵی ١٩٩٢ دووبارە دەبێتەوە، «کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٥٠ بە ٥٠ لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، هێزی ئاسایشیش بەهەمانشێوەو بودجەی داراییەکەشمان، هەر بە دووبەشی ماوەتەوە».

هەروەک دووئیدارەیی بە شەرم دەزانێتو لەوبارەیەوە کۆسرەت ڕەسوڵ دەڵێت: «دووئیدارەیی زۆر شەرمە بۆ کورد، چونکە ئێستاش هەر هاوڵاتییەک لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی سەفەر بکات، لە بازگەکان هەست دەکات، دوو هەرێمی جیاوازە».

ئاسۆ کەریم، وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: «کاربەدەستانی حکومەت خۆیان نکۆڵیی لەوە ناکەن، کە ئاسەواری دوو ئیدارەیی لە کوردستان بەو شێوەیە ماونەتەوە»، بەڵام سووربوونیش لەسەر ئەوە هەیە، کە بیانەوێت ئەو ئاسەوارە وردە وردە نەهێڵرێت، بۆئەوەی حکومەتێکی تەواو یەکگرتوو هەبێت لە هەموو بڕگەو جومگەکاندا.

## یەکێتیو پارتی، ناتوانن یەک ئیدارەبن

هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری پارتیو یەکێتی، کە لەژێر ناوی لیستی کوردستانیدا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانیان پێکهێناوەو پێکهێنەری کابینەی حکومەتن، (٤) ساڵە ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان هەیە لەژێر ناوی (ڕێکەوتنی ستراتیژیی)، بەڵام ئەو ڕێکەوتنە نەبووەتە هۆی ئەوەی دوای پێکهێنانی دووکابینەی حکومەت هاوهەڵوێست بنو ئیدارەکان یەکبخەنەوە، بەشێوەیەک تائێستا (وەزارەتی دارایی، دیوانی چاودێری دارایی، پێشمەرگە) یەکنەخراون.

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەکەی سەر بە پارتی بوو، لە (٤٢) وەزیری تەوافوقیدا هەوڵیدا دوو ئیدارەیی نەهێڵێت، بەڵام تا کۆتاییهاتنی (٤) ساڵی حوکم، ئەو هەوڵە بە ئەنجام نەگەیشت، هەروەها دووئیدارەیی بۆ کابینەی شەشەمی حکومەتیش درێژەی کێشاو تائێستا چەند وەزارەتو لایەنێکی پەیوەندیدار هەن، کە یەکلاییەنەکراونەتەوەو بودجەو بەڕێوەبەرو کاری جیاوازیان هەیە.

یەکێک لە خاڵەکانی هۆکاری پەسەندنەکردنی بودجە لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە، وەک لە دوا ڕاپۆرتیاندا هاتبوو: (بۆچی بودجەمان پەسەند نەکرد) شێوازی دوو ئیدارەییە، کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە «یەکخستنی بودجەی هەموو ئەو وەزارەتو دامودەزگایانەی سیمای دوو ئیدارەییان پێوە دیارە، هەرچەندە ئەم پێشنیازەش وەک مادەیەکی یاسایی لەسەر داوای فراکسیۆنی گۆڕان خرایە دەنگدانەوە، بەڵام دوای هەمواركردنی لەلایەن هەردوو لیژنەی یاساییو داراییەوە بەشێوەیەکی ناڕۆشن دەنگی لەسەر درا، چونکە لە کاتێکدا فراکسیۆنی گۆڕان یەکگرتنەوەی هەموو ئەو دامودەزگایانەی وەک پێشمەرجی سەرفکردنی بودجەکانیان پێشنیاز کرد، بەڵام لە مادە پێشنیازکراوە هەموارکراوەکەدا تەنیا باس لە یەکخستنەوەی بودجە کرا، نەک یەکخستنەوەی ئیدارە».

د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەباری شەفەیيو تیۆرییەوە بانگەشەی ئەوە دەکرێت ئیدارە یەکخراوەتەوە، بەڵام ئەو نووسراوە فەرمیانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دارایی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئەوەی دوو ئیدارەیی هەیە، جگە لەوەی تا لە کوردستاندا دوو دیوانی چاودێری داراییو دوو دەزگای مینو دوو داراییو دوو ئاسایشو دوو پێشمەرگەو دوو پۆلیس هەبێت، گومان لە مەسەلەی مانەوەی دوو ئیدارەیی وەکو واقیعێک لە ئێستای کوردستاندا شتێکی حاشا هەڵنەگرەو هیچ هێزێک ناتوانێت بڵێت، یەک ئیدارە هەیە».

ئەو پێیوایە: یەک ئیدارەیی تەنیا بریتی نییە لەوەی بینایەک بێنیتو لە تابلۆیەکدا ناوێکی لەسەر دابنێیت، چونکە یەک ئیدارەیی بریتییە لەو فەرمانانەی لە پشتی ئەو تابلۆیانەوە دەردەچێت لە سەرانسەری کوردستاندا، لە زاخۆوە تا کفری بەیەک شێوە جێبەجێ بکرێت، «بەڵام ئەوەی لە کوردستان ڕوودەداتو بە واقیعی دەیبینین چ لە وەزارەتی پەروەردە، چ لە خوێندنی باڵاو ئاسایشو ناوخۆو داراییو باقی وەزارەتەکانی دیکەش چۆن دوو حیزبی هەیە، بەهەمانشێوە دابەش بووە بەسەر دوو ئیدارەشدا».



فۆتۆ: ڕۆژنامە

## فشاری پەرلەمان

پسپۆڕان بەپێویستی دەزانن پەرلەمان بەدواداچوون بکاتو فشارێکی جدیی دروستبکات بۆئەوەی حکومەت بە تەواوی یەکبخرێتەوە.

پەرلەمانتارەکەی کوردستانیی لەگەڵ ئەوەی باس لە کاریگەرییە خراپەکانی یەکنەگرتنەوەی ئیدارە دەکات، دەڵێت: «لە بوونی پاشماوەیەکی دوو ئیدارەیی، خەڵک حەز بە ئەمان ناکاتو پێیانوایە؛ حکومەتی یەکگرتوو نییە، جگە لەوەی کاریگەریی لەسەر کارایی دەبێتو لە کۆمەڵێک ڕووەوە کاریگەریی هەیە، بەڵام دەبێت بە وریاییەوە ئەوە ئەنجامبدرێت، ئەوەش کاری هەرسێ سەرۆکایەتییەکەو حکومەتە ئەوە بکاتو کاری پەرلەمانە بەدواداچوونی بۆ بکات».

هەروەک ئاماژە بەوە دەکات، کە جەختیان لەوە کردووەتەوە لە ماوەی (٦) مانگدا ئەو دەزگایانە یەکبخرێتەوە، ئەوەش ماوەتەوە بۆ حکومەت کە هەنگاوی جدیی بۆ بنرێت، «بەڵام دەبێت ئێمە واقیعیی بینو نابێت پەلەپەل بکرێتو دەبێت زەمینەسازیی بۆ بکرێتو هەنگاوەکان پتەوبن بۆئەوەی زیانو ئاسەواری نێگەتیڤیان لێبکەوێتەوە، بۆیە لە ڕاستیدا پێویست دەکات پەرلەمانتار بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکات».

بەڵام د.جەعفەر، پێیوایە: پەرلەمان دەزگایەکە لەژێر هەژموونی تەواوی حیزبدایەو وتی: «ئۆپۆزسیۆن لەم خولەی سێیەمی پەرلەماندا چەندین جار ئەو باسەی هێناوەتە پێشەوەو قسەی لەسەر کراوەو دواجار لەناو پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵدا وەکو مادەیەک جێگیر کراوە، کە لەماوەی (٦) مانگدا هەموو دەزگایانەی حکومەتی هەرێم، کە یەکیاننەگرتووەتەوە یەکبخرێنەوە، بەڵام من گومانم لەوە هەیە، کە تا مانگی (حوزەیران) هیچ یەکێک لەو دەزگایانە یەکبخرێنەوە».

## ئیرادەی بەهێز نییە بۆ یەکگرتنەوە

بەشێک لە چاودێران پێیانوایە: ئیرادەیەکی بەهێز نییە بۆ یەکگرتنەوەی حکومەتو کارکردنی یەکێتیو پارتی-ش، بە هۆکار دادەنرێت.

هەرچەندە ئاسۆ کەریم، پێیوانییە: ئیرادەیەکی بەهێز نەبێتو دەڵێت: «پەرلەمانتاران بە کۆی دەنگ دەنگیان بۆ یەکگرتنەوە دا، کەواتە ئیرادەیەکی بەهێزو کۆدەنگییەک بۆ ئەوە هەیە».

بەڵام د.جەعفەر، پێیوایە: نەبوونی ئیرادەی ئەو حیزبانەیە، کە متمانەی تەواویان بەیەک نییەو حکومەتیان پێکهێناوە، چ لە ڕابردوو، چ لە ئێستادا، «کاتێکیش ئیرادەو متمانە نەبوو ناتوانیت ئیدارە بکەیت بە یەک، ئەو حیزبانە کاتێک لەسەر شاشەی تیڤی بانگەشەی یەک ئیدارەییو کۆمەڵێک ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی دەکەن، لە ژوورە تاریکەکانو لەودیو چاوی خەڵکەوە بەجۆرێکی دیکە کاردەکەن، کە زۆر جیاوازە لەو گوتارانەی ئاراستەی خەڵکی دەکەن، بۆیە کاتێک ئەم دوو متمانەیە نەبووە بەیەکو تائێستا ئیش لەسەر بنکەکانی یەک دەکەنو هەوڵدەدەن ئیدارە بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاربهێنن، بۆیە ڕەنگە بەئاسانی نەتوانن ئیرادەیەکی وا بە وجود بێننو ئیدارە یەکبخەنەوە، چونکە لای ئەوان ئیدارە بریتییە، لە هەڵگری پەیامێکی سیاسیی بۆ خەڵک، تا بتوانن بنکەی جەماوەرییو حیزبیی پێ فراوان بکەن، کەواتە بە پلەی یەکەم بەو ئاراستەیە کاری لەسەر دەکەن، نەک بە ئاراستەی خزمەتکردن».

لای خۆشیەوە کامەران مەنتک، مامۆستای زانکۆ، یەکگرتنەوەی تەواوەتی بە شتێکی ئاسان نازانێت، بەوپێیەی وەک ئەو باسیدەکات؛ یەکگرتنەوەکە لەڕووی دەسەڵاتێکی سیاسییەوە دانراوە، کە (١٢) ساڵە ئیدارەی کوردستانیان دابەشکردووە، جگە لەوە ڕەگی دابەشبوونەکە زۆر قووڵترە، کە بۆ نیو سەدە بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، وتیشی: «بۆیە کاتێک بەرپرسەکان ڕایدەگەیەنن، کە دەکرێت ئەو دوو ئیدارەیە یەکبگرێتەوە، من پێموایە: ئەوە فریودانی خەڵکو هەڵخەڵەتاندنی جەماوەرە، چونکە ئەو دوو ئیدارەییە ناتوانێت یەکبگرێتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو دوو لایەنە ئیرادەی سیاسییان نییەو ململانێکانیشیان هێندە قووڵبووەتەوە باوەڕیان بەوەیە نەتوانن یەک ئیدارەبن».

ئەو لەو بڕوایەشدایە بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، ئەگەر کورد بیەوێت یەک ئیدارە بێت، تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەبێت «ئەوەش کاتێک، کە هێزێکی نوێ بێتە سەر دەسەڵاتو دەنگدەری کورد هێندە هۆشیاربێت بتوانێت دەنگ بە هێزێکی نوێ بدات، بۆئەوەی ئەو دوو هێزە نەبنە ئەوەی چیتر خەڵک چاوەڕێی ئەوەیان لێبکات یەکبگرنەوە، یان نا، چونکە لە هەموو وڵاتانی دنیاو گەلانی پێشکەوتوودا، ئەگەر کەسانێک نەتوانن ئیدارەی حکومەتێک بکەن، خەڵک دەنگیان پێنادات، بۆیە ئەوەندەی ڕۆژنامەو ڕۆشنبیرو خوێنەری کورد کار لەسەر ئەوە دەکات ئەو دوو ئیدارەیە یەکبگرێتەوە، پێویستە کار لەسەر ئەوە بکات ئەڵتەرناتیڤێک بدۆزێتەوە، چونکە مەعقول نییە دوای دوو سەدە ئەزموونێکت بۆ دروست ببێت، ئەوانە بە ئارەزووی خۆیان یاریی پێدەکەنو ئێستاش دوای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن ئامادەنین یەکبگرنەوە».

مامۆستاکەی زانکۆ لێدوانی بەرپرسان بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارە بە درووشمی سیاسیی لە قەڵەم دەداتو پێیوایە؛ بەرپرسەکان ناتوانن بڵێن، یەکناگرینەوە، هەروەک بەهۆی ئەو ئەزموونەوە دووپاتی دەکاتەوە، کە یەک ئیدارەیی لەسایەی ئەو دوو حیزبە نایەتەدی، وتیشی: «ئەگەر میللەتی کورد یەک ئیدارەیی دەوێت، لە هەڵبژاردنی داهاتوو گرەو بخەنە سەر هێزێکی دیکە تەنیا بەوشێوەیە کێشەی دوو ئیدارەیی نامێنێت».

> **ئەو دوو ئیدارەییە ناتوانێت یەکبگرێتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی ئەو دوو لایەنە ئیرادەی سیاسییان نییەو ململانێکانیشیان هێندە قووڵبوونەتەوە باوەڕیان بەوەیە نەتوانن یەک ئیدارەبن**

# ئەیوب بارزانی:

# دەرفەتێکی ئاڵتوونیی لەبەردەم بزووتنەوەی گۆڕاندایە

سازدانی سیروان ڕەشید

(٢-٢)

**ئەیوب بارزانی مێژوونووسو ئامۆزای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بەشی دووەمی ئەم چاوپێکەوتنەدا تێڕوانینی بۆ دۆخی کورد لە چوار ساڵی داهاتوو لەبەغداو تەحەددییەکانی بەردەمی دەخاتەڕوو، هەروەها بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان دەخاتەڕوو.**



**ئایا لۆژیک لەوەدا هەیە کە دراوسێکەت بە جدیی مامەڵەت لەگەڵدا بکات، کاتێک هەست بە بوونی گەندەڵییو پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیو ساختەکردنی ئیرادەو ڕێوشوێنە ڕەشبگیرەکانی ناو ماڵەکەت بکات؟**

**ڕۆژنامە: خوێندنەوەت بۆ پێگەی کورد لە عێراقی چورساڵی دادێ چۆنە، ئایا هیچ سیناریۆیەکی مەترسیدار بۆ کورد لە بەغدا پێشبینی دەکەن؟**

* بێگومان هێشتا مەترسیی لە ئارادایە، کە پێویستە حسابی بۆ بکرێتو هێشتا فیکرە شۆڤێنییەکان بەهێزە لەنێو گرووپە نەتەوەییە عەرەبییەکاندا، بەتایبەت لەنێو پاشماوەکانی حیزبی بەعسدا، ئەوانە لە پشت دروشمو ڕێکخستنە نوێکانەوە کاردەکەن، لەنێویاندا حیزبە ئایینییەکان بۆ شاردنەوەی ناسنامە کۆنەکە، ئەمەش لەلایەن ئەو دەوڵەتە عەرەبییە سوننییانەوە پشتگیریی دەکرێت، کە دژ بە نفوزی شیعەن لە عێراقو ئێراندا، هەروەها تورکیاش کە دەروازەی باکوورە بۆ بەستنەوەی هەرێمی کوردستانو عێراق بە جیهانی ئەورووپاوە، کاریگەریی ئابووریی‌و سیاسیی گەورەی هەیە لەسەر کوردستانو پەیوەندیی نائاشکراشی لەگەڵ سەرکردە حیزبییەکانی کوردستاندا هەیە، کە تەنیا کەسانێکی کەم لە پەرلەمانو گەلی کورد ئاگادارن، هەروەها تورکیا ڕۆڵی هەواڵگریی هەیە لە کوردستانداو دزەکردنی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاش لە کوردستان بەهێزن، ئێرانیش ڕۆڵی گەورەی هەیە لە ناوچە شیعەنشینەکانو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیی‌و ئایینییە کوردییەکانو چەند دەنگێکیش لە بەغدا هەیە، کە داوای گۆڕینی هەندێک لە مادەکانی دەستوور دەکەن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کوردو پێدەچێت هاوپەیمانیی لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکانی پەرلەمانی عێراق پێکبهێنرێت، بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەریی کورد لەسەر هاوکێشەی حوکمڕانیی عێراق، ئەوەش بەدوور نازانرێت لەدوای کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لێکتێگەیشتنێک لەنێوان بەغداو تارانو دیمەشقو ئەنقەرەدا بێتەکایەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی، بەداخەوە من پێموایە سەرکردایەتی کورد زۆر لەو پرسە چارەنووسسازانە بچووکترن کە نوێنەرایەتی دەکەنو نەبوونی ڕەگەزەکانی ڕەهەندی شارستانیی‌و جیۆستراتیژیی لە مامەڵەیاندا لەگەڵ بەغداو واشنتۆن بەدیدەکرێت.

**ڕۆژنامە: لەدوای هەڵبژاردنی (٣/٧)، عێراق چ جۆرە شوناسێک وەردەگرێت، یاخود ئاراستە دەکرێت، ئایا پێتانوایە دیموکراسی‌و لیبراڵییە یاخود مەزهەبییە، یان ناسیۆنالیستییە؟**

* کارێکی ئاسان نییە لە وڵاتێکی وەک عێراقداو لە بارودۆخە سیاسییەکەیدا سەرکەوتنی گەورە لە هیچکام لەو لایەنانە بەدی بێت، کە لە پرسیارەکەتدا هاتووە، من پێشبینی ناکەم عێراق بێتە وڵاتێکی نەتەوەیی ڕەها یان ئایینیی ڕەها یان ڕێچکەی دیموکراتی لیبراڵی بگرێتەبەر، ڕۆحی مەزهەبی‌و نەتەوەیی‌و عەلمانی کاریگەریی یەکلاییکەرەوەی هەیە لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی ئێستای عێراقداو کارێکی ئاسانیش نییە هێڵەکانی تایەفەگەریی تێپەڕێنرێت بەبێ کەوتنە نێو نەتەوەیی بەرتەسکەوە، بۆیە پێموایە کە باری تێکهەڵکێشی‌و ڕکابەریی لەنێوان ئەو ڕەوتانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوە، زۆرێک پشت بە جۆری دەسەڵاتدارەکانو کەسێتییە خاوەن کاریگەرییەکان دەبەستن لە گۆڕەپانی سیاسیداو عێراقیش بەشێوەیەکی بەردەوام کێشەی نەبوونی دەستەبژێرێکی سیاسیی هەبووە، کە پەیوەست بێت بە بنەماکانی دیموکراسییەوە، دستەبژێری دەسەڵاتدار بەرەو ڕەگەزە عەشایریی‌و تاییفی‌و مەزهەبییەکەی گەڕاوەتەوەو نەچووەتە سەرووی ئاستی کێشەکان لە کۆمەڵگەی عێراقیداو بۆماوەیی تاییفی‌و نەتەوەیی‌و ئایینی بەرتەسک سیستمی هاوپشکی (موحاسەسە) بەرهەمدەهێنێتو لەویشەوە گەندەڵیی سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەگەڵ دیموکراسیەتی لیبراڵیدا یەکناگرێتەوە، ئەو گەیشتنەی کە بەدوای هەڵبژاردنی ئازاری ئەمساڵدا هات، ئاستی پێوەری سەرکردە عێراقییەکانی دەرخست بۆ گرنگیی دەوڵەتانی دراوسێ لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، تائێستا ناسنامەی عێراقی بەدەست بێهێزییەوە دەناڵێنێت لەبەردەم ناسنامەی مەزهەبی‌و تاییفی‌و عەشایریدا، سەبارەت بەوەش کە پەیوەندیی بە ڕەوتی دیموکراسی لیبراڵییەوە هەیە پێویستی بە چینی ناوەندی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرفراوانو ڕۆشن هەیە، وەک مەرجێکی پێشوەختی هێنانە کایەی دیموکراسیەتی لیبراڵی.

**ڕۆژنامە: ئەگەر ئاراستەی سیاسیی عێراق بە ئاقاری هەریەک لەوانەدا بڕوات، چ کاریگەرییەکی دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

* گرنگە لایەنی کوردی، کە خۆبوونیادنانەوەو ڕاوەستان لەسەر پێگەیەکی بەهێز بێنێتەکایەوەو تائێستا ئەمە نەهاتووەتەدی بەهۆی بچووکیی ڕۆڵی سەرکردە کوردەکانی هەواداری نازناوی سەرۆک یان سەرۆکی بەڕێز، ئەمەش پانتاییەکی گەورەی لە وزەو دارایی دەوێت بۆ گرەنتی ئەو پۆستە، لەپاش نزیکەی لە بیست ساڵ هێشتا ئابووریی کوردستان بەبێ ژێرخانی کشتوکاڵیی‌و پیشەسازییەو ڕێژەی پشتبەستنیش بە ئابووریی دەوڵەتانی دراوسێ زیاد دەکات، کە ڕێز بۆ مافەکانی گەلی کورد دانانێن، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی‌و خراپیی بەڕێوەبردنو هەژموونی بەرژەوەندیی خێزانیی، ڕۆڵی کورد زۆر بێهێز دەبێت لە جێگیرکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێنەوە بۆی ڕەخسا، کاتێک کە بونیادی بەرەیەکی ناوخۆیی بەهێز دەکرێت، کە دەستەبژێری سیاسیی بوێرانە سەرکردایەتی بکەن، کە بەئاگابن لە بەرژەوەندیی درێژخایەنی گەلەکەی، دەکرێت دوای ئەو هەنگاوە مافەکانی گەلی کوردو کاریگەربوون لەسەر ڕەوتی سیاسیی گشتیی عێراق بچەسپێت لەبری ئەوەی کە کەسانێکی دیکە کاریگەرییان لەسەرمان هەبێتو پێگەمان دیارییبکەن.

**ڕۆژنامە: ئەم هەڵبژاردنە تاچەند کاریگەریی کردووەتەسەر ریفۆرمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا؟**

* گەلی کورد بەئاگابووەتەوە لە گرنگیی هەڵبژاردنو ڕۆڵی تیایدا، پێموایە چاکسازیی لە سیستمی سیاسیدا کە پێویست بوو سەرکردایەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئەنجامیان بدایە، ئەرکی بونیادنانی دیموکراسی بووە، ئەرکێک لە ئەستۆی جەماوەری کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕان، یان بەشێوەیەکی دیکە ئەوە بنکەی جەماوەرییە کە بەرگریی لە ڕۆڵی بەدیهاتنی دیموکراسی‌و ئازادیی ڕادەربڕین دەکات لە بری ئەو سەرکردانەی کە لەدژی دەوەستنەوەو هاوکێشەکە تەواو پێچەوانەیە، گەلی کورد ئێستا شەڕی دیموکراسی دەکاتو دسەڵاتدارانیش بەرەنگاری خەبات دەبنەوە لەپێناو دیموکراسیدا، ئەمە دەستکەوتێکی گرنگە بۆ یەکەمجارە گەلی کورد لە چوارچێوەی هەڵبژاردندا خەبات دەکات لەپێناو وەرگرتنی دەستکەوتی ئازادیی‌و مافەکانی لە ژیانی دیموکراسی لە چنگی دەسەڵاتدارەکاندا.

**ڕۆژنامە: جیاواز لە ڕابردوو، ئەمجارە لایەنە سیاسییەکانی هەرێم جۆرێک لە پرۆژەو گوتاری هاوبەشیان هەیە بۆ بەغدا، خوێندنەوەت چۆنە بۆ ئەم هەوڵانە؟**

* پێموایە ڕێکەوتنی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستانەوە دەستپێدەکات، جدییەت لە هەر ڕێکەوتن یان گوتارێکی هاوبەشدا نابینرێت لە بەغدا، لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان بەهای دیموکراسی پێشێل بکەیتو بەرەی کوردی لەتوپەت بکەیت، خۆڕێکخستنەوەی ماڵی کورد هەنگاوی یەکەمە بەرەو مامەڵەکردنێکی جدیی‌و هاوسەنگ لەگەڵ بەغدادا، هەر بۆیە ماڵ یەکەمینەو دواتر دەبێت ڕوو لە دراوسێ بکەیت، ئایا لۆژیک لەوەدا هەیە کە دراوسێکەت بە جدیی مامەڵەت لەگەڵدا بکات، کاتێک هەست بە بوونی گەندەڵیی‌و پێشێلکردنی مافی هاوڵاتی‌و ساختەکردنی ئیرادەو ڕێوشوێنە ڕەشبگیرەکانی ناو ماڵەکەت بکات؟، کورد بە چەکی دیموکراسی‌و ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلو کۆتاییهێنان بە کەساندنی دەسەڵاتو پرسە چارەنووسسازەکانییەوە بەهێزدەبێت.

**ڕۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی نوێ لەماوەی ڕابردوودا هەڵەو سلبیاتەکانی چی بووە؟**

**گەلی کورد ئێستا شەڕی دیموکراسی دەکاتو دەسەڵاتدارانیش بەرەنگاری خەبات دەبنەوە لەپێناو دیموکراسیدا**

* تائێستا بەرەو پیرەوەچوونی جەماوەر بۆ گۆڕان بەهێزتر بووە لە بەرەو پیرەوەچوونی گۆڕان بۆ جەماوەر، پێویستە ئێستا گۆڕان بەشێوەیەکی بەرفراوان بچێت بەرەوپیری جەماوەرو گرنگە کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنی خێرا بکرێت، چونکە مەترسیی تێدایە، لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا گۆڕان توانی قورسایی خۆی لە پارسەنگی سیاسیی کوردستانو عێراقدا بسەلمێنێتو ئەو سەرکەوتنە خێرایانەش، ئەگەر هەیە سەرکردەکانی بەرەو جۆرێک لە متمانەی ڕەها بەرێت، کە دەرهاویشتەی پێشووی کاری خەباتگێڕیی یان کەمتر گوێبیستی بێت لە ویژدانی خەڵکو پێداویستییەکانی، ئەمەش کارێکی مەترسیدارە کە چەندین سەرکردە لە مێژوودا دووچاری بوون، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی لایەنگریی جەماوەریان، پێموایە ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە گۆڕان بیسەلمێنێت کە گوێگرێکی باشی گازندەی هاوڵاتییانەو نزیکترینە لە هیواو ئاواتەکانیانەوە، بەوپێیەش پێویستە میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ پەیوەندیی دوولایەنی‌و پێگەیشتن لە سەرەوە بۆ جەماوەرو لە جەماوەریشەوە بۆ سەرکردەو توانای ئیستیعابکردنی ڕەگەزی گەنجو نوێی هەبێت لە گۆڕەپانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و ڕۆحیدا چالاکیان بکات.

**ڕۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان ئێستا پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە، ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئۆرگانیزە بکرێت، ئایا لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینیی؟**

* دەرفەتێکی ئاڵتوونیی لەبەردەم گۆڕاندایە بۆ بنیادنانی قۆناغی دوای حیزبە ستالینییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پێموایە کە حیزبە سۆسیالیستییەکان لە فەرەنسا، بەریتانیا،ئەڵمانیا،سویدو سویسرائەزموونی باشیان پێشکەشکرد، کە دەتوانرێت سوود لەو ئەزموونەیان وەربگیرێت بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان، ئەمەش هاوکار دەبێت بە تێرکردنی ڕێکخستنەکان بە خوێنی نوێ بەشێوەیەکی بەردەامو ڕێ لە تاکڕەویی دەسەڵاتیش دەگرێت، ئەمە جگە لەوەی کە دەرفەتی ڕکابەریی شەریفانە دێنێتە کایەوەو کەسانی لێهاتوو دەباتە پۆستە گرنگەکانەوەو خێرا گونجاندیش لەگەڵ گۆڕانکارییە نێوخۆیی‌و نێودەوڵەتییەکاندا دروستدەکات، هەروەها پێویستە ڕەگەزەکانی سەرکردایەتی بەرفراوانبکرێت، تا هەموو کوردستان بگرێتەوە لە قەتیسبوون لە لۆکاڵیی‌و تایبەتمەندییە تەسکەکان دووربکەونەوەو سیاسەتی یەکێتیی گەلی کورد بە هەند وەربگیرێتو پاشماوەکانی ململانێی حیزبیی تێپەڕێنرێت، کە کوردستانی پارچە پارچە کرد بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی ڕژێمی سەدام حسێن بۆ دوو ناوچەی ناتەبا، کە تائێستاش ئاسەواری ماوەتەوە.

## بۆ بەردەم داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان

بۆ بەردەم داواکاری گشتی، لاپەڕەیەکی تایبەتەو لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوەو تیایدا چەندین بەڵگەنامەی ڕەسمیی بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە هەدەردانی سامانی گشتیی وڵاتو بەپێویستی دەزانێت داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ بکاتو کەسانی بەرپرسو کەمتەرخەم ڕووبەڕووی دادگا بکاتەوە

# لە ئەمریکا دەژیو لە کوردستان مووچە وەردەگرێت!

رۆژنامە

لەم ژمارەیەدا ناوەڕۆکی نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی سلێمانی بە ژمارە: (د/٣٣٨ لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٠) کە ئاراستەی بەڕێوەبەری ئاسایشی کردووە، دەربارەی جێگرێکی بەڕێوەبەری گشتیی لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ڕێگاوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی، بڵاودەکەینەوە کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە لەدەرەوەی وڵات دەژیو لە کوردستان وەک فەرمانبەر مووچەی وەرگرتووە ئەوەی خوارەوە دەقی نووسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانییە، کە وەکو خۆی بڵاومانکردووەتەوەو تەنیا ناوی جێگری بەڕێوەبەرە گشتییەکەمان لابردووە.

**بۆ/ بەڕێز بەڕێوەبەر**
**بابەت/ زانیاری لەسەر (ر.ع.س) ماوەی (٧)مانگە لە ئەمریکا شووی کردووەو لێرە مووچە وەردەگرێت**

بەڕێزتان ئاگادار دەکەین (ر.ع.س) جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بۆ یاسا لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ڕێگاوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی (لای فولکەی ئاسکەکان) کە توانا کەمال جەلال، بەڕێوەبەری گشتییە، دەرچووی کۆلێژی یاسای ئێوارانو یەکەم دامەزراندنی بە پلەی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بووە، یەکەمجار لە دەزگای پڕۆژە تایبەتییەکانی ئاوەدانکردنەوە دامەزراوە، دوایی بەهەمان پلە هاتووەتە سەرەوە کە شایستەی ئەو پلەیە نەبووە، ناوبراو خەڵکی ناوچەی ماوەتی شارباژێڕەو لە مانگی (٢٠٠٨/١٢) شووی کردووە بە کوڕێکی هەولێری لە عەشیرەتی کاوانی کە لە ئەمریکا دەژی، لە مانگی (١٢)ەوە ناوبەناو دەوامی کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئیشو کاری سەفەرکردنی بۆ ئەمریکا بۆلای دەستگیرانەکەی، دواجار لە مانگی (٢٠٠٩/٣)دا بەیەکجاری ڕۆیشتووە بۆ (ئەمریکا)و لەوکاتەوە تا ئێستا دەرگای ژوورەکەی داخراوەو نەدراوە بەکەسو هەموو مانگێکیش مووچەکەی بۆ سەرفدەکرێت بە هەموو دەرماڵەو شتەکانیەوە کە بڕی مووچەکەی (١،٧٠٠،٠٠٠) ملیۆنێکو حەوت سەد هەزار دینارە بێ دەرماڵە، بەردەوام لێرە مۆڵەتی بۆ تازە دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی خۆی بێتو ئیمزا لەسەر داواکردنی مۆڵەتەکەی بکاتو جارێکیش نەهاتووەتەوە کوردستانو زۆرجاریش لەو بەڕێوەبەرێتییە پێویستیان بە ژوورە، بەڵام ژوورەکەی ئەو ناکەنەوە، ئایا کەسێک بۆ شووکردن بڕواتە وڵاتی ئەمریکا، دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان؟ بەڕێوەبەری گشتیی (توانا کەمال جەلال) خۆی ئیشەکانی بۆ دەکاتو خۆی بە نووسراو داوا لەوەزارەت دەکات مۆڵەتی بۆ بکەن بە مووچەی تەواوەوە کە وێنەی نووسراوی خۆیانو فەرمانی کارگێڕیو ڕەزامەندیی وەزارەت هاوپێچی ئەم نووسراوە دەکەین.

بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزماندا

هاوپێچ/ سێ وێنە لە نووسراوی ڕەسمیی بەڕێوەبەرێتیی ناوبراو لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەربارەی مۆڵەتی ناوبراو بەمووچەی تەواوەوە.

**عەقیدی ئاسایش**
**لێپرسراوی بەشی دامودەزگا**
**٢٠٠٩/١١/١٠**

کێ لەم پرسە بەرپرسیارە؟ جێگرێکی بەڕێوەبەری گشتیی، لە مانگی ٢٠٠٨/١٢ەوە لە ئەمریکا بژیو دەوامی نەکردبێت، کەچی بەدرێژایی ئەو ماوەیە، مووچەکەی وەرگرتبێتو کەس لێی نەپرسیبێتەوە؟

دوای ئەو ماوە دوورودرێژە، لە ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٧)دا بە نووسراوی ژمارە (٣١٤) بە ئیمزای توانا کەمال جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی، ئەو جێگری بەڕێوەبەرە ئاگادارکراوەتەوە بۆ دەوامکردن لە ماوەی (٧)ڕۆژدا، ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی کوردستان بێتو بۆ ماوەی (١)مانگ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت. کەچی (٤) ڕۆژ دوای ئەو ئاگادارکردنەوەیە، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتیی دیوان، فەرمانگەی کاروباری کارگێڕییو دارایی، بەڕێوەبەرێتیی کارگێڕی بەنووسراوی ژمارە (٧٣٧) لە ڕۆژی (٢٠١٠/١/٢١) بڕیاریداوە بە پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە لە ڕۆژی (٢٠١٠/١/٧ تا ٢٠١٠/٤/٧).



# چەندین ملیار دۆلار لە بودجەی هەرێم، بەهەدەر دەدرێت

رۆژنامە

پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی بودجەی (٢٠١٠)ی پەسەندکرد، لەکاتێکدا بە بۆچوونی بەشێک لە پەرلەمانتاران حکومەت پڕۆژەیاسای بودجەی ڕەوانەی پەرلەمان کردبوو بێئەوەی پلانێکی ستراتیژیی لەگەڵ بێت دەربارەی ئەو ئامانجانەی کە ئەم بودجەیە دەیانپێکێتو ئەو کێشانەی چارەسەریان دەکات.

### چارەنووسی زیاتر لە (٦)ملیار دۆلار ئاشکرا نییە

چارەنووسی زیاتر لە (٦)ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دۆلار لە بودجەکەدا ناڕوونە، کە ملیارێکو (٤٠٠)ملیۆن دۆلاری پارەی گلدراوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکە، کە هاتووەتە هەرێم بێئەوەی ئاشکرابێت کە چۆن سەرفکراوەو بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی بەغداش، تا ساڵی (٢٠٠٩) ئەو پارەیە تەسویە نەکراوە لەلایەن هەرێمەوە، ئەمە جگە لەو (٥)ملیار دۆلارەی کە حکومەت لە داهاتی گرێبەستە نەوتییەکان دەستیکەوتوونو تائێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە وردیی ڕوونی نەکردووەتەوەو ئاشکرای نەکردووە لەچیدا خەرجدەکرێت.

### پارەی پڕۆژە بەردەوامەکانی (٢٠٠٩) چی لێهات؟

(٤٦٨) پڕۆژەی بەردەوام هەن، لە بودجەی (٢٠١٠)دا هەن کە ساڵی ڕابردوو، پارەیان بۆ تەرخانکراوەو هیچیان بۆ خەرجنەکراوە ئەمساڵ دووبارە پارەی دیکەیان بۆ تەرخانکراوەتەوە کە نزیکەی ملیارێک دۆلارە، لەو پڕۆژانەش (وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان (٨)پڕۆژە، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیش (٦) پڕۆژە، وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی (١٠)پڕۆژە، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن (٢)پڕۆژە، وەزارەتی ڕۆشنبیریو وەرزشو لاوان (١٦)پڕۆژە، وەزارەتی پیشەسازیو وزە (٣)پڕۆژە، وەزارەتی ناوخۆ (١١)پڕۆژە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن (١١٦)پڕۆژە، شارەوانیو گەشتوگوزار (٢٢)پڕۆژە، وەزارەتی تەندروستی(١٩) پڕۆژە، وەزارەتی پەروەردە (٣٤)پڕۆژە، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی (١٩)پڕۆژە، وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو (١٣)پڕۆژە، وەزارەتی کارەبا (١٠٨)پڕۆژە، وەزارەتی داراییو ئابووریی (١٤)پڕۆژە لەگەڵ (٤٩)پڕۆژە لە چوارچێوەی پڕۆژەکانی فریاکەوتنی ئاوارەکان، وەزارەتی پلاندانان (٥) پڕۆژە، وەزارەتی وەبەرهێنان (٥)پڕۆژە، وەزارەتی پێشمەرگە هەموو پڕۆژەکانی کە (٨)پڕۆژەن ئەو گوژمەپارانەی بۆیان تەرخانکراوە لە (٢٠٠٩)دا خەرجنەکراونو ئەمساڵ بۆیان دانراوەتەوەو لە (٣)ملیارو (٣٩٤)ملیۆنەوە کەمکراوەتەوە بۆ (٢)ملیارو (٥٤٤)ملیۆن دینار).

### یەک پڕۆژە دوو بودجەی زەبەلاح

لە پڕۆژە بەردەوامەکانی (٢٠١٠)دا هاتووە، دابینکردنی (١١٢)ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دینار بۆ پڕۆژەی ئاوی دهۆک، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بە وتەی عەبدوڵڵای مەلا نوری، پەرلەمانتاری گۆڕان، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە ڕوونکردنەوەیەکیداو لە بەردەم پەرلەمانیشدا شانازیی بەوەوە کردووە کە لە داهاتی نەوت، (٩٧)ملیار دیناریان بۆ پڕۆژەی ئاوی دهۆک تەرخانکردووە.

بەپێی ڕوونکردنەوەی وەزیر بێت یان (١١٢)ملیار دینارەکەی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار، یان (٩٧)ملیار دینارەکەی وەزیری سامانە سروشتییەکان یەکێکیان ناڕاستنو پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

### ونبوونی هاوسەنگیی نەتەوەییو ناوچەیی لە بودجەکەدا

لەلایەکی دیکەوە نایەکسانی لە دابەشکردنی پڕۆژەکاندا بەدیدەکرێت، (٧٣) پڕۆژەی بەردەوامی کەرکوکو (٩)پڕۆژەی خانەقین خراونەتە سەر پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی، لە کاتێکدا بە وتەی کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، پێویستبوو ئەو پڕۆژانە لەسەر پڕۆژەکانی هەرێم بن نەک سلێمانی، چونکە لە بنەڕەتدا خانەقین سەر بە پارێزگای دیالەیەو بودجەی پارێزگای کەرکوکیش لەسەر هەرێمی کوردستان نییە.

لە بەرامبەر کەمکردنەوەی پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانیو خستنەسەری پڕۆژەی ناوچە دابڕاوەکانن، پڕۆژەکانی هەولێرو دهۆک زیادکراون کە بەتەنیا دهۆک لە (٤٠٪)ی بودجەکە دەبات.

لەوبارەیەوە د. دلێر حەقی شاوەیش، سەرۆکی لیژنەی دارایی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، پێیوابوو کە دانانی ئەو پڕۆژانەی خانەقینو کەرکوک لەسەر پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی، تەنیا مانەوەی مۆرکی دوو ئیدارەییە کە تائێستا ماوەتەوەو نەتوانراوە کێشەی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت.

### پڕۆژەی وەهمیی

پەرلەمانتاران گومانیان لە ڕاستی هەندێک لە پڕۆژەکان هەبوو، لەوانە وەک سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی پەرلەمان دەڵێت، پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگای ڕەزڵە-گوڵان-دۆڵپەموو کە (١) ملیارو (٢٤١)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (٤٧٣)ملیۆنی بۆ خەرجکراوەو بۆ ئەمساڵیش (٧٦٨)ملیۆنی بۆ دانراوە، پڕۆژەیەکی وەهمییەو دوورە لە ڕاستییەوە.

هەروەک لە خاڵی (٢١)ی پڕۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار، بڕی (١)ملیارو (٥٩١) ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی سەیدسادق، کە بۆ ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (١)ملیارو (٤٨٢)ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوەو بۆ ساڵی (٢٠١٠) ش (١٠٩)ملیۆن دیناری دیکەی بۆ دانراوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە محەمەد ڕەئوف، سەرۆکی شارەوانی سەیدسادق، بێئاگایی خۆی لەو پڕۆژەیە نیشانداو بۆ ڕۆژنامە وتی: «پڕۆژەی قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی سەیدسادق هەبوو کە لەسەر بودجەی هەرێمایەتی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا کراوەو وەک شارەوانیش پڕۆژەی قیرتاوکردنو شۆستەکردنی کۆڵانەکانی ناوشار بە بڕی (٨٣٠)ملیۆن کە بەدوو کۆمپانیا جێبەجێکرا، ئەو پڕۆژەیەش تەواوبووەو وەرگیراوەو ئەو پڕۆژانەی باسی لێوەکراوە لە پڕۆژەی بودجەدا ئاگاداری نیم».

### دروستکردنی مۆنۆمێنتێک بەرامبەر بە دروستکردنی (٨٠٠)خانووە

لە پڕۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠١٠) ی وەزارەتی داراییو کاروباری ئابووریدا هاتووە، پڕۆژەی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر کە (٢٥)ملیارو (٩٤)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، لە کاتێکدا لە پڕۆژە پێشنیازکراوەکانی وەزارەتی ئەنفالو کاروباری شەهیداندا بۆ دروستکردنی (٦٠٠)خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان، (٢١)ملیارو (٦٠٠)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، واتە مۆنۆمێنتەکە (٤)ملیاری لە (٦٠٠)خانووەکەی کەسوکاری ئەنفالکراوان زیاترە، بەوپێیەبێت، پارەی دروستکردنی مۆنۆمێنتێک لە هەولێر بەرامبەرە بە دروستکردنی (٨٠٠)خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان، خەمڵێنراوە.

### نالۆژیکی داهاتەکانی ناوخۆی کوردستان

کۆی داهاتی خەمڵێنراوی کوردستان بۆ ساڵی(٢٠١٠)، (٣٨٤)ملیارو (٦٧٩)ملیۆن دینارە بۆ هەموو بوارەکانی (ڕسومات، گومرگ، داهاتی ئاو، کارەبا، داهاتەکانی زەویو کرێی شارەوانییەکانو ئەوقافو وەزارەتەکانی دیکە...).

لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا داهاتی کارەبا بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، بە (١٠٠)ملیار دینارو (٥٢)ملیۆن دینار دیاریکراوە، کەچی مەزندەی ئەو داهاتە بۆ ساڵی (٢٠١٠) تەنیا (٥٥)ملیار دینارە، واتە بە ڕێژەی (٩٩،٩٤٪) داهاتەکە دابەزیوە. لە کاتێکدا کە بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کارەبا، (٧٥٠)هەزار کڕیاری کارەبا لە هەرێم هەیە، بەمپێیە بێت، بۆ یەک مانگ، هەر خانوو یان دەزگاو دامەزراوەیەک کە کڕیاری کارەبانو بەکاریدەهێنن مانگانە، (٦)دیناری چاپی عێراقی کرێی کارەبای دەبێت.

هاوکات، داهاتی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار بۆ ساڵی(٢٠٠٩)، (٣١)ملیارو (٧٩)ملیۆن دینار بوو، بۆ ساڵی (٢٠١٠) داهاتەکە بووەتە (٣٠٧)ملیۆن دینار، واتە داهاتی ئەم وەزارەتەش کەمیکردووە، وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی بۆ ساڵی(٢٠٠٩) داهاتەکەی (٥)ملیارو (٨٩٤) ملیۆن دینار بووەو لە ساڵی (٢٠١٠)دا داهاتەکەی کەمبووەتەوە بۆ (٢)ملیارو (٦٨٣)ملیۆن دینار، واتە کەمتر لە (١٪)، وەزارەتی کشتوکاڵیش (١،١٧٪) داهاتەکانی کەمیکردووە.

# ـێت چی بـکـات؟



# هێزێکی نوێ
# تێڕوانین بۆ گۆڕان بە پیتی گەورە

مەریوان عەلی *

گرنگترین دەستپێکو بیرکردنەوە بۆ گۆڕانکاریی ڕاستەقینەو ڕیشەیی، ڕێکخستنی هێزەکانە لەو شوێنو کاتو بوارانەی کە پرسی گۆڕانکاریی وەک ڕۆحێکی سیاسیو فریادرەسێکی ئەخلاقیو کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابووریی، مەرجی مانەوەی ژیانـێکـی سیاسیانەی تەندروستیان پێدەبەخشێت، ڕاستییەکەی مەبەستمان لە ڕێکخستنی هێزەکان ئەو بوارانە نییە کە تایبەتە بە هێزی چەکدارو سەربازو سیخوڕییو دەزگاکانی هەواڵگریی... هتد، بەڵکو مەبەستمان لەو توخمە سەرەکیانەیە، کە دواتر هەر خۆیان وەک هێزێکی بەشەریو مەعنەوییو سیاسی دەبنەوە نەواتی گۆڕان، ئەم هێزانە هێزێکی مەدەنیو سیاسین، هێزێکن لە پێش دەسەڵاتەوە زەمینەی دیموکراسیەت دەخوڵقێنن، زەمینەیەک کە دواتر هێزە بەرهەڵستکارەکان لەسەری چەکەرە دەکەنو دەبنەوە کەرەستەی گۆڕان، یانی بەبێ دیموکراسیو باوەڕهێنان بە بوونی بەرامبەرو ئەگەری دەستاودەستکردنی دەسـەڵاتو لێپرسینەوەو ئاشکراکردن، نە دەسەڵات دەتوانێت سیاسەت بکاتو نە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش دەتوانن گۆڕانکاریی بخوڵقێنن، وەک دەرئەنجامێکی سەرەتایی ئەم وتارە بۆمان ڕووندەبێتەوە بۆچی دەسەڵاتداران هەرگیز بە دیموکراسیەتی ڕاستەقینەیان پێ قبوڵناکرێت، چونکە هەر ئەو کەشە زەمینەی گۆڕانکاریی ڕاستەقینەو ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە دەخوڵقێنێت.

هەڵبەت بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕان گەلێک ئەگەرو ڕێگەی جیاوازمان لەبەردەمدایە، دروست کۆی ئەو ئەگەرو ڕێگانەش پەیوەندیی بـەوەوە هەیە، کە گـۆڕان دەرچـوونـە لە بارودۆخێکی چەسپاوی مۆنۆپۆڵکراو، بۆ دۆخێک کە هێشتا چوارچێوە گشتییەکەی دەرنـەکـەوتـووە، واتـە پرۆسەی گـۆڕان لە هـەر کایەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریدا ئەنجامبدرێت، بەوە دەستپێدەکات کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ئیرادەی ئەوەیان هەبێت، خەیاڵێکی سیاسییان هەبێت جیاواز لەوەی دەسەڵات، بیرکردنەوەیەکیان هەبێت بۆ ڕوکنە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ئایندە جیاواز بێت لە دەسەڵاتی ئێستا، ئەم پرسە ئەگەرچی بە چاودێرییەکی وردی دەسەڵاتی ئێستا دەستپێدەکات (هەڵبەت بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن نەکەوێتە هەمان هەڵەو کەموکوڕییەکانی دەسەڵات)، بەڵام هاوتەریبە لەگەڵ دەستبردن بۆ کام خاڵ هەستیارو گرنگە، کام هێزی سیاسی کە پێشتر هێزەکانی دیکە (زەمەنی شەڕی ناوخۆی لێدەرچێت) هیچ هێزێک جورئەتی ئەوەی نەبووە لەسەر کەموکوڕییو گەندەڵییو تاوانەکانی دەسەڵاتداران بێتە قسەکردن، ئەو هێزەی بەم نەفەسە لەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەی ئێمەدا کاربکات، بێ شک هێزێکی نوێیە، هێزێکە دەبێت بوێرانە لەسەر هەموو ئەو مەسەلانە بێتە قسەو لە قووڵایی ئەو کێشەو گەندەڵییو لادانە سیاسیو ئیدارییو ئابوورییو ئەخلاقیانەی هەیە، بێتە قسەو سەنگەرێکی مەدەنیانەی سپی لە دەسەڵاتداران بگرێت، سەنگەرێک بیسەلمێنێت دیموکراسیەتی هەرێم پابەندە بە بوونی ئۆپۆزسیۆنەوە نەک دەسـەڵات، دیموکراسیەتی ڕاستەقینە دانپیانانە بەو هێزە نوێیە، نەک دژایەتیکردنو تەخوینکردنیان، چونکە لە ڕووی لۆژیکی سیاسییەوە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی مەدەنیانەی بەهێز، دەتوانێت ڕێگر بێت لە ئاشووبو تەقینەوەی سوورو ڕووداوی نەخواستراوی کوتوپڕ، یانی بوونی ئۆپۆزسیۆن، بوونی دڵنیاییە بۆ دەسەڵاتو بۆ کایە کۆمەڵایەتییەکان، بوونی کەلەبەرێکە بۆ خاڵیکردنەوەو دەربڕینی هەرچی ڕقو کینەو ناعەدالەتییەکە، کە دەسەڵات ڕۆژانە جێبەجێی دەکات، ڕاستییەکەی بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی، وڵات لەبەردەم هەڕەشەی جەنگێکی ناوخۆییدا ڕادەوەستێت، لەبەردەم دووڕیانێکی ترسناکدا خۆی دەبینێتەوە یان شەڕی براکانو خوێنڕشتن، یان حیواری براکانو یەکتر قبووڵکردن، ئەگەر برینە قووڵەکان نەکولێنینەوە، بە کورتی ئـاوڕ لە شـەڕی ناوخۆی نێوان (یەکێتیو پارتی)و لایەنەکانی دیکە بدەینەوە، دەرئەنجامێکی دروستی ئەم بۆچوونەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، دۆخی پێش شەڕی ناوخۆ، دۆخـی فرەکوێخاییو فرە دەسـەڵات بوو، واتە هەموو هێزە سیاسییەکان لە شوێنی خۆیانەوە خۆیان بە دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا دەزانـی، هەرچی پەیوەندیی بە دوو زلهێزە سەرەکییەکەی کوردستانەوە هەبوو، خۆیان بە دەسەڵاتداری یەکەم دەزانی، لەم دۆخەدا شتێک نەبوو ناوی ئۆپۆزسیۆن بێت، بەڵکو تەنیا دەسەڵات هەبوو، کە لە چەند جوگرافیایەکی تەسکی جیاوازدا دابەشبووبوون، نەبوونی ئۆپۆزسیۆن واتە نەبوونی نێوەندێک کە ڕێگریی بکات لە توندوتیژییو پێکدادان، لە دەرئەنجامی ئەو فرە دەسەڵاتیەو غیابی ئۆپۆزسیۆن شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا.

ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە، ئۆپۆزسیۆنێکی شەرمن نییە، ئۆپۆزسیۆنێکی چاوکراوەو بەهێزو نەترسە، دروست هێزێکە مل بۆ هیچ فشارێکی سیاسیو ئابوورییو دەسەڵاتدارێتیی نـادات، داکۆکیکارێکی سەرسەختە لە مافە گشتییەکان، دەرئەنجام ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە تاکە هێزە کە توانای گۆڕانکاریی هەیە لە سیستمی سیاسیو فەرمانڕەوایەتیدا، ئەم هێزە مەرجی گۆڕانی ڕاستەقینەیە، لەکاتێکدا هەموو ئەو گۆڕانانەی لە ڕێگەی توندوتیژییو کودەتاو هێزی سەربازییەوە ئەنجامدەدرێت، گۆڕانێکی شکڵیو تێپەڕن، کە تەنیا کورتدەکرێتەوە لە گۆڕینی دەمـوچـاوەکـانو حیزبەکانو کەسایەتییەکان، گۆڕانی ڕاستەقینە، گۆڕانێکی

**ئەوەی وادەکات ئەو هێزە نوێیە مژدەبەخشو ڕووناککەرەوەی ئاسۆکان بێت، تەسلیمنەبوونیەتی بە هەر جۆرە ڕێکەوتنێکی هاوشێوەی ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی یەکێتیو پارتی**

بەرنامە بۆ داڕێژراوی درێژخایەنە، کار لەسەر ئەو ژینگەیە دەکـات کە پێویستە بە وردو درشتییەوە بچینە خوارێ، یانی دەستکاریکردنو بیرکردنەوەیە لە گۆڕینی ئەو شتانەی وەک تاپۆو هێڵی سوور تەماشادەکرێن، ڕاستییەکەی گۆڕانی ڕاستەقینە واتە گۆڕان لەو توخمانەی گۆڕانکاریی قبووڵ ناکەن، گۆڕان لەو هەیکەلو چەترەی شوێنی هەموو نادادپەروەرییو گەندەڵییو بێ یاساییەکی تێدادەبێتەوە، دروست گۆڕان لەو پێکهاتانەی کە ئامانج لێیان گۆڕینە لە سروشتێکەوە بۆ سروشتێکی نوێ، لێرەدا مەبەست لە ڕەتکردنەوەی هیچ هێزو نەریتو پێکهاتەیەک نییە، ئەوەندەی مەبەست لە گۆڕانی ناواخنیانەی ئەو کایەو بوارە گشتیانەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر کۆی کۆمەڵگە دروستدەکەن، یانی دەبنە مەرجی دەرچوونی کۆمەڵگە لەو قەیرانانەی وەک گانگرین بە جەستەیەوە دەناڵێنێت.

دووبارە گۆڕانی ڕاستەقینە لەو شوێنەوە دەستپێدەکات، کە بزووتنەوە بەرهەڵستکارو نـاڕەزاو مەدەنییەکان لە چوارچێوەیەکی گشتیی سیاسی عەقڵانیدا خۆیان ڕێکبخەن، ئەم هێزە نوێیانە، هێزێکی سیاسی بزۆکو چالاکو کراوەن، کە دەبنە نێوەندی گفتوگۆو کۆکردنەوەی زۆرترین ئەو دەنگە نارازیو پەراوێزخراوو ڕۆشنبیرانەی کۆمەڵگە، کە خەون بە گۆڕانی سەردەمێک بۆ سەردەمێکی نوێ دەبینن.

بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی عەقڵانیو ئەکتیڤ بەرامبەر دەسەڵات، ئەگەرچی وەک حاڵەتێکی نەخوازراوو تەنێکی نامۆ لە چاوی دەسەڵاتەوە تەماشادەکرێت، بەڵام لە جەوهەردا بوونی تاکە هێزێکە، کە توانای هەیە دەسەڵات دەربازبکات لەوەی کورتبکرێتەوە بۆ نێو خانەی خانەوادەو کەسو لایەنو بەرژەوەندیی چەند گرووپێکی بچووک، لەم خاڵەدا مەهامی ئۆپۆزسیۆن وەک هێزێکی نوێ، مەهامێکی ئێجگار گرانو ئاڵۆزە، لەلایەک کار لەسەر ئەوە دەکات وەک چاودێرو بەرهەڵستکار بەرامبەر دەسەڵات خۆی پێناسە بکات، لەولایشەوە لە خەمی دەسەڵاتدایە تا لەژێر جەبرو کاریگەریی خانەوادەو تاکەکەسو بەرژەوەندیی گرووپەکان دەربازی بکات، ئەم ئیشکردنە لە هیچ جێگەیەک شوێنی نابێتەوە، تەنیا لەو جێگەیە نەبێت کە دیموکراسی تێیدا بەرقەرارە، بۆیە بوونی ئۆپۆزسیۆن پابەندە بە بوونی دیموکراسیەتەوە، هەر کێشەو گرفتو تەزویرێکیش لە دیموکراسیەتدا بکرێت، لە بنەڕەتدا بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، بۆیە ئۆپۆزسیۆن لە پێش هەر هێزو گرووپێکی دیکەوە داکۆکیکارێکی سەرسەختە لە دیموکراسی، کە ڕەنگە پرۆسیجەری داکۆکیکردن لە دیموکراسیەت لە ئەولەویەتی کارەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەژماربکرێت.

خاڵێکی دیکە کە لەم هێزەی نوێیەی ئۆپۆزسیۆندا بە گەورەیی دەردەکـەوێـت، هـەوڵـێـکـی جدییە بـۆ کۆتاییهێنان بە بازرگانیکردن بە سیاسەتەوە، بازرگانیکردن بە سیاسەتەوە تەنیا بریتی نییە لە داگیرکردنی سەرچاوەکانی داهاتو سامانو کۆمپانیاو کەرتە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندیی کەرتە تایبەتەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار (بێگومان ئەمە دیوێکی زەقی ناعەدالەتیو بازرگانیکردنە بە سیاسەتەوە)، بەڵکو ئۆپۆزسیۆن دەبێت کار لەسەر ئەوە بکات چۆن سیمبولەکانی نەتەوە کڕینو فرۆشتنی پێوە نەکرێت لەنێوان حیزبو هاوڵاتییاندا، هەوڵبدرێت کۆتایی بهێنرێت بەو دۆخەی کە خەباتی ڕابردوو بە ئێستا دەفرۆشرێتەوە، خاڵێکی دیکە بۆ کۆتاییهێنان بە بازرگانیکردن بە سیاسەتەوە، دابڕانی حیزبە لە بازاڕو ئازادکردنی کەرتە تایبەتییەکانی ئابوورییو بازرگانییە لەژێر مەرجە کۆنکرێتییەکانی حیزب، هەروەها بۆ کۆتاییهێنان بە بازرگانیکردن بە سیاسەتەوە دەبێت بەو پێشمەرجە ئەخلاقیانەدا بچینەوە کە بۆ سیاسەت داتاشراون، واتە دەبێت بەو پێشمەرجانەدا بچینەوە کە بەشداریی سیاسیو مافی یاساییو ئازادییەکانو پلەوپایەکانی دەسەڵات گرێدەداتەوە بە شۆڕشو بەرخودانو ساڵی خەباتو بەرەنگاریی دژ بە ڕژێم، ڕاستییەکەی ئەم مەسەلەیە پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ چاوبخشێنرێتەوە بەو سیستمە ئەخلاقیەی لە ژێرەوە بەشداریی کایەی سیاسی دەکاتو وەک بەربەرستو ڕستێک پێشمەرجی ئەخلاقی لەبەرامبەر مافو بەشداریی سیاسیو ڕەخنەو گوتاری نوێدا ڕادەوەستێتەوە، لەولایشەوە سیستمێکی فاسیدو نادادپەروەر بەرهەمدەهێنێت، کە سودمەندی یەکەم ئەو کەسانەن کە سەردەمانێک دژ بە ڕژێم بوون، خاڵێکی دیکە بۆ کۆتاییهێنان بە بازرگانیکردن بە سیاسەتەوە، کۆتاییهێنانە بەو تێگەیشتنەی کە هەموو بەرژەوەندییەکی دەسەڵاتی جێبەجێکار دەبێت لە بەرژەوەندیی حیزبی فەرمانڕەوادا کۆتایی بێت، ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە، لایەک ئەرکو مەهامو پرۆژەکانی دەوڵـەتو دەسـەڵات وەک دەستکەوتو شانازیی حیزب بە هاوڵاتییان نەفرۆشرێتەوە، لایەنی دووەم کارێکی پەرلەمانتاریی دەوێت، بـەوەی پەرلەمانتارانی سەر بە دەسەڵات نەبنە پاشکۆی دەسـەڵاتـی جێبەجێکار، هەرکات ئەندامانی پەرلەمان بوونە پاشکۆی دەسەڵاتی جێبەجێکار، ئەوا بە ئاسانیی ڕێگە بۆ دەسەڵاتداران خۆشدەکرێت تا بەهەواو هەوەسی خۆیان بازرگانی بە دەسـەڵاتو حکومەتەوە بکەن، ئێمە بینیمان پەرلەمانتارانی سەر بە ئەحزابی دەسەڵاتدار چۆن داکۆکییان دەکرد لەو بودجەیەی پڕبوو لە ناعەدالەتیو کەموکوڕییو بازرگانیکردن بۆ حیزب، بینیمان هەرکات پەرلەمان وەک خولەکانی پێش بوونی ئۆپۆزسیۆن بێدەسەڵات بوو بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکار، چ ئاشووبوو و فەسادو نادادپەروەرییەک ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە، کێشەیەکی گەورەیە پەرلەمانتارانی لیستی دەسـەڵات واتێبگەن ئـەوان بۆیە لە پەرلەمانن تا داکۆکیکاری دەسەڵاتو گەمەو نادادپەروەرییەکانی دەسـەڵاتـداران بن، کێشەیەکی گەورەیە پەرلەمانتار وا هەستبکات کە لەژێر ڕەحمی دەسەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەک کێشەیەکی گەورەیە پەرلەمان وەک شوێن تەماشانەکرێت، کە سنوورێک بۆ دەسەڵات دیاریدەکات، لەکاتێکدا بە سروشت هۆڵی پەرلەمان شوێنی ئەو دەنگو ڕەنگانەیە کە بە توندیی چاودێرییو لێپرسینەوەی دەسەڵات دەکات، نەک ڕێگە خۆشبکات بۆ بازرگانیکردنی سیاسیانەی دەسەڵات، لێرەدا ئەرکە قورسو گەورەکەی هێزە نوێیەکەی ئۆپۆزسیۆن دەردەکەوێت، ئەویش کۆتاییهێنانە بە بازرگانیکردنی سیاسیانە لەم هەرێمەدا، لەپێشدا دەبێت ئۆپۆزسیۆن لەوە تێبگات ئەم بازرگانیکردنە چەند لایەنە، نە لە ئابووریدا کورتدەکرێتەوە، نە لە وەزارەتەکانی حکومەت، نە لە کۆمەڵێک پرۆژەی ستراتیژیی، کە لەلایەن کۆمپانیاکانی حیزبەوە جێبەجێدەکرێن، بەڵکو دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم بازرگانیکردنە لە کایەی سیاسیدا بووەتە سیستمو دۆخێکی نەشازی بە بارودۆخی کوردستان بەخشیوە، بـووەتـە جـۆرێـک سیستەم، کـە هاوڵاتی ئاساییو فەرمانبەرانو تەنانەت مامۆستایانی زانکۆو گەلێک ناوەندی گرنگی سەربازییو هەواڵگریی... مامەڵەی ئاسایی لەگەڵدا دەکەن، ئـەوەی ئەم پرۆسەیەشی ڕێکخستووە، بە پلەی یەکەم سەرکردەو مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانی فەرمانڕەوان، هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێکارو پەرلەمانتارەکانی سـەر بە دەسەڵاتن، بۆیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە سەیرو سەمەرەیەدا دەبێت لەیەککاتدا ڕووبەڕووی ڕستێک دامەزراوەو کەسایەتیو دەزگـای بەهێز بینەوە، ماتە وزەو هێزی ئۆپۆزسیۆن لەم ڕووبەڕووبوونەوەیدا تەنیا لە سێ خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان شەقامی کوردی، دووەمیان میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە، سێیەم پەرلەمانتارەکانی سەر بە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، ڕاستییەکەی هەر سێ کەرەستەکە پڕ بە ماناکانیان سپینو بۆنی شتی خراپیان لێنایەت، بەڵام لە قووڵاییدا دژ بە سیستمێکی گەندەڵو بازرگانی سیاسیو نادادپەروەریی دەوەستێتەوە.

ئـایـا ئـەمـجـۆرە لـە دۆخــی سیاسی کـاری نـەکـردووەتـە سـەر ئـیـرادەی تاکی کـوردی؟ کـاری نەکردووەتە سەر توانای مرۆییو زیندەگیو گەشەی ئەم هەرێمە؟ لەبەرامبەردا ئێمە چەند هەنگاو لە کاری سیاسیو پەرلەمانیو دامودەزگاییکردنی دەوڵەتی دوورکەوتوینەتەوە، چەندە ڕێگەمان خۆشکردووە حیزب بێ ڕەحمانەو وەک ئەژدیها لە سەرچاوە زیندەگیو مرۆییەکانی ئەم میللەتە بدات.

بۆ ئەو هێزە نوێیەی ئێستا بە ژمارەیەکی بەرچاو لە هەردوو پەرلەمانی کوردستانو بەغدا بەشدارە، گرنگە کار لەسەر ئیرادەی تاکی کـوردی بکاتەوە، سەرلەنوێ بیر لە ئەکتیڤکردنی بکرێتەوە، بۆ ئەو هێزە نوێیە تەنیا ئەوە بەس نییە بەرنامەیەکی حکومیو ڕێکخراوەییو پەرلەمانی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەو کایانەدا کاربکات، کە چۆن ئیرادەی شکاوی هاوڵاتییەک زیندووبکاتەوە، چۆن ببێتە مژدەیەک بۆ داینەمۆی ڕۆحێکی تۆراو، لە ڕاستیدا بیرکردنەوە لە گۆڕان ئەوەندەی ئایندەبینییە، ئەوەندەش لەسەر ئەو توخمانە کاردەکات کە لە ئێستادا بوونەتە سوتەمەنیی کۆمەڵگە، ئـەوەی گـۆڕان دەکاتە هێزێکی زەبەلاحو ئەکتیڤو فیگەرێکی فەرامۆشنەکراو، پێداگرییە لەو مافانەی زەوتکراون، پێداگرییە لەو سنوورەی دەبێت بۆ دەسەڵات دیارییبکرێت، هەروەک پێداگرییە لەو جیاکارییەی پێویستە لەنێوان کایەی دەسـەڵاتو حیزبدا بکرێت، گـۆڕان ساتێک دەتـوانـێـت لـە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستاندا فیگەرێکی بەهێزبێت، مل نـەدات لـەژێـر هیچ جـۆرە فشارێکی سیاسیو ئابووریی، وریابێت نەکەوێتە گەمەی حیزبە گەورەکان، ئەوەی وادەکات ئەو هێزە نوێیە مژدەبەخشو ڕووناککەرەوەی ئاسۆکان بێت، تەسلیمنەبوونیەتی بە هەر جۆرە ڕێکەوتنێکی هاوشێوەی ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی یەکێتیو پارتی، لەبەرامبەردا بیرکردنەوەی گۆڕانخوازانە، جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە بەئاسانی لەسەر کۆمەڵێک ئەگەرو پێشهاتو چارەسەرێک ناگیرسێتەوە، ڕاستییەکەی بیرکردنەوەیەکە لەسەر کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤو دنیابینیو ڕووبەڕووبوونەوەو جیاواز کاردەکات، ئەمەش هەوڵێکە بەپلەی نایاب بۆ دابـڕان لـەوەی پێشخۆی، چەمکی دابڕان چەمکێکی ئەبەدییە بەدوای گۆڕانەوە، یانی گۆڕان دەبێت لەوەی پێشخۆی دابڕێت، دابڕان تەنیا کەرەستەی ڕاستەقینەی گۆڕانێکی ناپێچەوانەیە، هەموو گۆڕانێکی پێچەوانە ئەگەر بریتی بێت لە گەڕانەوە بۆ ئەو خاڵەی لێوەی دەستپێکردووە، ئەمە جگە لە گۆڕانێکی فیزیکیو نەخوازراو هیچی دیکە نییە، یانی گۆڕانی پێچەوانە دەشێت لە خراپەوە بۆ باش بگۆڕێت، هەروەک لە باشیشەوە بۆ خراپ بگۆڕێت، ئەم دیدە بۆ گۆڕان (پێچەوانە) دیدێکی ناتەبایە بەو خەونەی کە لە گۆڕانێکی جەوهەریانەدا چڕدەکرێتەوە، یانی گۆڕانی ڕاستەقینە لە دابڕانەوە دەستپێدەکاتو لە جەوهەریشدا گۆڕانێکی ناپێچەوانەیە، لە دوورمەودادا ئەم گۆڕانە بەرەو پێنانە ناو شوێنێکە، کە هێشتا وێستگە کۆتاییەکەی دەرنەکەوتووە، دیارە ئەو هێزەی دەبێتە وزەی گۆڕان هیچ نییە جگە لەو دەنگانەی گەرەکیانە بەهەر باجێک بێت لەو دۆخە باوەی هەیە داببڕێن، لێرەدا دابڕان مانای دوورکەوتنەوەو پەراوێزخستن نییە، ئەوەندەی مانای نزیکبوونەوەو بەهەند وەرگرتنی پەراوێزخراوەکانە، دابڕان مانای ئەوەیە چیتر گـۆڕان بەو کەرەستەو بیرو کارەکتەرانە ناکرێت، کە لە پێشووتردا دژە گۆڕان بوون، هەروەک گۆڕانی ڕاستەقینەو بەردەوام هیچ وێستگەو بەندەرێکی نییە.

بێ شک هێزێک ناتوانێت گۆڕانکاریی ئەنجامبدات، ئەگەر لە جەوهەردا ئیرادەو شوناسو ڕەمزەکانی خۆی وێرانکردبێت، هێزێک ناتوانێت بیر لە گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بکاتەوە، ئەگەر لەژێر چەتری هێزێکی دیکەدا هەناسەبدات، هەروەک هیچ هێزێکی سیاسی نە لە ناوخۆی خۆیداو نە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ناتوانێت گۆڕانکاریی ئەنجامبدات، ئەگەر تەسلیمی کۆمەڵێک پێوەرو بەڵگەنەویستو بەرژەوەندییو کەسایەتی بووبێتەوە، گۆڕانی ڕاستەقینە بەو هێزە ڕاستەقینانە ئەنجامدەدرێت، کە ئۆتونۆمیانە هەناسە دەدەنو ئیرادەو بوونو مانەوەیان پابەندە بەو توخمانەی هەرخۆیان خۆڕسکانە پێکهێنەری بزووتنەوەی گۆڕانن، بزووتنەوەیەک لەژێر ڕکێفی هیچ هێزێکی دیکەدا نەبێت، ئەوکات دەتوانێت بڵێت هێزێکی نوێم، کە بەپیتی گەورە دەنووسم گۆڕان.

* سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆشنگەری

# بزووتنەوەی گۆڕان دەبـ

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەی سیاسیی کوردی گۆڕی. بەدرێژایی (١٨) ساڵ ئەزموونی حوکمرانی هەرێم، هاتنەکایەو دروستبوونی هێزی سێیەم بە فاکتەری رزگاربوونی دۆخە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەزانرا، بەڵام ئێستا نەک هەرهێزی سێیەم دروستبووە، بەڵکو پێدەچێت بە هاتنەکایەی هێزێکی نوێ بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان)، ریزبەندیی هێزی دووەمیشی گرتبێت.
هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا بەشێوازێکی جەماوەریی‌و نارێکخراو (عەفەوی) کاردەکات‌و چوارچێوەیەکی روون‌و دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق تێپەرێنێت‌و لە ئەزموونی حوکمرانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون) بچەسپێنێت. بەبێ ئەوەی ئەم هێزە ستراکچەرێکی رێکخراوەیی دیاریکراوی هەبێت.
بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی دروستبوونیدا تائێستا چەند هەنگاوێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاویشتووەو چووەتە پێشەوە. ئێستا ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بە خۆرێکخستنەوە هەیە.
* ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئۆرگانیزە بکرێت؟ * گۆڕان بۆئەوەی فۆرمێکی مۆدێرن، جا لەشێوەی قەوارەی سیاسیدا بێت یاخود حیزبی سیاسیی، پێویستە چی بکات؟
* ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەکی کایەی سیاسیی‌و حوکمرانی هەرێم پێویستبوو یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان شێوە دروستەکەی بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕین لە سیستەم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات بە رێگەی ململانێی سیاسیی‌و دیموکراسی‌و هەڵبژاردن؟.* ئایا لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینیی؟
* ئەم هێزە کە ئێستا بووە بە دیفاکتۆو نکوڵی لە کاریگەربوونی ناکرێت، پێویستە لێرە بەدواوە چۆن کاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی رەنگرێژ بکات؟
کردنەوەی ئەم تەوەرە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسییەتە لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقداو دروستبوونی هێزێکی سیاسیی مۆدێرنە، کە خزمەت بە دیموکراسییەت‌و حیزبایەتییەکی مۆدێرن‌و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بکات، نەک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی.

**ئامادەکردنی تەوەر: سیروان رەشید**



## رێبوار سیوەیلی، نووسەرو رۆشنبیر:

# گۆڕان خۆی بکاتە حیزب لاوازدەبێت

**رۆژنامە: دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان وەک (هێزێکی نوێ) لە کایەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ئێمەدا، بەڕای ئێوە چ پێناسەیەک هەڵدەگرێت؟**

* بەلای منەوە، بزووتنەوەی گۆڕان هێز نییە، بەڵکو زیاتر پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە کۆمەڵێک وزەی جیاوازی کۆمەڵگەی ئێمە، کە لە ساتەوەختی دەرکەوتنیدا بە رۆحێکی ئۆپۆزسیۆنانەوە هاتە مەیدانەوەو تادێت خۆی بە دامەزراوە دەکات‌و بەمەش لە بنەماکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە. گۆڕان لە دەرکەوتنیداو لە رەهەندە سیاسییەکەیدا، بە بڕوای من، پارادیمی کایەی سیاسەتی کوردستانی نەگۆڕیوەو تەنیا کایەی سیاسی‌و بکەرە سەرەکییەکانی ناو کایەی سیاسیی کوردستانی لە سەرەتاوە شڵەژاندو پاشانیش هەندێکیان توانییان بەهۆی زمانێکی دیپلۆماسییانەو بە بەکارهێنان‌و پڕکردنەوەی ئەو پێویستییەی کە بزووتنەوەی گۆڕان هەیبوو بۆ ئەوەی ئیعتیرافی پێبکرێت، سەرنجی دۆستانەی گۆڕان بەلای خۆیاندا رابکێشن‌و بەمەش وزەی رەخنەیی گۆڕانییەکان لە ئاست خۆیاندا سست‌و لاواز بکەن. بە بڕوای من، لەمەدا پارتی دیموکرات بەگشتیی سەرکەوتنی بەدەستهێناو بەتایبەتیش سەرۆکی پێشووی حکومەت، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە دەرکەوتنی لە میدیاکانی گۆڕاندا سێ ئامانجی سەرەکی پێکا: یەکەمیان ئەو شتەی بە گۆڕان بەخشی، کە بریتیبوو لە جۆرێک لە ئیعتیرافکردن بەم بزووتنەوەیەو دووەمیان بریتیبوو لە گەشاندنەوەی ژیلەمۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو خۆڵەمێشی شارێکی وەکو سلێمانیداو رەواندنەوەی بەشێکی گرنگی ئەو گومانانەی کە کلتووریی سیاسی‌و ململانێکانی (٣٠) ساڵی دوایی لەو شارەدا، لەسەر بنەماڵەی بارزانی‌و پارتی دیموکرات دروستیان کردبوو. نێچیرڤان بارزانی، بەمکارە دیپلۆماسییانەیەی جگە لە جەختکردنەوەی لەسەر ئینتیمای رۆحیی خۆی بۆ شاری سلێمانی‌و پەیوەندییە نەسەبییەکەی لەگەڵ بنەماڵەی دایکی رەحمەتیدا، ئاواش ئاوێکی شیرینی کردەوە بەر درەختی پارتایەتی لەو شارەدا. سێیەم دەستکەوتی ئەم کارەی سەرۆکی پێشووی حکومەت، بریتیبوو لە سستکردن‌و دواخستنی بزووتنەوەی هێزی رەخنەیی گـۆڕان لە ئاست پارتی دیموکرات‌و بنەماڵەکەی خۆیدا. لە هیچکامێک لەم رەهەندانەدا بزووتنەوەی گۆڕان زیانی نەکردووەو لە رووی سیاسییەوە پتر رەگی خۆی داکوتاوە، چونکە ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان رۆحییەتی «پارتیزانانەی» سەرەتای سەرهەڵدانییەوە بمایەوە، ئێستا خەڵکێکی زۆری لەخۆی مـاندوو دەکـرد، ئەمەش لەبەر ئـەوەی ئیستیعابی دەروونییانەی خەڵکی وڵاتی ئێمە دوای بەردەوامی هەمان رۆحییەت بەدرێژایی مانەوەی حکومەتی بەعس، ئیتر حەوسەڵەی گەڕانەوەی نییە بۆ هەمان رۆحی شۆڕشگێڕانەو سەردەمەکە، کلتوورێکی سیاسیی دیکە دەخوازێت، کە بریتییە لە خۆگونجاندن‌و دانوستاندن‌و بەشداریکردن. لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، بزووتنەوەی گۆڕان دەستکەوتی زۆر باشی بەدەستهێناوە کە بە بڕوای من، گرنگترینیان بریتییە لە خۆشەویستکردنەوەی سیاسەت لەلای خەڵک‌و بانگهێشتنیان بۆ بەشداریکردنی سیاسییانە. ئەم دەستکەوتە کە خۆی لە رێژەی بەشداریکردنی هەرچی زۆرتری هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستاندا لە دوو هەڵبژاردندا بینییەوە، لە رووی مێژووییشەوە زۆر بایەخدارەو بەرجەستەکەری ساتەوەختێکە لە ژیانی پراکتیکی تاکەکەسەکان بە ئامانجی بەدەستهێنانی داهاتوویەکی بەختەوەرانەتر. واتە بزووتنەوەی گۆڕان ئەو توانا هێزەکییەی نەتەوەی ئێمەی کە بەدرێژایی مانەوەی رژێمی دیکتاتۆرانەی بەعسییەکان چەپێنرابوو، کردە توانایەکی کردەکی‌و سەرلەنوێ مرۆڤی کوردو ناوچەکەی خستەوە بـەردەم ئەو پرسیارە گرنگەی کە بڵێت: من چیم لە ژیانی خۆم دەوێت‌و بە چ ئامرازێک دەتوانم کاری بۆ بکەم؟ ئەمەش وام لێدەکات بڵێم: ساتەوەختی دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان وەک رووداوێک زۆر لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی راپەڕین دەچێت، بـەڵام بـەو جیاوازییەوە کە ساتەوەختی راپەڕین پتر خستنەگەڕی توانای فیزیکییانەی نەتەوەی ئێمەبوو بۆ رەتکردنەوەی سیستمێکی دیکتاتۆرانە، لەکاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان، پتر راپەڕینێکی هزری‌و فیکرییە بۆ رەتکردنەوەی کلتوورێکی سیاسی‌و سیستمێکی کۆنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێکی ترسناکی لێکچوونیش لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕان‌و راپەڕیندا هەیە، کە ئەویش بریتییە لە کورتخایەنی هێزو وزەی بەردەوامی هەردوو وەرچەرخانەکەو کورتبوونەوەیان لە ساتەوەختی روودانیاندا، نەک لە بەردەوامییاندا. بە بڕوای من، پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان بە جدیی کار لەسەر ئەوە بکات کە وزەی ساتەوەختی سەرهەڵدانەکەی‌و گرنگییەکەی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، لەبیر نەکات‌و نەهێڵێت ببێتە رووداوێک کە ئیتر روویداوەو دووبارە نابێتەوە. دەستکەوتێکی دیکەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کۆمەڵگەی کوردستانیی، زۆر لەو دەستکەوتەی سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم بزووتنەوەی رۆژنامەنووسیی ئازادو ئەهلیی لە هەرێمی کوردستان دەچێت، کە پاش کەرتبوونی کۆمەڵگەی کوردو قووڵبوونەوەی کەلێن‌و زەقبوونەوەو ژیانەوەی سنووری عەشیرەیی‌و خێڵەکییانەی کۆمەڵگەی کـوردی، ئەو رۆژنامەنووسییە هات‌و وەک قوتابخانەیەک کە کۆی خەڵکی دەڤەرە جیاجیاکانی داوەتکردەوە بۆ هاتنەوە ناو هەمان پۆل، کە تیایدا ئەوانی وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو بەیەکتر دەناساندەوە، بەدەر لەو جیاکارییەی شەڕەناوخۆییەکان‌و ململانێی ناوچەگەرایی حیزبی لە هەرێمەکەدا دروستیانکردبوو. بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهەمانشێوەو لە ئاستێکی زۆر فراوانترو میللییانەتردا، توانی سەرلەنوێ وێنەیەکی یەکدەست بداتەوە کۆمەڵگەی ئێمەو لەپێناوی پرۆسەو زەروورەتـی گۆڕاندا، مۆبیلیزەی خەڵک بکاتەوە. ئەم دەستکەوتە دەورێکی گرنگی هەیە لە ئاشتکردنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ خۆیدا بە تەجاوەزکردنی ئەو سنوورانەی ململانێی حیزبایەتی لەنێوان کلتوورو جوگرافیای دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەرزیانکردبوونەوە. دوایین دەستکەوتێک کە بشێت لێرەدا ئاماژەی پێبدەم، بریتییە لە لاوازکردنی باڵادەستی‌و هەیمەنەی ئەم یان ئەو حیزب کە پێیانوابوو، ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانیان لەسەر خۆیان تاپۆکردووەو مافی جیاوازیی بیرکردنەوەیان لە سایەی یەکدەستکردنی ئایدیۆلۆژییانەی خۆیاندا لە خەڵک سەندبووەوە. بزووتنەوەی گۆڕان ئازادیی بیرکردنەوەو مافی جیاوازیی بیروڕای بە تەجاوزکردنی هەیمەنەی تاپۆکارانەی حیزبەکان گەڕاندەوە ناو واقیعی سیاسی.

**رۆژنامە: گۆڕان کە بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان، توانی واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆن)بوون بچەسپێنێت. بە رای ئێوە تاچەند کاریگەریی پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێم؟**

* بە بڕوای من، شێوەیەک لە ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا هەر هەبووە، چ لە ئاستی سیاسیی‌و چ لە ئاستی کلتووریی‌و رەخنەییدا. شتێکی راستمان نەگوتووە ئەگەر مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان بکەینە سەرهەڵدانی سەرەتای ئۆپۆزسیۆن، چونکە لەماوەی ئەم هەژدەساڵەی پێشووی تەمەنی حکومداریی هەرێمی کوردستاندا، پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، بەشێوەی جیاجیا پرۆتێست‌و ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان بەرجەستەکردووە، وەک بزووتنەوەی ئافرەتان‌و ژنـان‌و قوتابییان‌و مانگرتن‌و خۆپیشاندانە زۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە مـاوەی جیاوازجیاوازدا. ئەمە جگە لە ئۆپۆزسیۆنی حیزب و رێکخراوە ئیسلامییەکان‌و تا رادەیـەک گرووپە چەپەکان‌و کوردانی هەندەران لە دژی شەڕەناوخۆییەکان، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێت کە بزووتنەوەی گۆڕان چ لە رووی چەندایەتی‌و چ لەڕووی چۆنایەتییەوە چەمکی ئۆپۆزسیۆنبوونی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆڕی‌و لە بیچمی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گـەورەدا بەرجەستەی کـردەوە. ئەم بزووتنەوەیە نەک هەر کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر کایەی سیاسیی کوردی، بەڵکو هەڵێکی زێڕینیشی خستەوە بەردەم هەردوو حیزبی خاوەنهێزی گـەورەی کوردستان، تاکو بەخۆیاندا بچنەوەو هەڵوێستە لەسەر زۆر لە بڕیارو تێڕوانینەکانیان بکەن. ئەو هەلەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پارتی‌و یەکێتی دروستکردووە، لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا کە کلتووری حیزبی سەرکردەو پێشەوایی‌و رابەرایەتی دەیانبات بەڕێوە، تەنیا بە کودەتای سەربازی‌و راپەڕین‌و ململانێی خوێناویی یان بە تەدەخولی هێزی سوپای دەرەکیی چارەسەر دەکرێت. لە راستیدا بزووتنەوەی گۆڕان هێزی سەرەکی‌و راستەقینەی پارتی‌و یەکێتی بەخۆیان ناساندەوەو پێیگوتن: ئەمەیە جەماوەرو زەمینەی مانەوەی ئێوە. لەبەرئەوە بوونی ئەمجۆرە ئۆپۆزسیۆنە، یەکێکە لە پێویستییەکانی دەسەڵات خۆی. هەروەکو لە لێکۆڵینەوەیەکیشمدا بەناوی (ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات، دۆستن یان دووژمن؟) نووسیومە: ئۆپۆزسیۆن بەمانا گۆڕانییەکەی بریتییە لە چـاوی زیـادەی دەسـەڵات، لـەدەرەوەی دەسەڵات خۆیەوە.

**رۆژنامە: خاڵە لاوازو سلبییەکانی ئەم هێزە لە ئێستاو رابردوودا چین؟**

* بە بـڕوای من، خاڵی هـەرە بەهێزی بزووتنەوەی گـۆڕان لـەوەدا بوو کە وەک بزووتنەوەیەک خۆی ناساند، نەک وەک حیزبێک. هەر ئەمەش خاڵی هەرە لاوازی دەبێت، کاتێک بیەوێت خۆی بکاتە حیزب، چونکە بەم کارەی، نەک هەر لێکچوونی شێوەیی لەگەڵ کۆی پێکهاتەی حیزبی خۆرهەڵاتییانەو عێراقییانەو حیزبە کوردییەکان دروستدەکات‌و ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی، کە ئەزموون‌و یادوەریی تاڵیان لەگەڵ ئەم مۆدێلەی حیزبدا هەیە، بەڵکو ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بکاتە حیزب، دەبێتە میراتگری کۆی ئەو ناوەڕۆکەش کە لە حیزبی سەرکردەو حیزبی قائیدەوە بۆی دەمێنێتەوە. من قسە لەوە ناکەم، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە بنەماوە وەک حیزبی ئەڵتەرناتیڤ‌و بە گوتارێکی زۆر جیاوازترەوە خۆی ناساندبا، بۆ ئێستای زۆر باشتر دەبوو، بەڵام گەڕانەوەی ئێستای بزووتنەوەکە، بەبێ بە ئۆرگازم گەیاندنی بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆن لە کایەی سیاسیی ئێمەدا، بەکارێکی باش نازانم‌و گەشبین نیم بەرامبەر بەو داهاتووەی کە گۆڕان دەخاتە بەردەم جۆرێک لە ئۆپۆزسیۆنی ناوەکی، کە زەحمەت دەبێت بۆی بتوانێت چ لە ئاستیدا بێدەنگ بێت‌و چ کۆنترۆڵیشی بکات. بەمانایەکی دیکە، من لەو بـارەدا، پێشبینی بارودۆخی گۆڕان‌و ئۆپۆزسیۆنە ناوەکییەکەی خۆی بە دووبارەبوونەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕان‌و یەکێتیی نیشتیمانی دەکەم، کە بێگومان بۆی هەیە تا ئاستی دابەشکردنی بەردەوامی گۆڕان بڕوات‌و توانایە هێزەکییەکەی بە جۆرێک لاواز بکات کە نەتوانێت خەون‌و پڕۆژەی خۆی لە ئاستێکی کردەکیدا بهێنێتە دی. کێشەیەکی دیکەی بـزووتـنـەوەی گـۆڕان لـەو گوتارە سەرەتاییەیدا دەبینمەوە کە بەردەوام لە هەوڵی هێژمۆنیکردنی ماس‌و ئاپۆرەی خەڵکدا بوو، نەک کۆمەڵگەو هاوڵاتییان. هەڵبەت ئاپۆرەی خەڵک، هەروەک چۆن بە ئاسانی کۆدەبێتەوە، ئاواش بە ئاسانی دەکشێتەوە. هەروەک چۆن مشتێک لم دەکەینە لەوێچمانەوەو وردە وردە لە نێوان پەنجەکانمانەوە دادەوەرێـت‌و لێی کەمدەبێتەوە، ئاواش کۆکردنەوەی ئاپۆرەی خەڵک ئاسان‌و لەدەستدانیشی خێرایە. ئەمەش لەبەر ئـەوەی سروشتی شوناسی ئاپۆرە، سروشتێکی ناجێگیرەو هەر جوڵەیەک‌و بزاوت‌و کاریگەرییەک لێی زیادو کەم دەکات. لەبەرئەوە پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی تیۆریکتر قسە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی‌و داهـاتـووی مـرۆڤ‌و پەیوەندییە لۆکاڵی‌و گلۆباڵییەکانی ئەم مرۆڤە بکات. بەبێ هەبوونی بەرنامەیەکی ئۆپۆزسیۆنانەی درێژخایەن‌و بەبێ خۆبەدوورگرتنی بزووتنەوەی گۆڕان لەهەر جۆرە مۆدێلێکی حیزبی خۆرهەڵاتییانە، ستالینییانە، بەعسییانەو کوردییانە، ناتوانێت گوتاری خۆی ئاڕاستەی تاکەکەس‌و هاوڵاتییان بکات‌و پێبەپێی ململانێی سیاسی لەگەڵ ئەحزابی مەوجوود، کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن‌و هاوڵاتییەکی دەروەسـت بهێنێتەدی، ئەمە جگە لەوەی گۆڕان هەمیشە مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە بیروڕا خۆشەویستکەرەکانی لەلایەن پارتی‌و یەکێتییەوە بقۆزرێنەوەو قووتبدرێن‌و کاریان بۆ بکرێت، لە غیابی بزووتنەوەی گۆڕان خۆیدا.

**رۆژنامە: ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وەرچەرخانێکی سیاسیی هەرێم پێویستە، یـان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە، بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕینی سیستەم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات؟**

*گۆڕان ناتوانێت سیستەم بگۆڕێت، چونکە بۆخۆی بەشێک‌و درێژەپێدەری سیستەم‌و عەقڵی سیاسی‌و حوکمڕانی کوردییە. بە بڕوای من، یەکێک لە سەرکەشییەکانی گۆڕان ئەوەیە، کە پێیوایە ئەو لە دەرەوەی عەقڵ‌و سیستەم‌و حوکمڕانیی ئەم وڵاتەیە. ئەم خوێندنەوەیە لەگەڵ تیۆرەی ئۆپۆزسیۆندا، کە ئۆپۆزسیۆنی هەمان کایەی سیاسییە یەکناگرێتەوەو نیشانەی دژایەتی‌و ناکۆکیی فیکرییە. ئەوەی پێویستە بزووتنەوەی گـۆڕان بە بەردەوامی بیکات، بریتییە لە ئەو کاریگەرییەی دەتوانێت ئاڕاستەی کایەی سیاسیی کوردستانی بکات‌و ببێتە چاوێکی ریفلێکسیو (لەخۆنۆڕ)، کە هەم خۆی‌و کردارەکانی لە رێگەوە هەڵسەنگێنێت‌و هەم ئەوانی دیکەیش لەکاتی بڕیارو هەڵسوکەوتدا، ناچار بە خۆ هەڵسەنگاندن بکات.

**رۆژنامە: ئایا چی بکرێتە بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن رێکبخرێت؟**

* وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بەوەی چۆن لە چەمکی مۆدێرن تێدەگەین‌و چ تەفسیرێکی بۆ دەکرێت؟ بە بڕوای من، ئەگەر مەبەستمان لە رێکخستن بە شێوەیەکی مۆدێرن لەپێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی کراوەو هاوڵاتییەکی دەروەسـت‌و هۆشیار بێت، ئـەوە پێویستە ئەو رێکخستنە لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی‌و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بابەتییانەی‌و هەلومەرجەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان بێت. لە رێکخستنێکی ئاوادا، جێگەی سەرکردەی فەرماندەو میزاجی تایبەت‌و تاکڕەوی‌و جۆرەکانی توندوتیژیی نابێتەوە. من بۆخۆم بەوجۆرە لە چەمکی رێکخستنی مۆدێرنانەی گۆڕان تێدەگەم، کە ئەم بزووتنەوەیە بتوانێت ئەو دێوی هەڵچوونەی لە ناخی مرۆڤی ئێمەدا بێداری کردووەتەوە، بکاتە فریشتەی رزگاری‌و وەدیهێنانی ساتەوەختێکی رۆشنگەرانە، بەمانا کانتیەکەی، لە ژیانی کۆمەڵگەو مرۆڤی ئێمەدا ئەوە گرنگە کە بزووتنەوەیەکی ئاوا کار بکات بۆ بەرجەستەکردنی توانای مرۆڤ‌و کۆمەڵگەی ئێمە بۆ داهێنان‌و پەروەردەی بکات بۆ ئەوەی لە پێناوی ئازادیی راستەقینەدا، دەست لە زۆرێک لەو چاوبەستانە هەڵبگرێت کە بەناوی ئازادییەوە پێیدەفرۆشرێن.

**رۆژنامە: ئایا لە کاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چـی بکرێت بـۆ ئـەوەی گـۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینی‌و شێوازی کارکردنی حیزبە تەقلیدییەکانی هەرێم دووبارە نەکاتەوە؟**

*من پسپۆڕی بواری رێکخستنی حیزبایەتی نیم، بەڵام هەرکات بزووتنەوەی گۆڕان بە کۆی دەنـگ، یان لە ئەنجامی کۆنگرەیەکی سەراپاییەوە، بە لایەنگرانی هەندەرانیشەوە، گەیشتنە ئەوەی خۆیان لە فۆرمی حیزبێکدا بخەنەڕوو، پێویستە ئەوە بزانن کە بۆماوەیەکی دوورودرێژ بیرۆکەی سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن لەکایەی سیاسیی کوردی دەکەوێتە دەرەوە. لەو حاڵەتەشدا، سیاسەتی ئێمە وەک کایەیەکی بێ ململانێی لێدێت کە تیایدا بەهاکان تازە نابنەوە، چونکە هەموو ئەوانەی دەبوو لەسەر پێگەو دەسەڵات لەگەڵ یەکتردا ناکۆک بن‌و ململانێ بکەن، دەبنە برای یەکترو رێککەوتنی ستراتیژیی لەگەڵ یەکتردا مۆردەکەن.

# تورکیا، له‌ په‌رله‌مانییه‌وه‌ بۆ سه‌رۆکایه‌تی

راپۆرتی: شالاو فه‌تاح

په‌رله‌مانی تورکیا مشتومڕ له‌سه‌ر ئه‌و ریفۆرمه‌ ده‌ستووریانه‌ ده‌کات، که‌ (ئه‌که‌په‌) پێشکه‌شی کردووه‌و ئه‌مه‌ش مشتومڕێکی زۆری له‌نێوان هێزه‌ سیاسییه‌کان‌و هاوڵاتییانی ئه‌و وڵاته‌دا دروستکردووه‌، به‌راده‌یه‌ک پارته‌که‌ی ئه‌ردۆغان سکاڵای خۆی له‌ (جه‌هه‌په‌) (ئۆپۆزسیۆن) له‌ په‌رله‌مانی ئه‌وروپا تۆمارده‌کات، به‌ڵام له‌مکاته‌دا ئه‌ردۆغان داوایه‌کی کۆنی خۆی زیندووده‌کاته‌وه‌ بۆ گۆڕینی سیستمی تورکیا بۆ سه‌رۆکایه‌تی.

سیستمی سیاسیی وڵاتی تورکیا (په‌رله‌مانیی دیموکراسیی نوێنه‌رایه‌تیی)ه‌و داوای گۆڕینی بۆ سه‌رۆکایه‌تی مشتومڕێکی زۆری له‌و وڵاته‌دا دروستکرد، ئه‌ردۆغان ماوه‌یه‌کی زۆره‌ ده‌یه‌وێت له‌ڕێی یاساوه‌ وڵاته‌که‌ی بگۆڕێت، هه‌ر له‌ ده‌ستوورو سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی‌و ناوخۆوه‌، تا گه‌یشته‌ سیستمی حوکم، به‌ڵام ئه‌مجاره‌یان ئه‌ردۆغان به‌شێوه‌یه‌کی جیاواز داوای سیستمی سه‌رۆکایه‌تی کردو وتی: «ئه‌گه‌ر هاوڵاتییانمان ده‌یانه‌وێت هه‌نگاوێکی وه‌ها بنرێت»، ئه‌مه‌ش به‌مانای ئه‌وه‌ دێت، که‌ ئه‌ردۆغان بیری له‌وه‌ کردووه‌ته‌وه‌ ئه‌و هه‌نگاوه‌ بخاته‌ به‌رده‌م راپرسیی جه‌ماوه‌ریی.

له‌ درێژه‌ی وته‌که‌یدا ئه‌ردۆغان وتی: «ئه‌گه‌ر توانیمان گۆڕانی ریشه‌یی له‌ ده‌ستووردا بکه‌ین، ده‌توانین ئه‌وه‌ش بخه‌ینه‌ ئه‌جێندای هه‌ڵبژاردنی (٢٠١١)و پرسیار له‌ خه‌ڵک بکه‌ین»، هه‌رچه‌نده‌ له‌ درێژه‌ی قسه‌کانیدا ئه‌دروٚغان ئاماژه‌ی به‌ کۆده‌نگییه‌ک کرد له‌ناو حیزبه‌که‌ی خۆی، واته‌ دادو گه‌شه‌ (ئه‌که‌په‌)، به‌ڵام باسی له‌وه‌ نه‌کرد ئه‌و سیستمی سه‌رۆکایه‌تییه‌ی ئه‌وان داوای ده‌که‌ن چۆنه‌.

له‌دوای ئه‌م راگه‌یاندنه‌وه‌ ده‌نگۆی ئه‌وه‌ په‌یدابوو، که‌ ئه‌ردۆغان کار بۆ ئه‌وه‌ ده‌کات له‌ڕێی سیستمی سه‌رۆکایه‌تییه‌وه‌ بچێته‌ ئۆفیسی سه‌رۆکایه‌تی تورکیا «چانکایا»و درێژه‌ به‌ ژیانی سیاسیی خۆی بدات، هه‌رچه‌نده‌ به‌پێی پێڕه‌وی ناوخۆی (ئه‌که‌په‌)، هه‌ر ئه‌ندامێکی په‌رله‌مان بۆی هه‌یه‌ ته‌نیا سێ خول خۆی هه‌ڵبژێرێت، به‌ڵام ئه‌ردۆغان له‌ دوو خولی پێشوو، واته‌ (٢٠٠٢و ٢٠٠٧) خۆی هه‌ڵبژاردووه‌، به‌مه‌ش (٢٠١١) ده‌بێته‌ دوا چانس.


په‌رله‌مانی تورکیا

کێشه‌یه‌ک له‌ ناوخۆی (ئه‌که‌په‌)دا ئه‌وه‌یه‌، که‌ عه‌بدوڵلا گولی سه‌رۆک کۆمار بۆ ماوه‌ی حه‌وت ساڵ هه‌ڵبژێردراوه‌، به‌ڵام هه‌ندێک له‌ به‌رپرسانی (ئه‌که‌په‌) سوورن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی، که‌ ته‌نیا ده‌بێت بۆ ماوه‌ی پێنج ساڵ سه‌رۆکایه‌تی بکات، واته‌ تا (٢٠١٢)، له‌م حاڵه‌ته‌شدا چانسی ئه‌ردۆغان بۆ دانیشتن له‌سه‌ر کورسی چانکایا زۆره‌، به‌ڵام ئه‌گه‌ر (ئه‌که‌په‌) نه‌یتوانی زۆرینه‌ به‌ده‌ستبهێنێت، بێگومان رێ به‌ گول ده‌ده‌ن بۆ ماوه‌ی حه‌وت ساڵ، واته‌ تا (٢٠١٤) بمێنێته‌وه‌، ماوه‌ی سه‌رۆکایه‌تی گول حه‌وت بێت، یان پێنج پشت به‌ لێکدانه‌وه‌کانی ئه‌ردۆغان ده‌به‌ستێت.

له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌ ئه‌ردۆغان کێشه‌ی ئۆپۆزسیۆنی بۆ به‌ره‌یه‌کی دیکه‌ گواستووه‌ته‌وه‌و ئێستا سکاڵای ئۆپۆزسیۆن له‌ په‌رله‌مانی ئه‌وروپا ده‌کات، ئۆنور ئۆیمه‌ن، له‌ (جه‌هه‌په‌) له‌وباره‌یه‌وه‌ وتی: «ئه‌و نامه‌یه‌ی ناردوویانه‌ له‌ (٩)ی ئه‌پریڵی (٢٠١٠)دا، چوار رۆژ پێش سه‌ردانه‌که‌ی بایکاڵ، وه‌ک پێشبینی ده‌کرێت، هه‌مووی بانگه‌شه‌و درۆیه‌، ده‌ڵێن؛ «(جه‌هه‌په‌) دژی ریفۆرم‌و هه‌موو جۆره‌کانی پێشکه‌وتنه‌و لایه‌نی ده‌ستێوه‌ردانی سه‌ربازیی ده‌گرێت»، به‌ڵام ئه‌وه‌ تاکه‌ نامه‌ی (ئه‌که‌په‌) نه‌بوو بۆ بۆ گرووپی سۆشیالیستی په‌رله‌مانی ئه‌وروپا، به‌پێی قسه‌کانی ئۆیمه‌ن، دووه‌مین نامه‌ له‌ (١٠)ی ئه‌م مانگه‌دا نێردراوه‌و هه‌مان ناوه‌ڕۆکی هه‌بووه‌.

ئه‌م کێشه‌یه‌ی نێوان حیزبی ده‌سه‌ڵات‌و ئۆپۆزسیۆن به‌رمه‌بنای هه‌نگاوه‌کانی (ئه‌که‌په‌)یه‌ به‌ ئاراسته‌ی گۆڕین‌و ریفۆرمکردنی ده‌ستوورو سیستمی سیاسیی، له‌ ئێستادا په‌رله‌مانی تورکیا ده‌ستی به‌ مشتومڕ کردووه‌ له‌سه‌ر جۆرێک له‌ گۆڕینی ده‌ستووریی، که‌ ده‌سه‌ڵاتی سوپاو دادگا که‌مده‌کاته‌وه‌، ئه‌ردۆغان وه‌ک هه‌میشه‌ بانگه‌شه‌ی ئه‌وه‌ ده‌کات گۆڕانکارییه‌کان ده‌بنه‌ هۆی باشترکردنی دیموکراسی‌و وه‌رگیرانی تورکیا له‌ ئه‌ندامێتی یه‌کێتی ئه‌وروپا، به‌ڵام ئۆپۆزسیۆنی نه‌ته‌وه‌په‌رست پێیوایه‌؛ گۆڕانکارییه‌کان هه‌ڕه‌شه‌ له‌ سه‌ربه‌خۆیی دادگا ده‌که‌ن.

ئه‌م مشتومڕه‌ به‌جۆرێکه‌، که‌ حیزبه‌ سیاسییه‌کان رێ له‌ چوونه‌ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌ندام په‌رله‌مانه‌کانیان ده‌گرن له‌ماوه‌ی ئه‌م دوو هه‌فته‌یه‌دا، ئه‌گه‌ر ریفۆرمه‌کان سه‌ربگرن، ئه‌وا شێوازی هه‌ڵبژاردنی ئه‌ندامان بۆ دادگای باڵا ده‌گۆڕێت‌و فه‌رمانداره‌کانی سوپاش ده‌بێت وه‌ک هاوڵاتییانی ئاسایی له‌به‌رده‌م دادگاکاندا بووه‌ستن.

ره‌خنه‌ی ئۆپۆزسیۆن ته‌نیا ئه‌وه‌نییه‌، که‌ ریفۆرمه‌کان هه‌ڕه‌شه‌ له‌ سه‌ربه‌خۆیی دادگا ده‌که‌ن، به‌ڵکو ره‌خنه‌ی ئه‌وه‌ له‌ (ئه‌که‌په‌) ده‌گیرێت، که‌ ئه‌جێندایه‌کی ئیسلامیی هه‌یه‌و ده‌یه‌وێت عه‌لمانییه‌ت له‌ تورکیادا لاوازبکات، له‌ به‌رامبه‌ردا ئه‌ردۆغان پێیوایه‌؛ له‌ رابردووشدا هه‌نگاوی ریفۆرمخوازانه‌ی زۆر نراوه‌و له‌لایه‌ن دادگاکانه‌وه‌ یاساغکراون‌و پارته‌که‌ی ده‌یه‌وێت باڵانسێکی نوێ بێنێته‌ کایه‌وه‌ له‌نێوان «ئه‌وانه‌ی هه‌ڵده‌بژێردرێن‌و ئه‌وانه‌ی دیاریده‌کرێن» به‌مانای حکومه‌ت‌و دادگا.

ئه‌گه‌ر پرۆپۆزه‌ڵه‌کانی ئه‌ردۆغان بۆ گۆڕانکاریی له‌ تورکیادا سه‌رکه‌وتوو بێت‌و زۆرینه‌ی په‌رله‌مانی ئه‌و وڵاته‌ ده‌نگی پێبدات، ئه‌وا له‌ کۆتایی ئه‌مساڵدا ده‌خرێنه‌ به‌رده‌م ریفراندۆمی جه‌ماوه‌ریی.

# کامیرۆن، جێ به‌ براون لێژ ده‌کات؟

رۆژنامه‌

هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی به‌ریتانیا، له‌ (٦)ی مانگی داهاتوودا ئه‌نجامده‌درێت، بۆ یه‌که‌مجارو له‌دوای سه‌ره‌تای نه‌وه‌ده‌کانه‌وه‌ پارتی کۆنزه‌رڤاتیڤی به‌ریتانیا به‌شێوه‌یه‌کی به‌رچاو له‌ راپرسییه‌کاندا ئه‌نجامی به‌رزی هێناوه‌و پێشبینی ئه‌وه‌ش ده‌کرێت ده‌یڤید کامیرۆن، سه‌رۆکی ئه‌م پارته‌ ببێته‌ سه‌رۆک وه‌زیرانی داهاتووی به‌ریتانیا، په‌رله‌مانی به‌ریتانیا له‌ خانه‌ی کۆمۆنه‌و لۆرده‌کان پێکدێت، ئه‌م هه‌ڵبژاردنه‌ بۆ ئه‌ندامانی خانه‌ی کۆمۆنه‌یه‌و لۆرده‌کان ناگرێته‌وه‌، چونکه‌ ئه‌وان بێ هه‌ڵبژاردن ده‌بنه‌ ئه‌ندام، (٦٥٠) ئه‌ندام له‌ مانگی داهاتوودا بۆ خانه‌ی کۆمۆنه‌ی په‌رله‌مانی به‌ریتانیا هه‌ڵده‌بژێردێن‌و ئه‌و سێ پارته‌ سه‌ره‌کییه‌ی کێبڕکێی بردنه‌وه‌ی کورسییه‌کان ده‌که‌ن، بریتین له‌: پارتی کار، به‌ سه‌رۆکایه‌تی گۆردن براونی سه‌رۆک وه‌زیرانی ئێستا، کۆنزه‌رڤاتیڤه‌کان، به‌ سه‌رۆکایه‌تی ده‌یڤید کامیرۆن‌و لیبراڵه‌کان، به‌ سه‌رۆکایه‌تی نیک کلێج.

پێشبینی ده‌کرێت پارتی کاری ده‌سه‌ڵات له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا نه‌توانێت ئه‌نجامه‌کانی پێشوو، که‌ به‌ڕێژه‌ی (٣٥,٣٪) توانی زۆرینه‌ بێنێت، بگاته‌وه‌ ده‌سه‌ڵات، به‌ڵکو پاش ئاشکرابوونی چه‌ندین فه‌زیحه‌ی سیاسیی، ئه‌م پارته‌ جه‌ماوه‌ری که‌مبووه‌ته‌وه‌و دوورنییه‌ جێگه‌ بۆ کۆنزه‌رڤاتیڤه‌کان چۆڵبکه‌ن، که‌ له‌دوای نه‌وه‌ده‌کانه‌وه‌ نه‌یانتوانیوه‌ ده‌سه‌ڵات بگرنه‌ده‌ست. سه‌رۆکی هه‌ر سێ پارته‌ گه‌وره‌که‌ یه‌که‌مجاریانه‌ رووبه‌ڕووی هه‌ڵبژاردن ببنه‌وه‌، ئه‌مه‌ بۆ گۆردن براون راسته‌، چونکه‌ له‌ ساڵی (٢٠٠٧)داو له‌دوای ده‌ستله‌کارکێشانه‌وه‌ی تۆنی بلێر بووه‌ سه‌رۆک وه‌زیران.

چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌ ناکرێت، هیچ یه‌کێک له‌م سێ پارته‌ زۆرینه‌ی ره‌ها به‌ (٥٠+١) بێنن، له‌ مێژووی به‌ریتانیادا له‌دوای ساڵی (١٩٣٥)وه‌ هیچ پارتێک (٥٠٪)ی به‌ده‌ستنه‌هێناوه‌، ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌که‌ی ساڵی (٢٠٠٥) به‌مجۆره‌ بوو: پارتی کار (٣٥,٣٪)ی به‌ده‌ستهێنا، پارتی کۆنزه‌رڤاتیڤه‌کان (٣٢,٣٪)ی به‌ده‌ستهێناو پارتی لیبراڵیش (٢٢,١٪)، گۆردن براونی سه‌رۆکی پارتی کار له‌ (٢٠٠٧/٦/٢٤)داو له‌دوای ده‌ستله‌کارکێشانه‌وه‌ی سه‌رۆک وه‌زیرانی پێشووی به‌ریتانیا، واته‌ تۆنی بلێر بووه‌ سه‌رۆکی پارته‌که‌ی‌و سه‌رۆک وه‌زیرانیش، ده‌یڤید کامیرۆنیش له‌ (٦)ی کانوونی یه‌که‌می (٢٠٠٥)دا بووه‌ سه‌رۆکی پارته‌که‌ی‌و نیک کلێجیش له‌ (١٨)ی کانوونی یه‌که‌می (٢٠٠٧)و له‌دوای دوو سه‌رۆکه‌که‌ی دی، بووه‌ سه‌رۆکی پارته‌که‌ی واته‌: پارتی لیبراڵ له‌ ئێستادا پارتی کار (٣٥٦) کورسی په‌رله‌مان‌و پارتی کۆنزه‌رڤاتیڤ (١٩٨) کورسی‌و پارتی لیبراڵیش (٦٢) کورسی په‌رله‌مانی هه‌یه‌.


گۆردن براون


ده‌یڤید کامیرۆن


نیک کلێک

له‌ کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا بڕیاردرا مێزگردێک ئه‌نجامبدرێت له‌نێوان سه‌رۆکی هه‌رسێ پارته‌که‌داو مێزگرده‌که‌ش له‌ (ئای تیڤی)ه‌وه‌ بڵاوبکرێته‌وه‌، یه‌که‌م مێزگرد له‌نێوان هه‌رسێ سه‌رکرده‌که‌دا له‌ (١٥)ی ئه‌م مانگه‌دا له‌سه‌ر کێشه‌ ناوخۆییه‌کان ئه‌نجامدراو تیایدا نیک کلێجی، سه‌رۆکی پارتی لیبراڵ وه‌ک براوه‌ ده‌ستنیشانکرا، ئه‌مه‌ش کاریگه‌رییه‌کی زۆری له‌سه‌ر راپرسییه‌کانی دوای مێزگرده‌که‌ هه‌بوو، که‌ زۆرینه‌ی به‌ قازانجی پارتی لیبراڵ ده‌شکایه‌وه‌. دووه‌مین مێزگرد له‌ (٢٢)ی ئه‌م مانگه‌دا له‌سه‌ر کێشه‌ ده‌ره‌کییه‌کان ئه‌نجامدراو له‌ سکای نیوزه‌وه‌ بڵاوکرایه‌وه‌، له‌م هه‌ڵبژاردنه‌شدا نیک کلێج‌و ده‌یڤید کامیرۆن، به‌ باشترین دانران‌و گۆردن براون به‌ رێژه‌یه‌کی که‌م له‌دوای ئه‌مانه‌وه‌ هات، له‌ مێزگرده‌کاندا هه‌ریه‌که‌ له‌ سه‌رکرده‌کان ئه‌و تۆمه‌تانه‌یان ره‌تکرده‌وه‌، که‌ رووبه‌ڕوویان کرابووه‌وه‌، له‌دوای مێزگرده‌کان راپرسییه‌ک کراو تیایدا پارتی کۆنزه‌رڤاتیڤ (٣٢٪)و پارتی لیبراڵ (٣٠٪)و پارتی کاریش (٢٨٪)ی ده‌نگه‌کانی هێنا.

هه‌رچه‌نده‌ له‌ مێزگرده‌کاندا زۆر سه‌رکه‌وتوو بوو، به‌ڵام پێشبینی ئه‌وه‌ ناکرێت، که‌ نیک کلێجی، سه‌رۆکی پارتی لیبراڵ براوه‌ی یه‌که‌می هه‌ڵبژاردنه‌کان بێت، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی به‌هۆی فه‌زیحه‌کانی په‌رله‌مانی به‌ریتانیاوه‌ پێشبینی سه‌رکه‌وتنی پارتی ده‌سه‌ڵاتدار، واته‌ پارتی کار که‌متر بووه‌ته‌وه‌، له‌م دۆخه‌دا ئه‌وه‌ی ده‌مێنێته‌وه‌ پارتی کۆنزه‌رڤاتیڤی رکابه‌ره‌، که‌راپرسییه‌کان له‌دوای مێزگرده‌کانیشه‌وه‌ ئاماژه‌ به‌ پێشه‌نگی ئه‌م پارته‌ ده‌ده‌ن، ئه‌م پارته‌ له‌ سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی نۆزده‌و له‌ به‌ریتانیا دامه‌زرا، وه‌ک میراتگرێکی پارتی تۆری، که‌ له‌ ساڵی (١٦٧٨) دامه‌زرابوو، هه‌ربۆیه‌ تائێستا به‌ پارتی کۆنزه‌رڤاتیڤ ده‌وترێت پارتی تۆری‌و لایه‌نگرانیشی به‌ تۆرییه‌کان ناوده‌برێن، ئه‌م پارته‌ دوو له‌سه‌ر سێی سه‌ده‌ی بیست له‌سه‌ر حوکم بووه‌و تا دواجار له‌ ساڵی (١٩٩٧) داو هه‌ڵبژاردنی به‌ پارتی کار دۆڕاند. ده‌یڤید کامیرۆن، سه‌رۆکی ئه‌م پارته‌ وه‌ک سه‌رۆکی ئۆپۆزسیۆن‌و کابینه‌ی سێبه‌ر حسابی بۆ ده‌کرێت.




## دوای حه‌وت ساڵ

دوو رووداوی گرنگ شێوه‌یان به‌ مێژووی ئه‌مدواییه‌ی عێراق به‌خشیوه‌،

یه‌که‌میان: له‌ ساڵی (١٩٥٨) بوو، کاتێک گرووپێک ژه‌نه‌راڵ به‌ سه‌رۆکایه‌تی عه‌بدولکه‌ریم قاسم‌و له‌ کوده‌تایه‌کی به‌ربه‌ریانه‌دا حکومه‌تی مۆنارکیان له‌سه‌ر کار لابرد.

دووه‌میان: له‌ ساڵی (٢٠٠٣) بوو، کاتێک ئه‌مریکا وڵاته‌که‌ی له‌ چنگی دیکتاتۆرێکی شه‌ڕه‌نگێز رزگار کرد.

حوکمی پاشایه‌تی له‌ عێراق دیموکراتی نه‌بوو، به‌ڵام له‌سه‌ر رێگه‌ی دیموکراسی بوو، هه‌رچه‌نده‌ گرووپێکی سوننی ده‌ستیان به‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاتدا گرتبوو، به‌ڵام فه‌زای هێوربوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ گرووپه‌ ئێتنییه‌کانی دیکه‌دا خولقابوو، شا فه‌یسه‌ڵ رۆڵی سه‌ره‌کیی هه‌بوو له‌ جێکردنه‌وه‌ی شیعه‌و کورده‌کان له‌ ده‌سه‌ڵاتدا، بۆ نموونه‌ پێدانی پێگه‌ی سه‌ربازیی‌و مه‌ده‌نی گرنگ به‌ کورده‌کان.

به‌ڵام لێره‌دا نیازمان نییه‌ مێژوو بگێڕینه‌وه‌، پاشایه‌تی له‌ ته‌مموزی (١٩٥٨)دا کۆتاییهات. کوده‌تاکه‌ هه‌رده‌بوو رووبدا، چونکه‌ خه‌ڵکی عێراق له‌وه‌ نه‌ده‌گه‌یشتن دواتر چی رووده‌دات، له‌ ئاکامدا وڵات بووه‌ پێگه‌ی چه‌ند کوده‌تایه‌کی سه‌ربازیی یه‌ک له‌دوای یه‌کو دواجار سه‌دام حسێنیان هێنایه‌ سه‌ر حوکم.

دووه‌م رووداو: ئه‌وه‌بوو، که‌ ئه‌مریکاو هاوپه‌یمانه‌کانی وڵاتیان له‌ده‌ست رژێمی بێ ره‌حمی سه‌دام حسێن رزگارکرد، سه‌دام حسێن پێویستبوو له‌سه‌ر حوکم لابدرێت، به‌ڵام شێوازی به‌ڕێوه‌بردنی عێراقی دوای جه‌نگ، که‌ له‌لایه‌ن ئیداره‌ی بۆشه‌وه‌ دانرابوو لاوازبوو، له‌ لایه‌نی بیناکردنی ده‌وڵه‌تیشه‌وه‌ کاره‌ساتبارو لاوازبوو، چونکه‌ نه‌یتوانی سه‌رکه‌وتوو بێت له‌ پاراستنی گیانی سه‌ربازانی ئه‌مریکاو هاوڵاتییانی مه‌ده‌نی، تا نه‌بنه‌ ئامانجی پلانه‌ ماکیاڤێله‌کانی به‌عس‌و ئه‌لقاعیده‌، به‌دڵنیاییشه‌وه‌ کاره‌ساتباربوو، چونکه‌ حکومه‌ت لادرا، ده‌زگا ده‌وڵه‌تییه‌کان پووچه‌ڵکرانه‌وه‌و سوپاو ئاسایش‌و پۆلیس هه‌ڵوه‌شێنرانه‌وه‌ به‌بێ بوونی به‌دیلێکی ده‌ستبه‌جێ.

له‌جیاتی به‌دیلی ده‌ستبه‌جێ، ئیداره‌ی بۆش ته‌به‌نی سیاسه‌تێکیان کرد، که‌ داوای حوکمێکی شه‌رعی ده‌کرد بۆ ئه‌وه‌ی عێراقییه‌کان بتوانن حکومه‌تی خۆیان هه‌ڵبژێرن، دوایه‌مین هه‌ڵبژاردنی ئازاد له‌ عێراقدا ئه‌نجامدرابێت پێش کانوونی دووه‌می (٢٠٠٥) له‌ کانوونی دووه‌می (١٩٥٣)دا بوو. کارنامه‌ی سیاسیی واشنتۆن کاریگه‌ریی له‌سه‌ر کاتی هه‌ڵبژاردنه‌که‌ هه‌بوو، ئیداره‌ی بۆش پێویستی به‌وه‌بوو هه‌ڵبژاردنه‌که‌ له‌ که‌مپه‌ینی (٢٠٠٥)دا به‌کاربێنێت، به‌ڵام ته‌وه‌قوعی ئه‌وه‌یان نه‌کردبوو، که‌ ئاکامی رێپێدانی شتێک، که‌ (٥٢) ساڵه‌ نه‌یانکردووه‌ چی ده‌بێت، ئه‌مڕۆ دیموکراسییه‌تی عێراق رووبه‌ڕووی دوو ته‌حه‌دی ده‌بێته‌وه‌، که‌لتووری نادیموکراتی عێراق‌و که‌لتووری دیموکراتی ئه‌مریکا.

سیستمه‌ دیموکراسییه‌کان په‌یوه‌ندییه‌کی به‌تینیان به‌ که‌لتووری خۆماڵییه‌وه‌ هه‌یه‌، مه‌حاڵه‌ که‌ دیموکراسی به‌سه‌ر ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یانه‌دا بسه‌پێنیت، که‌ هێشتا تایفی‌و کۆچه‌رین‌و هێشتا باوه‌ڕیان به‌ تیۆری پیلانگێڕیی هه‌یه‌، له‌ هه‌مانکاتدا مه‌حاڵه‌ سه‌رکرده‌ ئۆتۆکراته‌کان رێگه‌ به‌ هه‌ڵبژاردن بده‌ن‌و رێگه‌ به‌ گواستنه‌وه‌یه‌کی ئاشتییانه‌ی ده‌سه‌ڵات بده‌ن، جگه‌ له‌ به‌کارهێنانی سه‌رمایه‌ گشتیی‌و ده‌وڵه‌تییه‌کانیش بۆ سپۆنسه‌رکردنی میدیای حیزبی‌و به‌کارهێنانی میلیشیاش بۆ به‌ستنه‌وه‌ی رکابه‌ره‌کانیان.

رزگارکردنی عێراق سیاسه‌تی سه‌رۆک بۆش بوو، که‌ کۆنزه‌رڤاتیڤێکی ئایدیالیسته‌و باوه‌ڕی به‌وه‌ هه‌یه‌، که‌ ئه‌وه‌ مافی خه‌ڵکه‌ به‌ ئازادیی بژین، له‌ ساڵی (٢٠٠٨)دا خه‌ڵکی ئه‌مریکا سه‌رۆک ئۆبامایان هه‌ڵبژارد، که‌ ریالیستێکی ته‌واوه‌و به‌ته‌واویش پێچه‌وانه‌ی سه‌رۆک بۆشه‌، ئۆباما کشانه‌وه‌یه‌کی سه‌ره‌کیی بۆ ئه‌مریکا تۆمارکردووه‌، ئه‌مه‌ش به‌وه‌ی، که‌ ته‌نیا (٥٠٠٠٠) سه‌رباز به‌جێبهێڵێت له‌ عێراقداو له‌ ئابی (٢٠١٠) و به‌ته‌واویش هێزه‌کان له‌و وڵاته‌ بکشێنێته‌وه‌ له‌ کۆتایی ساڵی (٢٠١١)دا، مه‌گه‌ر حکومه‌تی داهاتووی عێراق داوای پێچه‌وانه‌کردنه‌وه‌ی رێککه‌وتننامه‌ی سۆفا بکات.

# کەرکوک، بەرەو تەقینەوە دەڕوات



ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک

فۆتۆ: ڕۆژنامە

راپۆرتی: ڕێبین فەتاح
کەرکوک

ڕۆژبەڕۆژ بارودۆخی ئەمنیی کەرکوک، بەرەو خراپبوون و ناسەقامگیریی دەچێت و بەرپرسانی ئەمنیی شارەکەش نایشارنەوە کە «مەترسییەک» لە ئارادا هەیە، بەتایبەت کە بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هێزە ئەمنییەکان کەوتوون، گرووپە «تیرۆریستی»ەکانی سنووری کەرکوک، بە دیاریکراوییش «بەعسییەکان»، خۆیان ڕێکخستووەتەوەو چاوەڕوانی دەرفەتێک دەکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بە سەدان کەس لە چەکدارەکانی سەحوە لە ریزەکانی پۆلیسدا دامەزرێنراون.

## ڕێژەی عەرەب لە پۆلیسدا زیاد دەکات

ئەگەرچی لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، کورد لە رووی سەربازیی و ئەمنییەوە لە کەرکوک باڵادەست بوون، بەڵام ئێستا هاوکێشەکە خەریکە بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوەو تا دێت ژمارەی عەرەبەکان لە ریزەکانی پۆلیسدا هەڵدەکشێت و لەوکاتەشەوە تا ئێستا، هیچ کوردێک لە ریزی پۆلیسدا دانەمەزراوە.

پێکهاتەی هێزەکانی پۆلیس لە پارێزگای کەرکوک، لە سەرەتاوە لەنێوان کوردو عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشوورییەکاندا دابەشکرا. ڕێژەی کورد (٤٢٪)، ڕێژەی عەرەب (٢٩٪)، ڕێژەی تورکمان (٢٨٪)و ئەوەی دیکە بۆ کلدو ئاشوورییەکان تەرخانکرا، بەڵام بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکانی بە نەتەوە عەرەب کە لە ریزەکانی پۆلیسدا لە چەند ساڵی رابردوودا، لە سنووری پارێزگای کەرکوک دامەزرێنراون، لە ئێستادا پێکهاتەکە وەک خۆی نەماوەتەوەو گۆڕانکاریی گەورەی تێدا ڕوویداوە.

لەگەڵ خۆگرتنەوەی حکومەتی ناوەندیدا، وردە وردە فەرمانی دامەزراندنی دەیان و سەدان عەرەب لە ریزەکانی پۆلیسدا دەرکرا، لە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٩) بە چەند قۆناغێک و هەندێکجاریش بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە عەرەب و تورکمان خزێنرانە ریزەکانی پۆلیسی کەرکوکەوە.

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٦)دا، (٤٠٠) پۆلیس بۆ عەرەب و (٤٠٠)پۆلیسی دیکە بۆ تورکمان لە سنووری حەویجە دامەزرێنران، دواتر (٣٠٠)کەسی دیکە بۆ تورکمان دامەزران، ساڵی رابردووش بەناوی کەسوکاری شەهیدانی ناحیەی (تازە)وە کۆمەڵێک خەڵکی دیکە دامەزرێنران. هەر لەو ساڵانەدا (١٠٦)ئەفسەری عەرەب بە جارێک و (٢٦)ئەفسەری عەرەب جارێکی دیکە گەڕێنرانەوە ناو ریزەکانی پۆلیس.

بەڵام وەک عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای کەرکوک ئاماژەی بۆ کرد، جگە لەو ڕێژە گشتییە نەبێت کە سەرەتا لەنێوان نەتەوەکاندا دیاریکرا، تا ئێستا یەک کورد لە ریزەکانی پۆلیسدا دانەمەزرێنراوە.

بەڵام لە دەرەوەی ریزەکانی پۆلیس کە لایەنی یاسایین لە پارێزگاکەدا، بەهۆی بارودۆخی سیاسیی و ئەمنیی کەرکوکەوە، چەند لایەنێکی کوردی لە سەرەتای (٢٠٠٣)وە لەو شارەدا ئامادەییان هەیە، وەک هێزەکانی ئاسایشی پارتی و یەکێتی، بەڵام ئەو هێزانە زیاتر وەک هێزێکی حیزبیی تەماشا دەکرێن. لەو ڕوانگەیەوە بەرپرسە عەرەب و تورکمانەکانی شارەکە داوا دەکەن، هێزەکانی ئاسایش لە کەرکوک بکرێنە دەرەوە.

جگە لەو هێزانە، هەر لە سەرەتای (٢٠٠٣)وە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لیوایەکی پێشمەرگەی لە سنووری کەرکوک جێگیرکرد، کە لەلایەن عەمید شێرکۆوە سەرپەرشتی دەکرێت.

لە سەرەتای ئەمساڵیشدا، پاش یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی پێشمەرگە، پارتی دیموکراتی کوردستان، لیوایەکی پێشمەرگەی لە سنووری کەرکوک جێگرکردووە.

لیواکەی یەکێتی کەوتووەتە سەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی- دەروازەی کەرکوک و لیواکەی پارتیش لە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر- دەروازەی کەرکوک جێگیرکراوە. لەلایەن هەردوو حیزبەکەوە هەوڵدراوە، ڕوویەکی ناحیزبییانە بە لیواکان بدرێت، بەوەی لە هەر دوو لیواکەدا جۆرێک لە تێکەڵاوییان لەنێوان بەرپرسەکانی یەکێتی و پارتیدا دروستکردووە. لە لیواکەی یەکێتیدا، بەرپرسی پارتی و بەپێچەوانەوە بەرپرسی یەکێتی لە لیواکەی پارتیدا جێگەیان کراوەتەوە.

## سەحوە لە بەرگی پۆلیسدا

هەموو نەتەوەکان لە کەرکوک، گرنگی بە هێزە سەربازیی و چەکدارییەکان دەدەن، وەک ئەوەی چاوەڕوانی دۆخێک بکەن کە تەنیا چەک بەهانایانەوە بچێت.

پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، بە پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانان، هێزەکانی سەحوە (رابوون)، بە پاساوی پاراستنی ئەمنییەتی ناوچەکانیان بۆ عەرەبەکانی سنووری کەرکوک دروستکران و بەشێوەیەکی نیوەفەرمی چەکدارکران. ئەو هێزانە کە لە سەرەتادا نزیکەی (١١) هەزار چەکداربوون، بەگشتیی لەناوچەی زاپ-ەوە تا دەگاتە ناحیەی تازە، بڵاوببوونەوە. لە رووی نەتەوەییەوە زۆربەی هەرە زۆریان عەرەبن، بەڵام لە سنووری ناحیەی تازە، نزیکەی (٥٠٠) چەکداری تورکمان لە ریزەکانی سەحوەدا هەن، جگە لەوەی تاکوتەرا کورد لە ناو هێزەکانی سەحوەدا هەن، بەڵام وەک عەمید سەرحەد وتی: «ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات».

ئەو بەرپرسەی پۆلیس چەکدارەکانی سەحوە بۆ سێ گرووپ دابەشدەکات. بەشێکیان «دڵسۆزانە» کاریان لەگەڵ پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان کردووە. بەشێکیان کاریان لەگەڵ هاوپەیمانان کردووە، بەڵام بەشێکیان تا ئێستاش لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکان هاوکاری و هەمئاهەنگییان هەیە. بە وتەی ئەو «بەسەدان کەس لە ریزەکانی سەحوە بە مادەی (٤)ی یاسای دژە تیرۆرو مادەی (٤٢١)ی رفاندن و مادەی (٤٣٦)ی کوشتن لە دادگا، داواکراون، بەڵام لەبەر بارودۆخە ئەمنییەکە دەستیان لێنادرێت».

هەوڵدانێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی چەکدارەکانی سەحوە بخزێنرێنە ریزەکانی پۆلیسی کەرکوکەوەو پێشتریش (٤٠٠)کەس لە چەکدارەکانی سەحوە لەسەر میلاکی پۆلیسی کەرکوک دامەزرێنراون. لەماوەی رابردووشدا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی عەمید سەرحەد قادر بۆ دامەزراندنی (٢٠٠٠) چەکداری سەحوە لە ریزەکانی پۆلیس پێکهێنرا، عەمید سەرحەد وتی: «لیژنەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەبوو کە پێشتر بەعسی نەبوون، یان پەیوەندییان لەگەڵ تیرۆریستەکاندا نەبووە». پاش دەستنیشانکردنیان، ناوەکان ڕەوانەی بەغدا کراون و ئێستا بڕیاردراوە زیاتر لە (١٦٠٠)کەس لەو چەکدارانەی ناویان بۆ بەغدا بەرزکراوەتەوە، وەک پۆلیس دابمەزرێن.

بەڕێوەبەرەکەی پۆلیس وتی: «داوامان کرد، ئەگەر ئەو ژمارەیە لە عەرەب دادەمەزرێن، دەبێت خەڵک لە کوردو تورکمانیش دابنرێن، چونکە ئەو ژمارەیە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی پۆلیسی کەرکوک دەبێت».

بەگشتیی، (١١)هەزار پۆلیس لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا هەن، کە (٣٥٠٠) لەو پۆلیسانە سەر بە بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانن و بە وتەی عەمید سەرحەد، ئێستا ڕێژەی عەرەب لە پۆلیسی قەزاو ناحیەکان (٤٦٪)ەو کورد (٢٦٪) پێکدەهێنێت، بەڵام لەناو شاردا، ڕێژەکە لەنێوان کوردو عەرەبدا تاڕادەیەک هاوسەنگ و یەکسان دەوەستێت. بەڵام لە بەڕێوەبەرێتییەکانی پۆلیسی فریاکەوتن، بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەرەکانیان لە کۆبوونەوەیەکی پۆلیسدا «ڕێژەی تورکمان لەو دوو بەڕێوەبەرێتییەدا، لە پۆلیسە کوردەکان زیاترن».

بەڕێوەبەرەکەی پۆلیس، ئەوە دەخاتەڕوو، جگە لە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی عەرەب، کێشەی دیکە کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی کورد لە پۆلیسی قەزاو ناحیەکان هەیە، «پۆلیسی کورد نایەوێت بچێتە ناوچە عەرەبنشینەکان، بەڵام پۆلیسی عەرەب کێشەی لەناوچە کوردنشینەکان نییە، کورد دەیەوێت، لە ئازادیی و ڕەحیماوا شوان و پردێ دابمەزرێت، بەڵام ئەوە نابێت، پێویستە بچنە گەڕەک و ناوچەکانی دیکە، بەڵام عەرەبەکان پابەندن بە واجبی خۆیانەوەو کێشەیان نییە».

ناوبراو ڕەخنە لە هەندێک لە ئەفسەرە کوردەکانی کەرکوک دەگرێت بەوەی «ئەفسەری کورد هەیە، (٧)ساڵە لەو شارەدا، ئەوراقی لێکۆڵینەوەیەکی وەرنەگرتووە، لە هەندێک بۆنەشدا جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، من خۆم تەریق دەبمەوە».

## لە فەوجێکی بچووکەوە، بۆ فیرقەیەک

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٣)دا، تەنیا یەک فەوجی بچووکی سەر بە سوپای عێراق لە سنووری پارێزگای کەرکوک، بە سەرپەرشتیی عەبدولئەمیر مالیک پێکهێنرا، کە ژمارەی سەربازەکانی هەزار کەسێک دەبوون، بەڵام ئەو فەوجە پێ بەپێ گەشەی کردو بوو بە لیوایەک، ئێستا بووە بە فیرقەیەکی تەواو و بە فیرقەی (١٢)ی سوپای عێراق دەناسرێت و ژمارەی سەربازەکانی زیاتر لە (١٤)هەزار سەرباز دەبن. جگە لە فەوجی مغاویرو فەوجی ئیستخبارات، لە سنووری پارێزگای کەرکوک، چوار لیوایان هەیەو لە قەزاو ناحیەکان جێگیرکراون.

عەبدولئەمیر، لێپرسراوی پێشووی فیرقەی (١٢)، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر کەسێکی دیکە لە پۆستەکەی دانرا، لەسەرەتاوە هەوڵی زۆری دا فەوجێک بهێنێتە ناو شاری کەرکوکەوەو هێزێک ڕەوانەی ناوچەی شوان و دارەمان و پردێ بکات، بەڵام هەوڵەکانی سەریان نەگرتووەو هەوڵی زۆریشی دا بکرێت بە سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک، بەڵام ڕەتکرایەوە.

لەوبارەیەوە عەمید سەرحەد وتی: «تەمەننامان دەکرد، بەر لەوەی بڕوات، شتێک بکات کە خەڵک سوپاسی بکات، بەڵام زۆربەی خەڵک خۆشحاڵ بوون کە ڕۆیشت».

هەوڵەکانی عەبدولئەمیر لەلایەن کوردەکانەوە وا لێکدانەوەیان بۆ دەکرا کە هۆکاری سیاسیی لە پشتیانەوە بێت، بەڵام لەلایەن خۆیانەوە پاساوی پاراستنی ئەمنیەتی شارەکەیان دەهێنایەوە.

جگە لەو ڕەهەندە سیاسییە، فیرقەی (١٢) هەر لە زووەوە دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی خەڵکی ناوچەکەو لە دوایین هەوڵی لەو شێوەیەدا، (ه. م) کە خوێندکارێکی قۆناغی سێیەمی بەشی شوێنەوار بوو لە زانکۆی سەلاحەدین، پاش ئەوەی بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەسەر شوێنەوارێک دەچێتە ناوچەی دوبزەوە، لەلایەن فیرقەی (١٢)وە بەبێ هیچ بڕیارێکی یاسایی و دادگا، دەستگیر دەکرێت و ڕاستەوخۆ ڕەوانەی زیندانی «موسەننا»ی بەغدا دەکرێت، تا ئێستاش بەبێ بڕیاری دادگا دەستبەسەرکراوە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک، ئەوە ناشارێتەوە کە فرقەی (١٢)، خەڵکیان دەستگیرکردووەو دەڵێت: «زۆرجار کۆنگرەیەکیان دەکردو دەیانوت، (٢٠)تیرۆریستمان دەستگیر کردووە، بەڵام کە دەستگیرکراوەکانیان دەهێنایە بنکەی پۆلیسەوە، دەردەکەوت هەموو جەستەیان شوێنی ئەشکەنجەدانەو تیرۆریست نین»، ناوبراو دەڵێت: «ئەوان نووسراویان بۆ وەزارەتی بەرگریی دەکردو دەیانوت، ئیرهابین و ئێمەش نووسراومان بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەکردو دەمانوت، هیچیان تیرۆریست نین و دادگاش ئازادی دەکردن».

## بارودۆخە ئەمنییەکە دەشێوێت

پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ژەنەڕاڵ ڕای ئۆدێرنۆ سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ، پێشنیازی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی کرد لەنێوان پۆلیس و سوپاو هاوپەیماناندا لە سنووری پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان پێشنیازەکە لەلایەن نوری مالیکی، سەرۆکی وەزیرانی عێراق و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمەوە جێگەی ڕەزامەندیی بوو.

هێزەکە لە (١٣٢) کەس پێکهاتووەو لە دەروازەی ڕێگا سەرەکییەکانی چوونە ژوورەوەی کەرکوک، بازگەیان دروستکردووە، ئەگەرچی بڕیار بوو، بازگەکان بۆ ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن و تا بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان بێت، بەڵام هیچ زانیارییەک نییە سەبارەت بەوەی کە وا زوو بازگەکانیان هەڵبگرن.

ئەگەرچی پێکهێنانی هێزە هاوبەشەکە بە پاساوی کۆتایهێنان بوو بەو لێدوانە ئاگرینانەی کە نەتەوەکانی کەرکوک یەکتریان پێ تۆمەتبار دەکردو گومانیان دەخستە سەر هێزە ئەمنییەکان، بەڵام هەندێک پێیانوایە، دروستکردنی ئەو هێزەو بازگەکانیان، دوورنییە لەلایەن سوپای عێراقەوە بەشێوەیەکی تۆکمە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەمەش بە مەترسی بۆ سەر کورد بشکێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بارودۆخی ئەمنیی کەرکوک بەرەو ئاڵۆزیی و تەقینەوە دەڕوات و تەنیا لەماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا، لە ناو شارو دەرەوەی شاردا، چەند حاڵەتێکی تیرۆریستی ڕوویاندا. ڕۆژی (١٩)ی مانگە لەناو شاردا، تەقە لە عەمیدێکی پۆلیسی کراو بە سەختیی بریندار بوو، بەیانی (٢٠)ی مانگ بۆمبێکی چێنراو تەقییەوە. پۆلیسێکی فریاکەوتنیش، بە چەکی قەناس تەقەی لێکراو هێزەکانی پۆلیس، ناوچەی (حەی سەناعە)یان تەوق کردو پشکنینیان ئەنجامداو چەند کەسێک لەناو شار دەستگیرکران. هەر لەو ماوەیەدا دوو گرووپی تیرۆریستی لەناو شارو دەرەوەی شار دەستگیرکران و (٣) لە ئەندامانی گرووپەکە کوژران. هەر لەو ڕۆژانەدا، (عەلا تکریتی) موفتی شاری کەرکوک دەستگیرکرا.

دوو هەفتە پێشتریش، لەلایەن پۆلیسەوە دەست بەسەر (٥٠٠-٦٠٠) بڵاوکراوەی گرووپە تیرۆریستییەکاندا دەستگیر کرا، کە تەواوی کارو چالاکییەکانی بەعسییەکانی لەخۆگرتووە لە (٢٠٠٣)وە تا ئێستا، ، عەمید سەرحەد قادر دەڵێت: «بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە بەعسییەکان زۆر بە ڕێکوپێکی خۆیان ڕێکخستووەتەوە، بۆ ئەوەی کارە تیرۆریستییەکانی خۆیان ئەنجامبدەن و مەترسیی ئەوەیان لێدەکرێت لە دەرفەتێکدا دەستی خۆیان بووەشێنن. هەروەک نەیشاردەوە کە بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستیان کەوتوون، پێشبینی دەکەن بارودۆخەکە خراپتر بێت».

# سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان: وەزارەتەکان پلانیان نییەو وەبەرهێنەران خۆیان پرۆژەکانیان دەستنیشان دەکەن

سازدانی: ڕێبین فەتاح

١ – ٢

**هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، قسە لەسەر پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان دەکات کە بەشێوەیەکی نابەرابەرو ناهاوسەنگ بەسەر پارێزگاکاندا دابەشکراون. باس لەوە دەکات، دەستەی وەبەرهێنان هەر خۆی جێبەجێکارو هەر خۆشی چاودێرو سەرپەرشتیاری پرۆژەکانە، کە بە بۆچوونی ئەو، کارێکی تەندروست نییە. نابەرابەریی لە سێکتەری پرۆژەکانو سندووقی نیشتەجێبوونو کۆمەڵێک پرسی دیکەی تایبەت بە وەبەرهێنان، تەوەرەکانی ئەم دیدارەی ڕۆژنامەن لەگەڵ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێناندا.**

**ڕۆژنامە: لەکۆی ئەو پرۆژانەی لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە تائێستا مۆڵەتیان پێدراوە وەک سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، تا چەند لە ئەدای ئیشکردنی دەستەکەتان ڕازیت؟**

* هەوڵمانداوە ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت بە هەر هۆکارێک نەیتوانیوە پێشکەشیان بکات، وەک دەستەی وەبەرهێنان ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی کاریگەریی لەسەر ئیشەکانی ئێمە دەبێت، ئەوەیە کە ئێمە تا چەند توانیومانە هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکان بکەینو ئەو وەزارەتەش کە تایبەتمەندە بە پرۆژەکەی ئێمە تا چەند ڕازییە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە. هیچ کات مۆڵەت بە پرۆژەیەک نادەین، ئەگەر وەزارەتەکانی شارەوانیو ئاوەدانکردنەوەو کارەباو ژینگەو...هتد ڕەزامەندیی لەسەر نەدەن. ئێمە زیاتر لەنێوان کەرتی تایبەتو حکومەت ڕۆڵی هەماهەنگیمان بینیوە. هەندێک فلتەر هەن هەوڵمانداوە، کاری تێدا بکەین، وەک هەڵسەنگاندنی جەدوای ئابووریی‌و ئەندازیاریی، لەم ڕووەوە ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتەدا وەک پێویست کارەکە سەرکەوتوو نەبووبێت، کە ئەمەش هۆکاری هەبووە.

هەوڵمانداوە پانتایی ئیشەکانمان فراوان بکەین، وێنەی مۆڵەتی پرۆژەکان بۆ هەموو وەزارەتەکان ڕەوانە کراون، هەروەک ئاڕاستەی یەکێتیی پیاوانی کارو ژووری بازرگانیی کراوە، بۆ ئەوەی ببن بە بەشێک لە بڕیاردان. دەکرێت پرۆژەمان هەبێت سەد لە سەد ئامانجەکەی نەپێکابێت، سەد لە سەد سەرکەوتوو نەبووبێت، بەڵام ئەوەندەی یاسا ڕێگەی دابین، هەوڵمانداوە پرۆژەکان لە خزمەتی خەڵکدا بنو لە چەندین بواردا ئیشمان کردووە.

**ڕۆژنامە: بۆچی زۆربەی پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان، بواری نیشتەجێبوون دەگرنەوە؟**

*ڕاستە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە بواری نیشتەجێکردندا دەورانی سەرمایە خێرایەو وەبەرهێنەر زیاتر ڕوودەکاتە ئەو بوارە. بۆ زانیاریتان، ئێستا داواکاری جێبەجێکردنی زیاتر لە (٣٠-٤٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونمان ڕاگرتووە.

**ڕۆژنامە: سندووقی نیشتەجێبوون تەنیا ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون دەگرێتەوە کە نرخەکەیان لە پەنجا هەزار دۆلار کەمتر نییە، بەڵام ڕەنگە هەموو کەسێک ئەو ئیمکانیەتەی نەبێت، یان پێویستی بە یەکەیەکی لەو شێوەیە نەبێت، پێتوانییە، لێرەدا هەڵەیەک هەیە؟**

* بیرۆکەی سندووقی نیشتەجێبوون دەستکەوتێکی گرنک بووە، بەڵام ئالیەتی جێبەجێکردنی بیرۆکەکە، شیاوی ڕەخنەگرتنو دەوڵەمەندکردنی زیاترە. لە دانانی سندووقەکەوە، بۆچوونی زۆر لایەن لە حکومەتو کەرتی تایبەت وەرگیراوەو پێکهاتین لەسەر ئەوەی بە جۆرێک بێت، سەرنجی وەبەرهێنەر ڕابکشێت، چونکە ئەوکات وەبەرهێنەر تەنیا ئەو خانووانەی دروستدەکرد کە خانووی گرانبەها بوونو خەڵکی کەمدەرامەت نەیدەتوانی بیانکڕێت،بۆیە پێشنیازی سندووقی نیشتەجێبوونمان کرد لە کابینەی ڕابردوودا و خۆشبەختانە پەسەندکرا. لەو پرۆسەیەدا نابێت تەنیا تەماشای خانووەکان بکەین، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی ئەو خزمەتگوزارییانەش بکەین کە پێشکەش دەکرێن، چونکە ئەو خزمەتگوزارییانەی لە پرۆژەکانی نیشتەجێبووندا پێشکەش دەکرێن، تێچوونەکەیان دەکەوێتە ئەستۆی هاوڵاتییانو دەچێتە سەر نرخی یەکەکان. واتە هاوڵاتی خۆی خزمەتگوزارییەکانی خۆی دابین دەکات لە ڕێگەی ئەو پارەیەی کە دەیدات. جگەلەوەی لە زۆرێک لە پرۆژەکاندا، بەڕێوەبردنی پرۆژەکان کەوتووەتە ئەستۆی وەبەرهێنەرەوە، لەبەرئەوە زۆرێک لەو پرۆژانە لەکاتی خۆیدا خزمەتگوزارییان پێنەگەیشتووە. سەرەڕای ئەوەی لە پێدانی مۆڵەتەکان ڕەزامەندیی وەزارەتەکانمان وەرگرتووە، بەوپێیە دەبێت هەر یەک لەو وەزارەتانە پلانی خۆیان دابنێن بۆ چۆنێتیی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان. زۆر پرۆژە هەیە، تائێستا پاککردنەوەی پرۆژەکە لەئەستۆی وەبەرهێنەرەکانە، تائێستاش کارەبای پرۆژەکە لەئەستۆی وەبەرهێنەرەکانە.لەبەرئەوەوەبەرهێنەرەکان لەسەرەتاوە بۆچوونێکیان بۆ دروست بووە کە حکومەت خزمەتگوزاریی ناگەیەنێتە سنووری هەموو پرۆژەکان، ئەمەش تا ئاستێکی باش ڕاست بووە، زۆر پرۆژە خزمەتگوزاریی پێنەگەیشتووەو ئێستا وەبەرهێنەرەکان دەیکەن.

**ڕۆژنامە: چ لایەنێک لەو کەمتەرخەمییە بەرپرسە؟**

*بابەتەکە کەمتەرخەمی نییە، بەڵکو فشارە لەسەر بودجەی حکومەت. لەماوەیەکی زۆر کەمدا، مۆڵەتمانداوە بە (٣٠)هەزار یەکەی نیشتەجێبوون. ڕاستە هیچ پرۆژەیەک بەبێ ڕەزامەندیی وەزارەتەکان نەبووە، بەڵام نەدەکرابودجەی‌حکومەت‌تەنیابۆوەبەرهێنان تەرخان بکرێت. دەبوو لە وەزارەتەکاندا پلان هەبێت، لەبەرئەوە دەکرێت ئێمە دەرس لەو پرۆسەیە وەربگرین، ئێستا مۆڵەت بە هیچ پرۆژەیەک نادەین ئەگەر نەزانین بودجەی پێویست بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی بۆ سنووری پرۆژەکە لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە ئامادەکراوە. لەگەڵ ئەوەدا ئالیەتی سەرپەرشتیکردنمان بەهێزتر کردووەو پێشنیازمان کردووە پرۆسەی سەرپەرشتیاری لە دەستەی وەبەرهێنان نەکرێت، چونکە ئێمە بەڕێوەبەرێتییەکی ئەندازیاریی نینو ئیمکانیەتی ئەوەمان نییە. دوو ساڵ لەمەوپێش داوای ئەوەمان کردووەو ئێستاش جەختمان لەسەر کردووەتەوە. زۆر نزیکین لەوەی بڕیارێک لە ئەنجومەنی وەزیران دەربکرێت کە سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان بخرێتە ئەستۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان (وەزارەتەکان)، چونکە ئەوان ئیمکانیەتێکی زۆریان هەیەو لەو نێوەندەدا دەستەی وەبەرهێنان دەبێتە هۆکاری پەیوەندیی لەنێوان لایەنی سەرپەرشتیارو وەبەرهێنەرەکاندا.

**ئێستا داواکاری جێبەجێکردنی زیاتر لە (٣٠-٤٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونمان ڕاگرتووە**

**ڕۆژنامە: کەواتە چاوەڕوانی بڕیارێکی لەو شێوەیە دەکەن؟**

* بەدڵنیاییەوە، ئێستا چەندین پرۆژەمان هەیە، مۆڵەتەکانمان ڕاگرتوون، چونکە توانای سەرپەرشتیاریمان نەماوەو لەوە زیاتر بەرگەی ئەو فشارە ناگرین کە لەسەر دەستە هەیە. هەوڵدەدەین، ئەو تیمە ئەندازیارییەی هەمانە بیانگوازینەوە بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان. ئەمەش لەڕووی یاساییەوە کارێکی باش دەبێت، ئێستا هاوکێشەکە بە جۆرێکە کە ئێمە خۆمان کارەکە دەکەینو هەر خۆشمان چاودێرو سەرپەرشتیاری کارەکەین، بەڵام دەمانەوێت ئەو کارەی ئێمە دەیکەین، لایەنێکی دیکە چاودێرو سەرپەرشتیاری بێتو ببێتە فلتەرێک بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەک بکرێت، لایەنی سەرپەرشتیار ڕاستی بکاتەوە.

**ڕۆژنامە: لە وەبەرهێناندا باس لە ڕاکێشانی سەرمایە دەکرێت، لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون تێبینی دەکرێت کە ڕاکێشانی سەرمایە نەبێت، چونکە وەبەرهێنەر بەخۆڕایی زەوی لە حکومەت وەردەگرێت، پاشان پارەی پرۆژەکەش لەئەستۆی هاوڵاتییانە، واتە زەویی حکومەتو پارەی خەڵک، نەک ڕاکێشانی سەرمایە؟**

* هەڵسوڕانی سەرمایە کارێکی گرنگە، لە (٣٠)هەزار یەکەی نیشتەجێبوون کە پێشتر دروستمان کرد، خەڵکێکی زۆر پارەیان دا، ئەو پارانە هاتنەوە ناو بازاڕ، لە ئەنجامی ئەو پرۆژانەوە، بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ (١٤٧)هەزار هەلی کار ڕەخسێنراوە. بێگومان ئەو پرۆژانە، ئاڵوگۆڕی کاڵایان تێدایە، کاڵای تێدا دەکڕدرێتو (٦٥٪)ی ئەو کاڵایانە لە بازاڕەکانی ناوخۆ دەکڕدرێن. ئەو هەموو ئالیاتو ئۆتۆمبێلو مەکینانەی لەسەر پرۆژەکان ئیش دەکەن، دیسان پێویستیان بە وەستاو فیتەرو ... هتد دەبێت، ئەمەش دیسانەوە هەڵسوڕانی سەرمایەو هەلی کار دروست دەکات. کەواتە سەرمایەگوزارییەکی زۆر هاتووەتە ناوەوەو ئەگەر سەرجەم پرۆژەکانی وەبەرهێنان شیکاریان بۆ بکرێت، دەردەکەوێت کە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت زیاترن لەو پرۆژانەی لە بودجەی حکومەت جێبەجێدەکرێن. کەواتە ئەگەر سەرمایەش نەهاتبێتە کوردستان، هەڵسوڕانی سەرمایە بەشێوازێکی چالاکانە کاری کردووە. ئەگەرچی بە ڕەچاوکردنی هەموو کەموکوڕییەکانەوە، (٣٠)هەزار یەکەی نیشتەجێبوون، ئەگەر تێکڕا (٤٠) هەزار دابنرێت، دەکاتە (١٢٠٠٠٠٠)دۆلار، کەواتە بەو ڕێژەیە کاری سەرمایەگوزاریی دەکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەوەتان ڕوونکردەوە کە ئەو خزمەتگوزارییانەی لەناو پرۆژەکاندا پێشکەش دەکرێن، تێچوونەکەیان دەخرێتە سەر نرخی یەکەکان، بەڵام تێبینی دەکرێت، لە هەندێک پرۆژەدا تێچووی خزمەتگوزارییەکان زۆر زۆرە؟**

* وەکو چی؟

**ڕۆژنامە: لە پرۆژەی گوندی ئارام، شووراو چوونە ژوورەوە بە (١١)ملیۆن دۆلار خەملێنراوە، یان لەپرۆژەکاندا دروستکردنی پارکێک بۆ نموونە تێچووەکەی زۆرە؟**

* سەرەتا ئاماژەم بە خاڵێک کرد، ئەمە سەرمایەیەک نییە حکومەت بیدات. ڕەنگە ئەمە هەڵەیەک بێت لە جەدوای ئابووریی پرۆژەکە. ئەو بڕە پارەیەی وەبەرهێنەرەکە، بۆ نموونە بۆ دروستکردنی باخێک دیاریکردووە، پارەیەک نییە لە حکومەتەوە بدرێت، پارەیەکە وەبەرهێنەرەکە خۆی دەیدات.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئەو پارەیە دەچێتە سەر نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون؟**

* ئێمە پابەندین بە حاڵەتێک، ئەو یەکەی نیشتەجێبوونەی دروست دەکرێت، نەخشەو دەرخستەی هەیە، دەرخستەکە بریتییە لە کەمیات، ئێمە لەسەر بنەمای کەمیات مامەڵە لەگەڵ پرۆژەکەدا دەکەین، نەک لەسەر بنەمای ئەو چەند دەدات بە خزمەتگوزارییەکان. جاران کە کارمان دەکرد، دەرخستەی جێگیرو ستانداردمان نەبوو، لەبەرئەوەی فەرمانگەیەکی هەندەسیو جێبەجێکار نین، بەڵام لە ئەنجامی ئەو پرۆژانەی تێپەڕیون، هەستاین بە ئامادەکردنی کوالێتییەکی ستاندارد، بۆ نموونە دەڵێین، دەبێت ڕێژەیەک کۆنکرێت لە بینادا هەبێت، ئەوەندە مەتر مورەبەعی کاشی دەبێت لەو بینایەدا هەبێت. کەواتە وەبەرهێنەر هەر ژمارەیەکی دیاریکردبێت، بۆ ئەوەی سەرمایەی پرۆژەکەی بەرزبکاتەوە، کارناکاتە سەر پرۆژەکە، چونکە سەقفی پارەکە ستانداردەو وەک خۆی ماوەتەوە. ناکرێت پێش ڕووداوەکەش بکەوینو بڵێین، وەبەرهێنەر ئەو پارەیە خەرج ناکات، بەڵکو دەبێت چاودێری بکەینو بزانین پارەکە خەرج دەکات یان نا، لەبەرئەوە دەمانەوێت سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان لە ئەستۆی وەزارەتەکان بن کە ئیمکانیاتی هەندەسییان هەیەو دەتوانن بەدواداچوونو لێپێچینەوە بکەن.

**ڕۆژنامە: لەکۆی پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکاندا، ژمارەیەکی کەمیان سەر بە سێکتەری کشتوکاڵن، بۆچی کەرتی کشتوکاڵ لەناو پرۆژەکاندا لاوازە؟**

* ڕەنگە ئەمە کەموکوڕییەک بێت، تائێستا ئێمە پلانێکمان نییە، چونکە ئێمە خاوەنی سێکتەری کشتوکاڵ نین، خاوەنەکەی وەزارەتی کشتوکاڵە. دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ لیستێکمان پێبدات کە پرۆژەکانی تێدا دیاریی کردبێتو زەوییەکانیمان بۆ دەستنیشان بکات. ئێمە تائێستا پێشوازی وەبەرهێنەرمان کردووە کە بێت پرۆژەیەکمان بۆ بهێنێت، ئەمە هۆکاری یەکەم، هۆکاری دووەم، کێشەی زەوییە. بۆ نموونە، چەند مۆڵەتێکمان هەیە کە پرۆژەی ستراتیژیی زۆر گەورەن، یەکێکیان کۆمپانیایەکی گەورەی میسرییە کە کار لە بواری (گاوداری) دەکات لەناوچەی هەریر، تائێستا کێشە لەسەر ئەو زەوییە هەیە کە بۆی تەرخانکراوە. ئەگەرچی وەزارەتی کشتوکاڵ زەوییەکەی تەرخانکردووە. کێشەی زەویوزار کێشەیەکی گەورەیە بۆ وەبەرهێنەرانی بواری کشتوکاڵ. لەلایەکی دیکەوە پەرەپێدانی بواری کشتوکاڵ، بە تەنیا بەس نییە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵو پێویستمان بە دوو یاسا هەیە کە بەسەر پرۆژە پیشەسازییەکانیشدا جێبەجێدەکرێن،ئەوانیش یاسای پارێزگاریکردنی بەرهەمهێنەرو یاسای پارێزگاریکردنی بەکاربەرە کە ئێستا خۆشبەختانە ئەو یاسایانە بۆ گفتوگۆکردن لە پەرلەمانن.

**ڕۆژنامە: کەواتە دەستەی وەبەرهێنان پێویستی بە پلانو بەرنامەڕێژیی هەیە؟**

* بەداخەوە، لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا نەبووین بە خاوەنی نەخشەیەکی ڕێگا کە بەهۆیەوە بە وەبەرهێنەرەکان بڵێین، پێویستمان بەو پرۆژانەیەو جێبەجێی بکەن. لە ڕاستیدا ئەو نەخشەی ڕێگایە ئیشی دەستەی وەبەرهێنان نییەو دەبێت لە وەزارەتەکانەوە جێبەجێبکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی(٢٠٠٨)دا دەستپێشخەرییەکی گەورەی کرد، بەوەی بیرۆکەی شیکردنەوەی سێکتەرەکانی خستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران. شیکردنەوەی سێکتەرەکان، واتە سێکتەری دیاریکراو بخرێتە ژێر توێژینەوەو ڕووپێویی تەواوی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی کێشەکانی دیارییبکرێن، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، پاشان چارەسەرییەکان بگوازرێنەوە بۆ چالاکیو چالاکییەکانیش پرۆژەیان بۆ پێشکەش بکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەنجامەکەی چی بوو؟**

*ئەنجومەنی وەزیران تەکلیفی کرد، ئیش لەسەر سێ سێکتەر بکەین، سێکتەرەکانی کارەبا، ڕێگاوبان، ئاوو ئاوەڕۆ. ئەمە کارێکی زۆر سەختو تازە بوو لە کوردستان. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بانگەوازی بۆکرا،کۆمەڵێک کۆمپانیا بەشدارییان لە کێبڕکێکەدا کردووەو سێ کۆمپانیا بردیانەوە. کۆمپانیایەک (PB) تایبەت بە کارەبا، کۆمپانیای (سێتەک) کە کۆمپانیایەکی نەمساوی ئەڵمانییە بۆ ئاوو ئاوەڕۆ، لەگەڵ کۆمپانیای (دارلهەندەسە) بۆ ڕێگاوبان. گرێبەست لەگەڵ وەزارەتەکان ئیمزاکراوەو چاوەڕواندەکرێت لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا، پلانەکان ڕادەست بکەنو ئەمە دەمانکات بە خاوەنی شێوازێکی گشتگیر لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. ئەوکاتە دەتوانین بڵێین، بۆ نموونە کێشەی کارەبا بەهەموو بەشەکانییەوە، لەو ماوەیەدا چارەسەر دەکرێتو پێویستی بەو پرۆژانە هەیەو تێچووەکەشی ئەوەندە دەبێت. ئەو شێوازی ئیشکردنە پێویست دەکات بۆ کۆی سێکتەرەکانی دیکە هەبێت. تەنیا ئەمە ئێمە دەکات بە خاوەنی پلانێکی درێژخایەن، ئەوکات ئێمە دەتوانین لیستێکی تەواو لە پرۆژەکانمان هەبێتو کاتێک وەبەرهێنەر دێت، سەیری پرۆژەکەی بکەینو بزانین ئایا لە ئەولەویەتی کارەکانمانە یان پێویستمان بەو پرۆژەیە نییە. ئەمە ئیشێک بووە دەستەی وەبەرهێنان کردوویەتی، کە کاری دەستەی وەبەرهێنان نەبووە، بەڵام هەڵبژاردنی سێکتەرەکان لەدەست وەبەرهێنەرەکان بووە. ئەوان لە ئەنجامی ئەو ڕووپێوییانەی خۆیان کردوویانە بۆ ئەوەی بزانن خەڵک پێویستی بە چی هەیە، پرۆژەیان پێشکەشکردووە.



هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان

## خواردنەوەی روو لە زیادبوونە

# کێ لە کوالێتی خواردنەوە کحولییەکان دەپرسێتەوە؟






فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

فرۆشیارانی خواردنەوە کحولییەکان ئاماژە بەوەدەکەن؛ بەکارهێنەرانی خواردنەوە کحولییەکان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەربڵاو زیادیکردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە «بەکارهێنەران» هیچ کات لە کوالێتیو مارکەی ئەو مەشرووباتە ناپرسن کە بەکاریدەهێننو دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی جەستەیان.

ئەم حاڵەتە لەکاتێکدایە بەشێکی زۆری ئەو خواردنەوە کحولییانەی لە بازاڕەکانی عێراقو هەرێمدا ساغدەکرێنەوە، رۆژانە لە تورکیاوە، لە رێگەی مەرزی ئیبراهیم خەلیل رەوانەی هەرێم دەکرێن، بەشێوەیەک «پێکهاتەی ئەو جۆرە خواردنەوە کحولییانە لەناو باخیرەدا دروستدەکرێت» کوالێتی خراپی هەیەو تورکیا رێگەنادات داخڵی ناوخۆی وڵاتەکەی ببێت، بەڵکو دوای ئەوەی لەژێر ناوی مارکە بەناوبانگەکانی جیهان بەرهەمیدەهێننەوەو گرووپێکی بازرگانی کە لەلایەن دەسەڵاتی هەردوولاوە پشتگیریی دەکرێت، هاوردەی هەرێمی کوردستانی دەکەن.

دیلان رەمزی مستەفا، یەکێک لە فرۆشیارەکانی خواردنەوە کحولییەکان ئاماژە بەوەدەکات؛ بەوپێیەی کارگەکانی عێراق ناتوانن بڕی پێویست بۆ بەکارهێنەرانی خواردنەوە کحولییەکان لە عێراقو هەرێم دابینبکەن، بەشێکی زۆری ئەو خواردنەوە کحولییانەی لەناو عێراقو هەرێمدا هەیە لە تورکیاوە دێت، لە تورکیاش دوای ئەوەی بە ئاودا تێدەپەڕێت دێتە (مێرسین)، کە یەکەم شاری کوردستانی تورکیایە، لەوێشەوە رۆژانە لە رێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە داخڵی هەرێم دەبێت. لەبارەی شوێنی بەرهەمهێنانی ئەو خواردنەوە کحولییانەوە، دەڵێت: «هەمووی لە بەحرەکەی قوبرس، کە دەکەوێتە نێوان تورکیاو ئێران لەناو باخیرەدا دروستدەکرێتو کوالێتی جۆرەکانیشی زۆر خراپە».

پێشتر لە عێراق چەندین کارگەی بەرهەمهێنانی خواردنەوە کحولییەکان هەبووە، بەڵام دوای پرۆسەی رزگاریی عێراق بەهۆی ناسەقامگیریی سیاسییو هەلومەرجی ئەمنیی پارێزگاکانی عێراق بەتایبەت بەغدا، هەموو ئەو کارگانە تەقێندرانەوە. ئێستا ژمارەیەک کارگەی دیکە پەیدابوونەتەوە، کە بەرهەمەکانیان وەک پێویست نین.

لە هەرێمی کوردستانیش کارگەیەکی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی بیرەو ویسکی شووشە تەواوکراوە، کە دەکەوێتە ناوچەی بازیانەوە، بێئەوەی تائێستا بەرهەمی هەبێت.

دیلان رەمزی رایدەگەیەنێت: «بەهۆی کەمیی بەرهەمی کارگە ناوخۆییەکانەوە، بازاڕەکانی هەرێم پشت بە بەرهەمی تورکیا دەبەستن، لەکاتێکدا دەوڵەتی تورکیا خۆی رێگەنادات ئەو جۆرە مەشرووباتە بەو کوالێتییە خراپە داخڵی وڵاتەکەی خۆی ببێت، بەڵکو بۆ عێراقی دەنێرێت بەدوو شێوە، بەشێکیان مەشرووباتە بەناوبانگەکانی تورکیایە، کە دیسانەوە ئەو مارکە نییە کە خۆی هەیەتی، جۆری دووەمیش ئەو مەشرووباتەیە کە لە دەرەوە بۆی دێت، بۆ نموونە توبۆرگو کارلسبێرگ دووجۆر بیرەی بەناوبانگی دانیمارکن، ئەو کارگەیە هەستاوە ئیمتیازێکیان داوە بە تورکیا بەو کوالێتییەی بۆی سەرفدەبێت، بەرهەمی دەهێنێتو داخڵی عێراقی دەکات، بۆیە ئەگەر سەیربکەیت ئەو بیرە توبۆرگەی لە تورکیا هەیە دانیمارکییە، بەڵام ئەوەی کوردستان تورکییە».

تورکیا سوودمەندی ژمارەی یەکی بازرگانیی خواردنەوە کحولییەکانو جگەرەیە، ئەویش بەچەند شێوەیەک: لەکاتی هێنانی خواردنەوە کحولییەکاندا لە رێگەی باخیرەوە حەقی وەستانی باخیرەکان لەسەر ستولی تایبەت وەردەگرێت، جگە لە رافیعەو کرێکارەکان، دواتر لە رێگەی ترێلەی تورکییەوە دەگوازرێتەوەو جارێکی دیکە دەوڵەت گومرگی دەکاتو پاشان داخڵی کوردستان دەبێت، لە هەرێمیش تەنیا ئجور کەشفێک وەردەگیرێتو گومرگ ناکرێت.

وەک چۆن لە هەرێمدا زۆربەی بازرگانییە جۆربەجۆرەکان بەرپرسە باڵاکان لە پشتییەوە وەستاون، ئەو فرۆشیارەی خواردنەوە کحولییەکان جەخت لەهەمان حاڵەت دەکاتەوەو وتی: «بەرپرسی باڵای تورکیاو هەرێم لەپشت ئەو گرووپە گەورەیەن کە بازرگانیی مەشرووباتو جگەرە دەکەنو کارئاسانیی تەواویان بۆ کراوە، بەشێوەیەک جگە لە ئەوان هەر کەسێک لەدەرەوەی ئەو گرووپە بیەوێت ئەو بازرگانییە بکات، سەرکەوتن بەدەستناهێنێت».

بازرگانیی مەشرووباتو هێنانی بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ عێراق نییە، بەڵکو بەشێکی زۆری لە رێگەی قاچاغو خاڵە سنوورییەکانەوە رەوانەی ئێران دەکرێت، لای ئێرانییەکانیش رەواجی ئەو مەشرووباتە هەیە، کە رێژەی کحولی بەرزە.

هەربۆیە ئەو فرۆشیارەی خواردنەوە کحولییەکان، کە ماوەی (١٢) ساڵە خەریکی ئەو کارەیەو (٤) ساڵیش کاری قاچاغی سنوورەکانی ئێرانی کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ ئەو کارگەیەی لە هەرێم کراوەتەوە ئامانجی گەورەیان تەختیەکردنی داواکاریی مەشرووبی ئێرانە».

ئەو کارگەیەی هەرێم بەپێی خواستی بازرگانەکانی سلێمانی، کە ئیشیان رەوانەکردنی مەشرووبە بۆ ئێران، بیرەو ویسکی قووتو بەرهەمدەهێنێت».

هەرچەندە ئامارێکی دروست لەبارەی رێژەی ئەو خواردنەوە کحولییانەی رۆژانە دەگەنە هەرێمی کوردستان، لەبەردەستدا نییە، بەڵام وەک دیلان ئاماژەی پێکرد، رۆژانە رێژەیەکی بەرچاو مەشرووب دەگاتە هەرێمی کوردستان، ئەو گەیشتنەش بەپێی هاتنی وەرزەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، وەک ئەوەی لە بەهاردا کاتی هاتنی بیرەیە، لەزستانیش زیاتر ویسکی سەرفدەبێت.

دیلان رەمزی دەڵێت: «بەکارهێنەرانی خواردنەوە کحولییەکان لە هەرێمدا بێشومار زیادیکردووەو رەنگدانەوەی ئەو حاڵەتەش بەپێی کراوەیی ناوچەکان زیاتر دەردەکەوێت، پێموانییە خواردنەوە کحولییەکان لە هەولێرو دهۆک کەمتر لە سلێمانی سەرف بێت، بەڵام لەوێ رەنگە شاراوەتر بێت، لە سلێمانی دووکانی مەشرووب زیاترەو نادییەکان زیاترن، پێشتر (٥٠) دووکانی موفرەد هەبوو، بەڵام ئێستا لەسەرووی (١٥٠) دووکان هەیەو هەموو ئەو فرۆشیارانەش بژێویی ژیانیان زۆرباشەو هاوکات زروفێکی باشیشیان هەیە، جگە لەوەی لە سنووری سلێمانی زیاتر لە (٩٠) نادی هەیە».

بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو جۆری خواردنەوە کحولییەکانی بۆ هاوردە دەکرێتو بەنرخێکی کەمیش دەفرۆشرێتەوە، نزمیی نرخی خواردنەوە کحولییەکانیش پێدەچێت ئاماژەیەکی دروست بێت بۆ خراپیی کوالێتیو نەبوونی چاودێریی لەسەر هێنانی ئەو جۆرە خواردنەوانە.

تەنیا بیرە (٢٨) جۆری هەیە، هەموو جۆرەکانیش یەک تامو رەنگو بۆنیان هەیە، بەهۆی خراپیی کوالیتیشەوە نرخەکانیشیان نزمە، ئەمەش نەک بە ئامێری کوالێتی کۆنترۆڵ چارەسەرناکرێت، بەڵکو لە موختەبەرەکانی زانکۆش تێدەپەڕن، چونکە ئەو پشکنینە بۆ ئەوەیە بزانرێت بیرەیە یان نا؟ بەڵێ بیرەیە، بەڵام کوالێتی چۆنە، ئەمە شتێکی دیکەیە. «جێی گومانە کارتۆنێک بیرە لە هۆڵندا دەربچێتو بە ئاودا بێتە تورکیا، لەوێش بگوازرێتەوەو زەریبەو گومرگو بارکردنو شکانو تەلەفی بێتە سەر تا دەگاتە هەرێم، لێرەش مەسرەفی دیکەی تێدەچێت، کەچی بە (١٠٠٠) دینار بفرۆشرێتو خێریش بکات!؟».

# کەمتر (٢٩٪)ی خێزانەکان، بەشەخۆراکی مانگانە بە باش دەزانن

ئا: بەهادین یوسف

زۆرینەی هاوڵاتییانی عێراق مانەوەو دابەشکردنی خۆراک بەپێی کۆبۆنی خۆراک بەپێویست دەزانن، سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی مادە خۆراکییەکان بە خراپ دەزاننو پێیانوایە؛ لە ئاستی پێویستدا نییە.

بەپێی راپۆرتێکی دەزگای ناوەندیی ئامارو تەکنەلۆژیای زانیاریی سەر بە وەزارەتی پلاندانانی عێراق، کە لەماوەی (١٠) رۆژدا ئەنجامدراوە، رای (٤٥٨) بریکاری دابەشکردنی خۆراک وەرگیراوە، کە خۆراکی (١٢٠) هەزار خێزان لە (٥) پارێزگا دابەشدەکەن، تائێستاش بەپێویستی دەزانن ئەو سیستمە بمێنێتەوە.

ئەنجامی راپرسییەکە ئەوەی دەرخستووە، کە (٥٤,٦٪)ی خێزانەکان ماوەی مانگێک زیاتر ئاردیان وەرنەگرتووەو (٩٪)یشیان بۆ ماوەی (٤-٦) مانگ هەمان مادەیان وەرنەگرتووەو (٣٥٪)یشیان بۆ ماوەی (٢-٣ ساڵ) ئاردیان وەرنەگرتووە، لە هەمانکاتدا (٣٢,٦٪)ی خێزانەکان ماوەی یەک ساڵ برنجیان وەرنەگرتووەو (٤٧,٧٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (٢-٣) ساڵ لە بریکارەکانی خۆراک وەرنەگرتووەو رێژەی (٢,٢٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (١٣) مانگ برنجیان وەرنەگرتووە.

سەبارەت بە شەکریش ئەو خێزانانەی، کە لە مانگێک زیاتر بەشەکەیان دواکەوتووە، یان وەریاننەگرتووە گەیشتووەتە (٣٦,٦٪)و رێژەی (٥,٦٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (٤-٦) مانگ ئەو مادەیەیان وەرنەگرتووەو رێژەی (٣٢٪)ی ئەوانەیشی، کە راپرسییەکە گرتوونیەتییەوە بۆ ماوەی (٢-٣) مانگ شەکریان وەرنەگرتووە، (١١٪)یش بۆ ماوەی (٧) مانگ بۆ ساڵێک شەکریان وەرنەگرتووە، (١٤٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (١٣) مانگ شەکریان وەرنەگرتووە.

سەبارەت بە رۆنو زەیتی چێشتلێنانیش (٣٦٪)ی خێزانەکان بۆ ماوەی (١) مانگ ئەو مادەیەیان وەرنەگرتووەو (٤٩,٦٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (٢-٣) مانگ وەریاننەگرتووە.

راپرسییەکەی دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق ئەوەشی ئاشکراکردووە، کە (١١,٧٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (٤-٦) مانگ مادە پاقلەمەنییەکانیان وەرنەگرتووەو رێژەی (٦٢٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (٧) مانگ ئەو مادەیەیان وەرنەگرتووەو رێژەی (٢١,٦٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (١٣) مانگ پاقلەمەنییەکانیان لە بریکارەکانی خۆراک وەرنەگرتووە، سەبارەت بە (چا)ش (٥٣٪)ی خێزانەکان بۆ ماوەی حەوت مانگ بۆ ساڵێک ئەو مادەیەیان وەرنەگرتووەو (٢١,٦٪)ی خێزانەکانیش بۆ ماوەی (١٣) مانگ (چا)یان وەرنەگرتووە.

بەشێوەیەکی گشتیش (١٤,٥٪)ی خێزانەکان بۆ ماوەی یەک مانگ هیچ جۆرە خۆراکێکیان لە بریکارەکانەوە وەرنەگرتووەو (٣١,٥٪)یش بۆ ماوەی (حەوت) مانگ بۆ (یەک) ساڵ بەشەخۆراکی مانگانەیان وەرنەگرتووە، (١٨٪)یش بۆ ماوەی (١٣) مانگ بەشەخۆراکیان وەرنەگرتووە.

سەبارەت بە نەوعیەتی ئەو ئاردەی وەریانگرتووە (١٢٪)ی هاوڵاتییان پێیانوایە؛ خراپەو (٥٠٪) بەناوەندو (٣٨٪)یش بە باشیان داناوەو سەبارەت بە برنجیش (١٥٪)ی دانیشتووانیش جۆرەکەی بە خراپو (٤٣٪) بە ناوەندو (٤١٪) بە باشی دەزانن، لە بەرامبەردا (٨٣٪)ی خێزانەکان شەکری بەشە خۆراک بە باش دەزاننو (١٤٪) بە ناوەندو (٣٪) بە خراپی دەزانن، هەروەک (٧٢٪)ی خێزانەکان مادەی (چا) بە خراپ دەزاننو (٢٢٪) بە ناوەندو (٦٪) بە باشی دەزانن.

سەبارەت بەکۆی گشتیی بەشەخۆراکی مانگانەش (١٦٪)ی خێزانەکان، کە لە راپرسییەکەدا بەشدارییان کردووە، بە خراپی دەزاننو (٤٥٪)یش بە ناوەندو (٢٩٪)ی خێزانەکانیش جۆری ئەو خۆراکەی کە بە کۆبۆنی خۆراکو لەڕێی بریکارەکانی خۆراکەوە وەریدەگرن بە باشی دەزانن.

# (٩٪)ی دانیشتووانی دهۆکو (٣٪)ی هەولێرو سلێمانی، لەخوار هێڵی هەژارییەوەن

رۆژنامە

دەزگای ئاماری عێراقی ئاشکرایکرد کە (٢٣٪)ی دانیشتووانی عێراق لەخوار هێڵی هەژارییەوەنو لەو رێژەیەش، زۆرینەیان لە گوندەکاندانو بەرزترین رێژەش لە پارێزگاکانی سەلاحەدینو موسەنان، کە رێژەکەیان (٤٠٪) تێپەڕیکردووە، هەروەک دهۆکیش یەکێکە لە پارێزگا هەژارەکانو (٩٪)ی دانیشتووانەکەی لە خوار هێڵی هەژارییەوەن.

دامەزراوەی ناوەندی ئامارو تەکنەلۆجیای زانیاریی عێراقی کە سەر بە وەزارەتی پلاندانانی عێراقییە، راپۆرتی تایبەت بە هێڵی هەژاری لە عێراقو ئاماژەکانی بڵاوکردەوە، کە لیژنەیەکی تایبەت بە سیاسەتی کەمکردنەوەی هەژاریی سەرپەرشتییان کردووە، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەو ئامارەوە کاربکەن بۆ کەمکردنەوەی هەژاریی.

راپۆرتەکەی دەزگای ناوەندیی ئامار، ئەوەشی ئاشکرا کردووە، کە رێژەی دەستکەوتی هەر تاکێکی عێراقی، مانگانە (١٢٧) دیناربووە (٩٧هەزار دینار لە گوندەکانو ١٣٩ دینار لە شارەکان). هێڵی هەژاریی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەستهاتی مانگانەیان (٧٦٨٩٦) دینارە، ئەمەش نزیکە لە وڵاتانی دەوروبەرەوە.

هەروەها هێڵی هەژاریی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ناتوانن پێداویستییە خۆراکیو ناخۆراکییەکانی رۆژانەیان بەدەستبهێنن، بەوپێیەش (٢٣٪)ی عێراقییەکان لە هێڵی هەژاریدا دەژین، بەمەش دەردەکەوێت کە نزیکەی چارەک یان پێنجیەکی دانیشتووانی عێراق بەکاربەرنو لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین.

راپۆرتەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە، کە هەژاریی لە گوندەکاندا زیاترە وەک لە شارەکانداو سەرەڕای ئەوەی لەهەندێک پارێزگادا رێژەی ئەوانەی لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، لە ئاستێکی مەترسیداردایەو رێژەکەی گەیشتووەتە سەرووی (٤٠٪)وئەو پارێزگایانەش (٤٩٪ی دانیشتووانی پارێزگای موسەناو ٤١٪ی دانیشتووانی بابلو ٤٠٪ی دانیشتووانی سەلاحەدین)ن، کە لەخوار هێڵی هەژارییەوەنو لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیش، رێژەی ئەو کەسانەی لەخوار هێڵی هەژارییەوەن (١٠٪) کەمترەو رێژەکەش بەمشێوەیە (٩٪ی دهۆک، ٣٪ی دانیشتووانی هەولێرو سلێمانی) لە خوار هێڵی هەژارییەوەن.



# نەبوونی خزمەتگوزاریی، گوندەکان بە گوندنشینەکان چۆڵدەکات

**راپۆرتی: شاسوار مامە**

دانیشتووانی گوندەکانی ناحیەی سەرکەپکان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە بەرەو چۆڵبوون دەچن و لەو چوارچێوەیەشدا دانیشتووانی گوندی مێدێرە لە دۆڵی شاوریێ نیگەرانن لە نەبوونی خزمەتگوزاریی و ئاماژە بە خراپیی رێگاوبان و نەبوونی پرۆژەی ئاودێریی و نەخۆشخانەو کارەبا دەکەن.

مەولود خدر، کە هاوڵاتییەکی گوندەکەیە بە رۆژنامەی راگەیاند: گوندی مێدێرە خاوەنی (٣٠) شەهیدەو هەمیشە شوێنگەی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە، بەڵام حکومەت پەراوێزی خستووەو تائێستا کارەبای پێویستیان نییەو رێگاوبانیان زۆر خراپەو پرۆژەی ئاودێریی و نەخۆشخانەو ئاوی خواردنەوەیان نییە.

ئەو هاوڵاتییە ئاماژە بەوەدەکات، گوندەکەیان پەراوێزخراوەو کەمترین پرۆژەی خزمەتگوزاریی نەگەیشتووەتە گوندەکە.

عائیشە ئیسماعیل وتی: هیچمان بۆ نەکراوەو گوندەکەمان پشتگوێخراوە، ئاماژەی بەوەشدا کارەبایان نییەو رێگاوبانیان زۆر خراپەو نەخۆشخانەیان نییەو ئاوی خواردنەوەو پرۆژەی ئاودێرییان نییە، ئەو خانمە راشیگەیاند: گوندەکەیان پێشتر دەیان ماڵی لێ نیشتەجێ بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی زۆرینەیان روویان لە رانیە کردووەو ئێستا تەنیا (١٥) ماڵی لێ ماوە.

ئەو خانمە داوای لە حکومەت کرد ئاوڕ لە گوندەکەیان بداتەوە.

مستەفا ئیسماعیل، کە گەنجێکی گوندەکەیە بۆ رۆژنامە وتی: گوندی مێدێرە خاوەنی سەروەریی مەزنە لە شۆڕشەکان و لانکەی پێشمەرگە بووەو حکومەتیش خزمەتی گوندەکەی نەکردووە.

وتیشی: «مێدێرە سەرەڕای ئەوەی ژمارەی نیشتەجێبووانی کەمیکردووە، بەڵام زیاتریش بەرەو چۆڵبوون دەچێت، چونکە خزمەتگوزاریی پێشکەشی گوندەکەمان ناکرێت».

ئەو گەنجە وتیشی: «گوندی وا هەیە تەنیا یەک ماڵی لێیە، بەهۆی ئەوەی ماڵەکە نزیکن لە دەسەڵات، کێشەی رێگاوبانیان بۆ چارەسەر کردوون، بەڵام گوندی مێدێرە بێبەشکراوە لە خزمەتگوزارییەکان و تائێستا کارەبای وەک پێویستی نییەو ئاوی خواردنەوەو نەخۆشخانەی نییە، هەروەها پرۆژەی ئاودێریی تائێستا بۆ گوندەکە نەکراوە، کە ئەوەش کێشەی بۆ جوتیاران دروستکردووەو وایکردووە بەرهەمی کشتوکاڵییان نەبێت.

لەوبارەیەوە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، هیوا قەرەنی، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان، ئاماژە بەوە دەکات؛ بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەو گوندەو گوندەکانی دیکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. راشیگەیاند: بڕیارە کێشەی کارەبایان بۆ چارەسەربکرێت و رێگای سەرەکیی گوندەکەش لەگەڵ رێگای گوندەکانی دیکەی دۆڵی شاوریێ قیرتاو دەکرێت. هیوا قەرەنی ئاماژەی بەوەشدا؛ لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێریی لە گوندی مێدێرە.

گوندی مێدێرە دەکەوێتە دۆڵی شاوریێ لە سنووری ناحیەی سەرکەپکان و بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە زۆرینەیان روویان لە شار کردووەو تەنیا (١٥) ماڵ لە گوندەکە ماوە، سەرەڕای ئەوەی گوندی مێدێرە خاوەنی (٣٠) شەهیدن، بەڵام حکومەت وەک پێویست خزمەتی نەکردوون. دانیشتووانی گوندی مێدێرە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و بەرهەمی میوەهاتەوە خەریکن.



گوندنشینەکان ناتوانن چیتر لە گوندەکاندا بمێننەوە

# ئینستیتیوتی کوردستان: مامەڵەکردنی پۆلیس و ئاسایش لەگەڵ رۆژنامەنووسان زۆرجار نامرۆڤانەیە

**راپۆرتی: ئارام محەمەد، ئاوارە حەمید**

ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە سێیەم راپۆرتی خۆیدا لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ و ئەو پێشێلکارییانەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسان بووەتەوە، راپۆرتی (پرۆگرامی میدیای ئازاد)ی بڵاوکردەوەو تیایدا لەماوەی (٢٠٠٩/١/١) تاوەکو (٢٠٠٩/١٢/٣١) بە ژمارە (٦٧) پێشێلکاریی لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) تۆمارکردووە.

لە پێشەکی راپۆرتەکەی ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، هاتووە؛ رەوشی رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا رەوشێکی جیاوازترە لە ساڵانی رابردوو، بەوەی لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دەزگاکانی راگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی بیستن و بینین و نووسراوو ئەلیکترۆنییەوە، پێشێلکارییەکانیش دژ بە ماف و ئازادیی رۆژنامەنووسان بەردەوام لە زیادبووندان، چ فیزیکی و جەستەیی چ مەعنەویی و دەروونیی، ئەمەش زەنگێکی ترسناکە دژ بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی رادەربڕین.

راپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو، کە لەماوەی ساڵی (٢٠٠٩)دا سەدان رۆژنامەنووس راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە رێگەی ئیمەیل و ژمارە مۆبایلی تایبەتەوە هەڕەشەی جۆراوجۆر تا رادەی کوشتنیان لێکراوە، ئەمە جگە لەوەی مامەڵەکردنی پۆلیس و ئاسایش لەگەڵ رۆژنامەنووسان لەکاتی رووداونی کێشەکاندا زۆرجار مامەڵەیەکی نامرۆڤانەو نایاساییانەیە، کە هەم دوورە لە ئەخلاق و ئەرکی پیشەیی پۆلیس و کارمەندی دەوڵەت، هەم تا سەر ئێسقان ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئازادیی رادەربڕین، هەروەها رۆژنامەنووسان لەماوەی ئەو ساڵەدا رووبەڕووی چەندین بێڕێزیی و مافشکاندن بوونەوە وەک: گرتن و بەندکردن، لێدان، پێنەدانی زانیاریی، سووکایەتیکردن بە رۆژنامەنووسان بە جیاوازی ناسنامەو بیروڕایانەوە، لێزەوتکردنی کەلوپەلەکانی کارکردنیان و هەندێکجار شکاندنیان، قەدەغەکردنیان لە رووماڵکردنی هەندێک لە بابەت و پرسە جۆراوجۆرەکان.

لەکۆتایی راپرۆتەکەشدا چەند راسپاردەو پێشنیازی خستووەتەڕوو، کە بە بڕوای ئینستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ چارەسەرێکی یەکلاییکەرەوەی پرسی پێشێلکارییەکانە دژ بە رۆژنامەنووسان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، راسپاردەکانیش بریتین لە: پێکهێنانی لیژنەیەک لە سەرۆکایەتییەکانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی پرسی پێشێلکاریی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان، هەروەها گشتاندنی یاسای رۆژنامەگەریی بۆ هەموو دادوەرەکان و دەزگا ئەمنییەکان و کردنەوەی کەناڵی دیالۆگی راستەوخۆ لەنێوان بەرپرسان و رۆژنامەنووساندا، بەتایبەت بوونی رۆژێک لە مانگێکدا بۆ دیدار لەگەڵ رۆژنامەنووسان لەلایەن بەڕێزان لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی کوردستان (سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران)، هەروەها لێپرسینەوەی یاسایی و دەستبەجێ لە هەموو ئەو بەرپرس و پلەدارو کەس و لایەنانەی بێ یاسایی پێشێلکاریی بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکەن. دواتر داوای ئەوە کراوە هەوڵبدرێت شەفافیەت و پێدانی زانیاریی بە رۆژنامەنووسان لەلایەن دەزگا حکومییەکانەوە پەرەی پێبدرێت. ئینستیتیوتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ، رێکخراوێکی ناحکومیی سەربەخۆیەو کار دەکات لەپێناو چاودێریکردن و پاراستن و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی.

# پرۆژەیەکی جوانکاریی، چەمچەماڵ ناشرین دەکات

**ئاری لوقمان، چەمچەماڵ**

پرۆژەی جوانکاریی شەقامی سەرەکیی چەمچەماڵ جگە لەوەی کە لەکاتی خۆیدا تەواونەبوو، ناو شارۆچکەی چەمچەماڵی شێواندووەو نارەزایەتی لای هاوڵاتییان و کاسبکارانی ئەو شەقامە دروستکردووەو گرفتێکی زۆری راپەڕاندنی کارەکانی بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە.

هێمن قادر، دانیشتووی گەڕەکی گوڵەسووتاو، سەبارەت بە سستیی کارکردن لە پرۆژەکەو گرفتەکانی رۆژانەیان بۆ رۆژنامە وتی: «ماوەی هەشت مانگە دەستکراوە بە کارکردن لەو پرۆژەیەدا، بەڵام وەک پێویست کاری تێداناکرێت، لەبەرئەوە هاوڵاتییان بەگشتیی و خوێندکارەکانمان بەتایبەتی لە وەرزی رابردووەوە تائێستاش تووشی تەنگو چەڵەمەو گرفت بوون».

پرۆژەکە بریتییە لە بیهارتۆن و دروستکردنی شۆستەو فراوانکردنی شەقامی سەرەکیی چەمچەماڵ، لەگەڵ دانانی رووناکی و چاکسازیکردن لە هێڵی شەقامەکەدا، پرۆژەکە لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەو لەلایەن کۆمپانیای عوسمان حەسەنەوە جێبەجێدەکرێت و بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکە (٢) ملیارو (٨٤٢) ملیۆن دینار بووە لە سەرەتای گرێبەستەکەدا، بەڵام لەدوای دروستبوونی لەمپەرو گۆڕانکاریی لە پرۆژەکەدا، بڕی پارەی تەرخانکراو زیادکرا بۆ (٣) ملیارو (١٠٨) ملیۆن دینارو ماوەی پرۆژەکەش (١١٩) رۆژ زیادکراوە، ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکە بەهۆی ئەوەی (٤٦) رۆژ کاری تێدا وەستاوە، (٧٣) رۆژیش زیادکراوە بۆ گۆڕانکارییەکانی ئەو پرۆژەیە.

سەبارەت بە پرۆژەکەو تەواونەکردنی، فەرهاد مەحمود، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەم پرۆژەیە دوانەکەوتووە، لەبەرئەوەی کە دەستکرا بە کارکردن ماوەی پرۆژەکە (٢١٠) رۆژ بوو، بەڵام هەڵەو کەموکووڕیی لە دیزاین و دەرخستەکەیدا هەبوو، گۆڕانکاریی تێداکراو ئاوەڕۆی دیکەی بۆ زیادکرا، ئەو ئاوەڕۆیانەش بڕیاربوو شارەوانی ئەنجامی بدات، بەڵام ئەوەش درا بە کۆمپانیاکە جێبەجێی بکات، بەهۆی ناردنی تەندەرو نرخاندنەوە (١٢٠) رۆژی پێچوو، ئێمەش کارەکەکەمان وەستاند».

لەلایەکی دیکەوە، عەلی عەبدولقادر، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری شارەوانیی چەمچەماڵ بۆ پرۆژەکە جەخت لە فراوانیی پرۆژەکە دەکاتەوە، کە لە ناوچەی پیشەسازییەوە دەستپێدەکات تا بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ بە درێژیی (٢٣٠٠) مەتر.

عەلی عەبدولقادر، وتیشی: «لە رۆژی (٢٠٠٩/٢/٢٧)ەوە دەستکراوە بە کارکردن تێیدا، دەبووایە لەماوەی (٢١٠) رۆژدا تەواوبکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە ئامادەکردنی دەرخستەکەدا، کە لەلایەن شارەوانییەوە ئامادەکرا کەموکووڕیی و هەڵە هەبوو گۆڕانکاریی تێداکراو مەنهۆڵی بۆ دانراوەو بڕگەی کارەبایی و بڕین و تەختکردنی رێگاکەشی تێدابوو، لەبەرئەوە پرۆژەکە لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا تەواونابێت».

دوکاندارەکانی سەر شەقامی سەرەکیی چەمچەماڵ ئاماژە بەوەدەکەن؛ تێکچوونی شەقامەکەکاری کردووەتەسەر بژێویی ژیانیان و شۆفێرەکانی چەمچەماڵیش بە ناچاریی ئەو شەقامەیان چۆڵکردووەو رێڕەویان گۆڕیوە، هەموو ئەمانەش لەپێناو جوانکاریی شارەکەیاندا بووە، بەڵام ئەو پرۆژەیە دیمەنی شارەکەی ناشرین کردووە.

# پرسگەکان کێشە بۆ نەخۆشخانەکان دروستدەکەن

**راپۆرتی: سۆکار عەبدوڵڵا، شکار موعتەسەم**



پۆلیسەکانی نەخۆشخانەی گشتیی لە سلێمانی کێشەی نەبوونی پرسگەو زۆریی میوان و هەڕەشەکردنیان هەیە، ئەوە لەکاتێکدایە کە پێشتر هۆڵێک بەمەبەستی بەکارهێنانی وەک پرسگە بۆ نەخۆشخانەکە دروستکراوە.

دەروازە سەرەکییەکەی نەخۆشخانەی گشتیی و فریاکەوتنی سلێمانی لەلایەن پۆلیسەکانەوە وەک پرسگەو بەڕێکردنی نەخۆش و میوانەکانی نەخۆشخانە بەکاردەهێنرێت و پۆلیسەکانیش گلەییان لە نەبوونی شوێنی گونجاو هەیە.

مولازمی یەک ئاکۆ عیزەدین رەزا، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەرکی پۆلیس پاراستنی نەخۆشخانەو پزیشکەکان و کارمەندانە، نەک کاری پرسگە، پرسگەکان دەبێت کارمەندی تایبەتی لێبێت بۆ ئەوەی بتوانن ئیشوکاری هاوڵاتییان رێکبخەن و بتوانن وەڵامی داواکاریی و پرسیاری هاوڵاتییان بدەنەوە.

لە نزیک دەروازە گەورەکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنەوە هۆڵێکی «گەورە» هەیە، کە ماوەیەک وەک پرسگە بەکارهێنراو وەک پۆلیسەکان باسیدەکەن، لەسەرەتاشدا هەر بۆ پرسگە دروستکرابوو، بەڵام ئێستا بووەتە جێگەی بینینی نەخۆش و چارەسەری سەرەتایی لێدەکرێت.

ئەرسەلان رەشید حسێن، لێپرسراوی پرسگەی سەرەکیی نەخۆشخانەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی نەبوونی فەرمانبەری تایبەتی و خاوەن بڕوانامەو هۆشیار کە بتوانن ئیشوکاری هاوڵاتییان رابپەڕێنن، ئێستا بە پۆلیسەکان ئەو کارە دەکەین.

رۆژانە زیاتر لە (٢٠٠) نەخۆش لە دەروازەی چارەسەری سەرەتایی نەخۆشخانەکە چارەسەری سەرەتاییان بۆدەکرێت و دوای ئەوەی داخڵی نەخۆشخانە دەکرێت، هەر نەخۆشێک چەندین میوان سەردانی دەکەن.

ئەرسەلان زیاتر روونیکردەوە، کە بەهۆی «خەڵکی نەخوێندەوارو پاسەوان و کارگوزار» کۆمەڵێک کێشەیان بۆ دروستکردبوون نەیاندەتوانی ئیشوکاری هاوڵاتییان رابپەڕێنن و «سەریان لە هاوڵاتییان شێواندبوو»، بۆیە وەک ئەرسەلان وتی: ئەو پاسەوان و کارگوزارانەمان دابەشکرد بەسەر نەخۆشخانەکاندا.

سەبارەت بە دروستکردنی پرسگە، لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە وەک پێویست فەرمانبەر پەیدابکەن، کە شیاوی ئەو شوێنانە بن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی چەندینجاریش داوایان لە بەڕێوەبەری گشتیی تەندوستی کردووە کە چەند کەسێکی خاوەن بڕوانامە دابمەزرێنن، بەڵام «وەڵامیان داونەتەوە بەوەی کە بەهیچ جۆرێک دامەزراندن نییە».

چاودێران و بەرپرسانی تەندروستی ئەوەیان راگەیاندووە، کە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەک دواکەوتووە، کە پێویستە دەستبەجێ دەست بە نوێکردنەوەی بکرێت، چۆنێتی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکان و سەردانی نەخۆش و میوانەکانیان خراپترین لایەنی سیستەمەکەن.

# بەبێ ئاوی پاک، شاری دەریاچەکە ژیانی لە مەترسیدایە

**شەمزین عەباس– دەربەندیخان**

خەڵکی شارۆچکەی دەربەندیخان، بەهۆی پیسبوونی ئاوی بەنداوی دەربەندیخانەوە تەندروستییان کەوتووەتە مەترسییەوەو بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی دەربەندیخانیش، لە (٣)مانگی رابردوودا، (١٨٢٤)حاڵەتی نەخۆشییەکانی سکچوون و گورچیلە تۆمارکراون.

لەکاتێکدا شارۆچکەی دەربەندیخان ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی (٤٠) هەزار کەسەو ئاوی بەنداوی دەربەند بەکاردەهێنن، بەڵام تائێستا گرفتی پیسبوونی ئاوەکەی چارەسەر نەکراوە، کە برێکی زۆر مادەی زیانبەخشی تێدایەو مەترسییەکی زۆری بۆ سەر ژیانی هاوڵاتییان دروستکردووە.

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروباری تەندروستی، کە سەر بە وەزارەتی تەندروستییەو ئاڕاستەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تەندروستیی گەرمیانی کردووە، ئاشکرای دەکات، کە ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان لە ئاستی شیاودا نییە بۆ خواردنەوە.

نووسراوەکە کە کۆپییەکی لای رۆژنامە پارێزراوەو لە(٨/١٠/ ٢٠٠٨) دا دەرچووە، باس لەوە دەکات «وەزارەتی تەندروستی بۆ چەندجارێک پشکنینی بایەلۆجیو کیمیاویی بۆ ئاوی دەربەندیخان کردووەو ئەنجامی پشکنینەکان دەریدەخەن کە ئاوەکە لەو ئاستەدا نییە کە بڵێین، شیاوە بۆ خواردنەوە».

رۆژنامە ئەوەی بۆ ئاشکرابووە کە ئاوی شارۆچکەی دەربەندیخان، دەیان ئاوەڕۆی کارگەکانی نزیک دەریاچەکەی تێدەڕژێتو لەهەمانکاتدا بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتیی دەربەندیخان، تەنیا لە سێ مانگی رابردوودا (١٨٢٤)نەخۆشیی سکچوون و گورچیلە کە (٧٠٦) نێرو (١١١٨)مێ دەکات، سەردانی نەخۆشخانەی دەربەندیخانیان کردووەو کۆمەڵێکیشیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەژێر چاودێریی پزیشکدا ماونەتەوە.

نەسرین حەمەعەلی، دانیشتووی شارۆچکەی دەربەندیخان لە بارەی ئاوی دەریاچەکەیانەوە بۆ رۆژنامە وتی: «ئاوەکە زۆر پیسەو بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت، بۆنی زۆر پیسەو بەهۆی نەبوونی ئۆتۆمبێلەوە توانامان نییە بچین ئاوی پاک لەکانیاوەکانی دەوروبەری دەربەندیخانەوە بهێنین، ناچار ئەو ئاوە پیسە بەکاردەهێنین».

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری تەندروستی، لە رێگەی ئەو نووسراوەیەوە کە بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تەندروستیی گەرمیانی ناردووە، ئامۆژگاریی هاوڵاتییان دەکات کە تا بتوانن ئەو ئاوە بەکارنەهێنن بۆ خواردنەوەو هەوڵبدەن ئاوی سەرچاوەیەکی دیکەیان دەستبکەوێت.

عەبدولسەلام حەمە، دانیشتوویەکی دیکەی شاری دەربەندیخانەو جەخت لە پیسی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان دەکاتەوەو بۆ رۆژنامە دەڵێت: «ئاوەکە زۆر پیسەو لەکاتی بەکارهێنانیدا حەساسیەتی پێ دروستدەکەین، داواکارین چارەسەرێکمان بۆ بکەن».

شارۆچکەی دەربەندیخان، یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانیو دانیشتووانەکەی نزیکەی (٤٠)هەزار کەس دەبێتو دەریاچەی دەربەندیخان کە (٣ملیار مەترسێجا) ئاو دەگرێت، سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوەی شارۆچکەکەیەو لەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٨)وە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە پیسبووەو بەکەڵکی خواردنەوە نایەت.


Presidency Council of Ministers
Ministry of Health
General Directorate of Health Affairs

# لە دۆڵی بیاوە، ئاوی پیس بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنرێت

**ئەحمەد باڵەکی– سۆران**

دانیشتووانی گوندی خەلان لە دۆڵی بیاوە ئاماژە بەوەدەکەن؛ لەبەر کەمتەرخەمیی حکومەت بەرامبەر ناوچەکەیانو بەتایبەت گوندی خەلان، بە ناچاریی ئاوی پیس بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنن، کە زێرابی ماڵانی دەچێتەسەر.

کەریم عەزیز، دانیشتووی گوندی خەلانی دۆڵی بیاوە، باس لەوە دەکات؛ نەبوونی رێگاوبانێکی باشو ئاوی خواردنەوە گرفتی سەرەکیی گوندەکەیانەو چەندینجار داوایانکردووە کە پرۆژەیان لەوبارەیەوە بۆ جێبەجێبکرێت.

ئەو هاوڵاتییە بۆ رۆژنامە ئاشکرایکرد؛ «ئەو ئاوەی بۆ خواردنەوە بەکاریدەهێنن، بۆ «ئاژەڵیش» ناشێت، چونکە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا بەدیناکرێتو چەندین پاشماوەی ماڵان دەچێتەوە ناو ئاوەکە».

بە بڕوای خەڵکی ئەو گوندانە، نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە گوندەکان هۆکاری سەرەکین بۆ چۆڵکردنی گوندەکان لەلایەن گوندنشینەکانەوە، ئەمەش دواجار بە شکستهێنانی کەرتی کشتوکاڵ دەشکێتەوە.

عومەر ئەحمەد، مامۆستا لە گوندی زەردەگۆم، باس لەوەدەکات، کە دۆڵی بیاوە نزیکەی پانزە گوند لەخۆدەگرێت، بەڵام لە زۆربەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بێبەشە، ئەمەش وایکردووە کە بەدەیان ماڵ روو لە شارەکان بکەن.

ناوبراو ئاماژە بەوەدەکات؛ لە رووی پەروەردەوە کێشەیان هەیەو بە (١٥) گوند دوو قوتابخانەی ئامادەییان هەیە، ئەوانیش هەر قوتابخانە بنەڕەتییەکانن کە دوای دەوامی دیکە دەوامی ئامادەیی تێدا دەکرێت، ئەمەش کێشەی زۆری بۆ خوێندکاران دروستکردووە، چونکە خوێندگەکانیش وەک پێویست نینو زۆر کەموکورتییان هەیە.

لای خۆشییەوە جەنگاوەر خالید، بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان، بۆ رۆژنامە نکۆڵی لەوە ناکات، کە کێشەی کەمئاوییو رێگاوبانیان هەیە، بەڵام ئاماژە بەوەدەکات؛ لەبەرنامەیاندایە کە ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکەن.

بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتیشی: «دەرخستەی ئاوو رێگاوبانیان بۆ کراوەو کێشەی پەروەردەشیان زیاتر پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سۆرانەوە هەیە».

دۆڵی بیاوە زیاتر لە (١٥) گوند لەخۆدەگرێتو زیاتر لە (٥١٨) ماڵیش لەخۆدەگرێت، تائێستا بە دەیان ماڵ لەبەر نەبوونی خزمەتگوزرایی روویان لە شارەکان کردووە، ئەم گوندانەش دەکەونە دۆڵی بیاوەی سورچی لە رووی ئیدراییەوە سەر بە شارۆچکەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆرانە.


خوێندنگەکان بەدەست خراپیی سیستمی ئاو و ئاوەڕۆوە دەناڵێنن

# پاشماوەی نەخۆشخانەکان کاریگەریی لەسەر ژینگە دروستدەکات

**بەهادین یوسف**

دەزگای ناوەندی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانانی عێراق، ئەنجامی رووپێوییەکی ژینگەیی بۆ خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانی بڵاوکردەوە، کە بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستیو دەستەی ئاماری هەرێم لە هەرێمی کوردستانو بە هاوکاریی رێکخراوی تەندروستی جیهانیی ئەنجامیداوە.

سەرچاوەیەک لە دەزگای ناوەندی ئامار رایگەیاند: رووپێوییەکە نەخۆشخانە حکومییەکانی لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا گرتووەتەوە، کە ژمارەیان دەگاتە (١٩٧) نەخۆشخانە، کە زۆربەیان لە بەغدایەو ژمارەکەی دەگاتە (٣٩) نەخۆشخانەو دوای ئەویش پارێزگای سلێمانی دێت، کە (٢١) نەخۆشخانەیە، پارێزگای موسەناش کەمترین نەخۆشخانەی حکومیی تێدایە، کە (٤) نەخۆشخانەیە ئەویش بەهۆی کەمیی رێژەی دانیشتووانی پارێزگاکەوە.

رووپێوییەکە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیشی گرتووەتەوە، کە ژمارەیان دەگاتە (٨٠) نەخۆشخانەو (٣٥)یان لە لەبەغداو (٤٥)ی دیکەیان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقە، تەنیا پارێزگای موسەنا نەبێت کە هیچ نەخۆشخانەیەکی ئەهلیی تێدانییە.

سەرچاوەکەی دەزگای ناوەندی ئامار ئاماژەی بەوەش کردووە؛ (٥٢٣) بنکەی تەندروستی هەیە، کە (١٠٨)یان لە بەغدایەوە دوای ئەویش هەریەکە لە سلێمانیو نەینەوایە، کە (٤٣) بنکەی تەندروستی تێدایەو پارێزگای دیالەش کەمترین بنکەی تەندروستی تێدایە، کە ژمارەکەی (١١) بنکەیە، هەروەها رووپێوییەکە ژمارەیەک دامەزراوەی دیکەی خزمەتگوزاریی لەخۆگرتووە، کە ژمارەیان (١٤٦) یەکەیە، کە تاقیگە ناوەندییەکانی وەزارەتی تەندروستیو پزیشکی دادوەرییو بانکەکانی خوێنو بنکە تایبەتمەندەکانی تەندروستییە.

بەپێی ئەو رووپێوییە لەماوەی شەش مانگدا (١١٩٠٨٨١) کەس لە نەخۆشخانەکاندا خەوێنراونو نزیکەی (٥٠٪)ی خێزانەکان نەخۆشخانەیان بەکارهێناوەو لەو ماوەیەشدا (٩٩٧٢١٣٨) کەس سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە، نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش (٩١٣٤٨) کەس سەردانیان کردوونو (٣٥٪)ی خێزانەکان بەکاریانهێناوە.

لە پارێزگای بابلیش زۆرترین کەس ئەو نەخۆشخانەیان بەکارهێناوە، کە رێژەکەی دەگاتە (٧٥٪)و پارێزگای دیالەش کەمترین رێژەی خێزانەکان کە دەگاتە (٣٥,٥٪)و نەخۆشخانە حکومییەکان (٢,٤) ملیۆن مەتر چوارگۆشە ئاویان بەکارهێناوە، لەماوەی شەش مانگدا نەخۆشخانە ئەهلییەکان (٠,١٦٪) ملیۆن مەتر سێگۆشە ئاویان بەکارهێناوە.

بەپێی ئەو رووماڵەی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق، هەر نەخۆشێکی نەخۆشخانە حکومییەکان (٢١١) لیترو هەر نەخۆشێکی نەخۆشخانە ئەهلییەکان (٦٩٩) لیتر ئاوی بەکارهێناوە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بوون یاوەری زۆریان هەبووەو زۆربەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان نەشتەرگەرییو لەدایکبوون بوون لەو نەخۆشخانانە.

سەرچاوەکەی ئامار ئاماژەی بەوەشداوە؛ رێژەی ئەو پاشەڕۆیانەی کە نەخۆشخانەکان فڕێیانداوە لەو ماوەیەدا، (٩٩٠) هەزار کیلۆگرام بووە، واتە رۆژانە (٥,٤) هەزار کیلۆیان فڕێداوەو زۆربەی ئەو پاشەڕۆیانەش لە شوێنی تایبەتدا لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا سووتێنراون، کە ژمارەیان دەگاتە (١٦٢)، لەو ژمارەیەش (١٢٨) سووتێنەریان کاردەکاتو (٩٤)یان هاوتایە لەگەڵ مەرجەکانی ژینگەداو (٢٣٪)یان ناگونجێت لەگەڵ سیستمی جیاکردنەوەی پاشەڕۆکان (مەترسیدار– ئاسایی)و (٣٧١٢) کەس مامەڵە لەگەڵ ئەو پاشەڕۆیانەدا دەکەنو (٣٥,٥٪)ی ئەو کەسانەش لەو بوارەدا راهێنانیان پێکراوە لەسەر مەترسیی ئەو پاشەڕۆیانەو بڕی پارەی پێویستیش بۆ چارەسەری ئەو پاشەڕۆیانە بۆ ماوەی (٦) مانگ گەیشتووەتە (١٥٢٦) ملیۆن دینارو بڕی پێویستیش بۆ کرێی ئەو کرێکارانە لەماوەی ساڵێکدا گەیشتووەتە (٥٤٤٧) ملیۆن دینار.

سەبارەت بە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەداوە؛ لەماوەی شەش مانگدا پاشماوەی ئەو نەخۆشخانانە گەیشتووەتە (٢٥٢) کیلۆگرامو لە دەرەوەی نەخۆشخانەکانو لە دەزگا سووتێنەرە مەرکەزییەکانداو لەڕێی (٧) دەزگاوە سووتێنراوە، (٥) دانەیان کاردەکەنو (٢) یان لەگەڵ مەرجە ژینگەییەکاندا یەکدەگرنەوەو (٣٣٩) کەس کاری تێداکەنو (٢٦٪)یان راهێنانیان پێکراوە لەسەر مەترسیی کارکردن لەو دەزگایانەو بۆ شەش مانگ (٦٤٢) ملیۆن دیناریان تێدا خەرجکراوە.

# قایمقامی رەواندوز: هیوادارین کابینەی شەشەم جیاوازی نەکات

سازدانی: ئەحمەد باڵەکی

سیروان سیرینی، قایمقامی قەزای رەواندوز، ئومێد دەخوازێت کابینەی شەشەم بێ جیاوازی خزمەت بە ناوچەکانی هەرێم بکاتو پرۆژە پێویستەکانی قەزای رەواندوزیش جێبەجێ بکات، هەروەک ئەوەش دەخاتەڕوو، کە قەزاکەیان بە گشتیی کێشەی هەیە لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکاندا.

قایمقامی قەزای رەواندوز باس لەوە دەکات، کە رژێمی بەعس بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵیداوە رەواندوز وێران بکات، لەم رووەشەوە دەڵێت: هەرسێ دۆڵەکانی (ئاکۆیانو مەنجەڵو خانەقا) (١٠٠٪) وێرانکرانو تەنیا یەک خانووش نەمابوو، ناو رەواندوزیش (٩٠٪)ی وێران کرا. دیارە لەبەر کۆمەڵێک فاکتەرو هۆکار نەتوانراوە دەستی ئاوەدانییو خزمەتگوزاریی بگاتە رەواندوزو تەواوی دەڤەرەکەمان، بەڵام پلانمان هەیەو کاری جدیی بۆ دەکەین تاکو وەک جوانترین شار خۆی نیشانبدات.

ئەگەرچی قەزاکە ناوچەیەکی فراوانە، بەڵام قەزای رەواندوز تائێستا یەک ناحیەی هەیە، سیروان سیرینی لەمبارەیەوە باس لەوە دەکات، کە هێنانە کایەی ناحیە پێویستی بە توانستو ئامادەباشیی هەیە چ



سیروان سیرینی، قایمقامی رەواندوز

لە رووی کارگێڕیی‌و چ لە رووی توانستی مادیی‌و کۆمەڵێک بنەمای دیکەوە، دیارە تائێستا بێ ئیمکانیەتی‌و پێڕانەگەیشتنی حکومەت بەهۆی زۆریی پرۆژەو سەرقاڵیو فەوزای عێراقو تەداعیاتی هەڵبژاردنەکانو رووداوە خێراکانو چەندین هۆی دیکە، وەک پێویست نەتوانراوە ئەم داخوازییەمان بۆ جێبەجێبکرێت.

قایمقامی رەواندوز وتیشی: «ئێمە پێشنیازمان کردووە دوو ناحیەی دیکە (بەرزێوەو ئاکۆیان) بێنە کایەوەو زۆر بە پێویستیشیان دەزانین ئەم دوو ناحیەیە بێنە کایەوە، بۆئەوەی راستەوخۆو ئاسانتر هاوڵاتییان سوودمەند بین لە بواری کارگێڕییو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان».

سەبارەت بە نەبوونی ماستەرپلان بۆ قەزای رەواندوز، سیروان سیرینی وتی: «بۆ دانانی ماستەرپلان بە نووسراوی رەسمیی داوامان لە سەرووی خۆمان کردووە تیمێکی بیانیی بهێنن بۆ دانانی ماستەرپلانی شارەکەمان، هاوکات لە رووی یاساییەوە ناتوانین سەربەخۆو بێ دیراسەکردن شارەکە تێکبدەینو لە شێوەیەکی دیکە دروستی بکەینەوە، ئینجا نەبوونی سیستەمو پسپۆڕو شارەزا لە وڵاتەکەمانو نەبوونی بودجەی تایبەت چ بۆ شار بە گشتییو چ بۆ تەواوی بوارەکان وایکردووە نەتوانین ماستەرپلانی مۆدێرنو خزمەتگوزارییەکانو هەموو خواستو پێداویستییەکان دەستەبەربکەین».

قایمقامی رەواندوز جەخت لەوە دەکاتەوە، کە تائێستا ئاگادارنین پشکی قەزاکەیان لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا چەندە، بەڵام ئومێد دەخوازێت چیتر رەواندوز بە بێنازیی نەمێنێتەوەو حکومەت بەرەو موئەسەساتیو سیستماتیکی بچێتو بەپێی پلانی داڕێژراو لەسەر داخوازیی هاوڵاتییانو بەپێی پێویستیو بەبێ جیاوازی براوێنێتە تێکرای شارو شارۆچکەکانی کوردستان تاکو خزمەتگوزاریی شایستە بگەیەنینە هاوڵاتییان.

لەبارەی جیاوازییەکانی کابینەی پێنجەمو شەشەم بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانیان لە قەزای رەواندوز، سیروان سیرینی وتی: «بە پاڵپشتیی پارێزگای هەولێر توانراوە کەمێک پرۆژەی باش بگەیەنرێنە سنووری قەزاکەمان، بەڵام لە ئاستی خواستی دانیشتووانی ئەم دەڤەرەدا نین بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی کوردستان، رەواندوز تارادەیەک لە کابینەی شەشەمیش، کە تائێستا هەر لە چاوەڕوانیی بودجەدایە، بەڵام هیوادارین لەسەر هەمان روحیەتی خزمەتگوزارییو بەشێوازێکی دڵسۆزانەو دوور لە پۆلێنبەندیو جیاوازیکردن بتوانن ئاوڕێک لە قەزای رەواندوزو دەوروبەری بدەنەوە، بەگشتیی خوازیارین داخوازییەکانمان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە لە تەواوی بوارەکاندا».

هەرچەندە رەواندوز لە شەڕی براکوژیدا زیانی گیانیو مادیی زۆری بەرکەوتووە، بەڵام تائێستا زیانلێکەوتووان قەرەبوونەکراونەتەوە، قایمقامی رەواندوز لەمبارەیەوە دەڵێت: حکومەتی ئێمە ئەگەر توانی داخوازییەکانی ئێمەو هاوشارانمان لە چوارچێوەی پرۆژە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەک (پەروەردەو زانست، تەندروستی، رێگاوبان، خانووبەرەو بنیادنانەوە، کشتوکاڵ، ئاو، کارەباو... هتد) جێبەجێ بکات، ئەوە گەورەترین خزمەتکردنو قەرەبووکردنەوەیە بۆ هەموو لایەکمان، چونکە هەموومان لە ئاکامی بارودۆخی نائارامییو شەڕی شومی ناوخۆو سیاسەتی بە جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن رژێمی بەعسەوە زەرەرمەند بووین.

سیروان سیرینی کێشەکانی قەزای رەواندوز بەگشتیی لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکاندا دەبینێتەوەو ئاماژە بەوەدەکات؛ کێشەکانیان هەمووی پەیوەستن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە تێکڕای بوارەکاندا، لە رووی (قوتابخانەو بنکەی تەندروستی، ئاو، کارەبا، رێگاوبانو قیرتاوکردنو کونکرێتکردن، دروستکردنی زێرابو... هتد). شتی باش کراوە، بەڵام نەکراوەکان زێدەترو گەورەترن لە چەندێتیو چۆنێتیدا.

# پشدەرو بتوێن، داوای سەنتەرێکی داڵدەدانی ژنان دەکەن

هۆشەنگ سەروچاوەیی

نووسینگەی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانی رانیەو قەڵادزێ داوادەکەن، سەنتەرێکی داڵدەدانی ژنان (شێڵتەر) لەناوچەکەیاندا دابمەزرێتو راشیدەگەیەنن، هەبوونی سەنتەرێکی لەم جۆرە ئەگەری کوشتنی ئەو ژنانەی کە هەڕەشەیان لەسەرە کەمدەکاتەوە، لەکاتێکدا لە رابردوودا ئەو ژنانە پەنایان بردووەتە بەر ماڵی ئاغاو شێخو مەلاکانی ناوچەکە.

رائید حەسەن، بەڕێوەبەری نووسینگەی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانی رانیەو قەڵادزێ، بە رۆژنامەی راگەیاند «سنووری رانیەو قەڵادزێ کە هەردوو دەڤەری پشدەرو بتوێن دەگرێتەوە، سنوورێکی فراوانەو تا ئێستاش سەنتەرێکی داڵدەدانی ژنانی لێ نییەو هەبوونی پێویستە».

رائید حەسەن ئاماژەی بەوەشکرد؛ چەندینجار لە راگەیاندنەکاندا باسیانکردووەو داوای سەنتەرێکی تایبەت بە داڵدەدانی ژنانیان کردووە، بەڵام تا ئێستاش کەس بەدەنگیانەوە نەهاتووە.

سەبارەت بەگرنگیی ئەو سەنتەرە بۆ ناوچەکە، رائید حەسەن وتی: «بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی کە رووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە، بەر لەوەی روو لەماڵی ئاغاو شێخو مەلاکان بکەن، دەتوانن پەیوەندیی بەو سەنتەرەوە بکەن».

بەڵام بەرپرسانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە وەزارەتی ناوخۆ جەخت لەوە دەکەنەوە، کە حکومەت لەبەرنامەیدایە یەک شێڵتەری گەورەی مۆدێرن بۆ هەموو پارێزگای سلێمانی بکاتەوە، نەک لە هەموو قەزایەک شێڵتەرێک.

موقەدەم سەرکەوت عومەر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو شێڵتەرە گەورەیەی کە داوامانکردووە بۆ هەموو پارێزگاکە بکرێتەوە کێشەکە چارەسەر دەکات، چونکە هەموو خزمەتگوزارییەکی تایبەت بە ژنانی داڵدەدراوی تێدایە».

موقەدەم سەرکەوت بە کارێکی گونجاوی نازانێت لە هەموو قەزایەکدا شێڵتەر هەبێت، لەم رووەوە دەڵێت: «بۆ نموونە لە بتوێنو پشدەر ئەگەر شێڵتەر هەبێت، مەترسی ئەوە دەکرێت هەندێک خەڵکی عەشایر هەڵبکوتنە سەری».

دەڤەری پشدەرو بتوێن، دوو ناوچەی فراوانو بەیەکترەوە بەستراونەتەوەو ساڵانەش ژنانی ئەم دوو ناوچەیە رووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پەناگەیەکەوە بۆ ئەو ژنانەی مەترسییان لەسەرە، رووبەڕووی کوشتن دەبنەوە.

ئەو شێڵتەرە گەورەیەی کە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە پارێزگای سلێمانی ئاماژەی پێدەکات، هێشتا پێشنیازەو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پشتیوانیی لێدەکرێت، بەڵام لە حاڵەتی جێبەجێکردنیدا لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

# قەڵادزێ لە پەراوێزدایە

راپۆرتی: شاسوار مامە

خەڵکی قەڵادزێ دووجار شەهید رۆژی (٢٠١٠/٤/٢٤) دوای (٣٦) ساڵ بەسەر بۆردومانکردنی شارەکەیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بە رێپێوانێک بۆ گۆڕستانی شارەکە یادی کارەساتەکەیان کردەوەو نیگەرانییان دەربڕی لە پەراوێزخستنی شارەکەیان.

(٣٦) ساڵ لەمەوبەر شاری قەڵادزێ لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە (١٩٧٤/٤/٢٤) بۆردومانکرا بە چەکی قەدەغەکراو، بەم هۆیەشەوە سەرەڕای وێرانکردنی شارەکە، لە ئاکامدا (١٦٣) کەس بوونە قوربانیو سەدان کەسیش برینداربوون، جگە لەوەی زانکۆی سلێمانی کە ئەو کات لە قەڵادزێ بوو کەوتە بەر هێرشەکەو چەندین مامۆستاو خوێندکار بوونە قوربانیی.

ساڵانە لەیادی ئەو کارەساتەدا بەرپرسان سەردانی قەڵادزێ دەکەنو بەڵێنی بریقەدار بە قەڵادزێییەکان دەدەن بێئەوەی بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو بەرپرسان سەردانی شارەکەیان کردو بێئەوەی پرۆژەیەک لە هەگبەیاندا بێت، لەکاتێکدا قەڵادزێییەکان چاوەڕوانی چەندین پرۆژەو بڕیاریان دەکرد، کە لە یادەکەدا بۆ شارەکەیان رابگەیەنرێت.

بایز رەسوڵ، هاوڵاتییەکی شاری قەڵادزێ بە رۆژنامەی راگەیاند: هەموو ساڵێک بەرپرسان سەردانی قەڵادزێ دەکەنو چەندین بەڵێنمان پێدەدەن، بەڵام جێبەجێیان ناکەن. وتیشی: «قەڵادزێ تائێستا بێبەشە لە خزمەتگوزاریی پێویستو کەسوکاری قوربانییانی کارەساتی (١٩٧٤/٤/٢٤)یش تائێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە».

ئاکام مامەند، کە هاوڵاتییەکی دیکەی قەڵادزێیە پێیوایە؛ دەبوو حکومەت خزمەتی زۆری قەڵادزێ بکات. وتیشی: «چاوەڕوانیان دەکرد (٤/٢٤) سەرۆکی حکومەت سەردانی شارەکە بکاتو چەند پرۆژەیەک بکاتەوەو بڕیاری چەند پرۆژەیەک بدات، بەڵام تەنانەت ئامادەنەبوو بەشداریی لە مەراسیمەکەشدا بکات.

رەسوڵ بابەکر، کە لەدوای کارەساتەکەی (١٩٧٤/٤/٢٤) خۆیو خێزانەکەی ئاوارەی قەزای خەبات بووە لە پارێزگای هەولێرو تائێستا نەگەڕاوەتەوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە ئارەزوومانە بگەڕێینەوە شارەکەمان، بەڵام حکومەت دەرفەتسازیی نەکردووەو قەرەبووی زیانەکانی ئێمەی نەکردووەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ناو قەڵادزێ.

ئەو هاوڵاتییە داوا لە حکومەت دەکات ئاوڕ لە قەڵادزێییەکان بداتەوە، بەتایبەت ئەوانەی زیانلێکەوتووی کارەساتە یەک لەدوای یەکەکانی شارەکەنو تائێستاش خزمەت نەکراون.

قەڵادزێ بەهۆی کارەساتە یەک لەدوای یەکەکانی بەسەریدا هاتووە تووشی زیانێکی زۆر بووە، بەڵام وەک هاوڵاتییان خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن تائێستا قەرەبووی زیانەکانیان نەکراوەتەوەو حکومەتی هەرێم دوای (١٩) ساڵ حکومڕانیی خزمەتی پێویستی شارەکەی نەکردووەو بەوهۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لەو هاوڵاتییانەی راگوێزراون تائێستا نەگەڕاونەتەوە شاری قەڵادزێ.

ژمارەیەک لە رۆشنبیرانو خەمخۆرانی شاری قەڵادزێ دەستەیەکیان پێکهێناوە بەناوی (ناوەندی قەڵادزێ بۆ داکۆکیکردن لە کارەساتو راگواستنی پشدەر)، کە دۆسیەیەکی تایبەت لەسەر راگواستنی دەڤەری پشدەر ئامادە دەکەن بۆ ئەو تاوانەو دادگاییکردنی تۆمەتباران لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کە لەساڵی (١٩٨٩) بە تەواوی راگوێزرا لەلایەن رژێمی بەعس بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی پارێزگای هەولێرو سلێمانی.

لەو بارەیەوە محەمەد زرنگ، وتەبێژی ناوەندی قەڵادزێ بۆ داکۆکیکردن لە کارەساتو راگواستنی پشدەر بە رۆژنامەی راگەیاند: کۆمەڵێک بەڵگەمان کۆکردووەتەوە لەسەر راگواستنی زۆرەملێی خەڵکی قەڵادزێو ئێستاش دۆسیەکەمان ئامادەکردووەو ئاراستەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی دەکەین».

وتەبێژی ناوەندی قەڵادزێ بۆ داکۆکیکردن لە کارەساتو راگواستنی پشدەر وتیشی: «راوێژمان لەگەڵ وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان کردووەو ئەوانیش پشتیوانیی لە کەیسەکە دەکەن».

محەمەد زرنگ ئاماژەی بەوەشدا؛ راگواستنەکە بە فەرمانی مەجلیسی قیادەی سەورەی حیزبی بەعس بووەو بەوهۆیەشەوە ئەندامانی ئەو مەجلیسە تۆمەتباری سەرەکین لەو کەیسە.



مەراسیمی یادکردنەوەی بۆردومانی قەڵادزێ ٢٠١٠/٤/٢٤

## (٦) ملیۆن عێراقیی نەخوێندەوارن

# بەڕێوەبەری فێرکردنی نائاسایی: پێویستیی زۆرمان بەبینای قوتابخانە هەیە

راپۆرتی: لاڤە بەشارەت، ئاریان حەسەن

دەوەن دلێر، گەنجێکی تەمەن (٢٥) ساڵی دانیشتووی شاری سلێمانییە، کە بیر لە ئایندەی دەکـاتـەوە، وەک کەمئەندامێک خۆی دێتە بەرچاو، چونکە خوێندەواریی نییە، ئەو یەکێکە لەو گەنجانەی هیچ لەمانای نووسین ناگات، ئەوەش بەهۆی نالەباریی بارودۆخی دارایی‌و بەبێ ویستی خۆی کە نەیتوانیوە بخوێنێت‌و بە کاری فیتەرییەوە سەرقاڵە لە ناوچەی پیشەسازیی، وتـی: «من لە خانەوادەیەکی هەژار لەدایکبووم‌و نەیانتوانی خەرجیی من دابین بکەن، بۆیە لە خوێندن دەریانکردم‌و خستمیانە بەر کارکردن».

ڕێژەی نەخوێندەواریی لە عێراقدا لە بەرزبوونەوەدایە، بەشێوەیەک (٦) ملیۆن کەسی نەخوێندەوار هەیە، ئەوەش بەپێی ڕێکخراوی یۆنسکۆ (ڕێکخراوی UN بۆ پەروەردەو کلتوورو زانست)، ئەو ژمارە زۆرەی نەخوێندەواریی لەکاتێکدایە، کە ڕۆژانـە ئاماژە بەوە دەکرێت زانکۆی نوێ‌و خوێندنگەی بیانیی بە سیستەمی نوێی ئەمریکی‌و ئەوروپی لە عێراق‌و هەرێمی کوردستاندا دەکرێتەوە بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواریی.

عومەر عەجیل، ڕێکخەری نووسینگەی ڕێکخراوی یونسکۆ لە عێراق، ڕایگەیاند: «بەهۆی کەمدەرامەتی‌و دەستکورتیی، خەڵکی ناچاربوون منداڵەکانیان لە قوتابخانە دووربخەنەوەو بیانخەنە بـەر کـارکـردن، ئـەمـەش ڕێـژەی نەخوێندەواریی لە وڵاتدا بۆ (٦) ملیۆن کەس زیادکردووە».

هەرچەندە باس لـەوە دەکرێت کە ڕێژەی نەخوێندەواریی لە کوردستاندا بـــەراورد بـە نـاوچـەکـانـی دیکە کەمبووەتەوە، بەڵام ئیبراهیم عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری فێرکردنی نائاسایی، ئەوە دەخاتەڕوو، کە سەرژمێرییەکی وردیان لە بەردەستدا نییە سەبارەت بە ڕێژەی نەخوێنەواریی‌و وتی: «لەساڵی (٢٠٠١) دا سەرژمێرییەکی پەروەردەیی کراوە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە، کـە (٢٧٪)ی شاری سلێمانی‌و (٣٢٪)ی شاری هەولێر نەخوێندەوارن». ئەو بەڕێوەبەرە ڕێژە تۆمارکراوەکە بە زۆر دەزانێت‌و بۆ چەند هۆکارێکی دەگەڕێنێتەوە، وەک «شەڕی ناوخۆ، هەژاریی، خراپیی دابـونـەریـت، سیاسەتی ڕاگواستن‌و تەعریبکردن‌و چەند سیاسەتێکی دیکە، کە دژ بە میللەتەکەمان کراون، ئەوانە هەمووی هۆکارێکی گرنگ بـوون بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواریی».

دانا سەعید سۆفی، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی لە پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری زۆریی ڕێژەی نەخوێندەواریی بۆ نزمیی ئاستی بژێویی گەڕاندەوەو پێشیوایە؛ ئەو ڕێژەی نەخوێندەوارییەی هەیە زیاتر لە چینی پێشوودایە، کە ئێستا تەمەنیان هەڵکشاوەو خانەنشین دەکرێن‌و وتـی: «گەنجانیش ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٢٠-٣٥) ساڵدایە ئەوانەن کە لەدوای ڕاپەڕین‌و بەهۆی ناجێگیریی بـاری سیاسیی‌و شەڕی ناوخۆوە نەیانتوانیوە بخوێنن یان لە قۆناغی سەرەتاییدا وازیان لە خوێندن هێناوە».

لەبارەی ڕاگەیاندنەکەی یونسکۆو زۆریـی ڕێـژەی نەخوێندەواریشەوە وتــی: «پێویستە میکانیزمی تایبەت دابنرێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی، بەشێوەیەک لە شێوەکان وابکرێت، کە ئەو کەشەی لە قوتابخانەکاندا هەیە باشتر بکرێت بۆ ئـەوەی خوێندکار قوتابخانەی لا خۆشەویست بکرێت‌و بە ماڵی دووەمی خۆی بزانێت، جگە لەوەی پێویستە حکومەتی هەرێم بەرنامەو پلانی درێژخایەنی هەبێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی‌و دەرگا بۆ ئەو کەسانە بکرێتەوە کە بواری خوێندنیان نەبووە خوێندنگای تایبەتیان بۆ بکرێتەوەو هاوکارییان بکرێت».

هەرچەندە ئـامـاژە بە هەوڵەکان دەکرێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی‌و ڕێـکـخـراوی یۆنـسـکـۆ لـەسـاڵـی (٢٠٠٣)وە پلانی بۆ بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە عێراقدا داناوە، بەڵام بەهۆی کەمیی بیناو ئاستەنگەکانەوە نەتوانراوە هەوڵەکان وەک پێویست بخرێنە بــواری جێبەجێکردنەوەو تەواوی گەنجە نەخوێندەوارەکان لێی سوودمەندبن.

کوێستان محەمەد (٣٠ساڵ)، بەهۆی نەبوونی بینای خوێندنگەوە لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونیان لە خوێندن بێبەشبووە، ئـەوەش ئاستەنگی بۆ دروستکردووە کە بەردەوام لە ماڵەوەیەو وتی: «بەو هۆیەوە زۆر بێزارم، ئەگەر ئێستاش هەلی خوێندنم بۆ بڕەخسێت دەخوێنم، بـەڵام ئەو خوێندنگایانەی لێمانەوە نزیکن هیچیان پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەوارییان تیدا نییە، بۆیە نەمتوانیوە سوودمەندبم».

لـەبـارەی ئـەو گـرفـتـانـەشـەوە بەڕێوەبەری فێرکردنی نائاسایی، کە کاریان ئەوەیە لە ڕێی ڕاهێنان‌و خولەوە ئەو کەسانە بۆ خوێندن بگەڕێننەوە کە لە خوێندن دابـڕاون، بـاس لەوە دەکـات، کە پێویستییەکی زۆریـان بە بینای قوتابخانە هەیە لەناو شارو قـەزاو ناحیەو گوندەکاندا، بۆ ئەوەی بەردەوامبن‌و سوود بە زۆرترین ناوچە بگەیەنن، وتیشی: «پرۆگرامەکانی ئێمە هی خوێندنی ئاساییەو پێویستی بە بینای خوێندنگە هەیە، بەڵام تائێستا ئەو یاسایەش جێبەجێنەکراوە، کە دەڵێت دەبێت خوێندکار بەناچاریی تا (٦)ی بنەڕەتی بخوێنێت».


سەدان قوتابی لەبەر نەبوونی خوێندنگا بە پێ دەچن بۆ دێیەکی تر

## لە کاتی دامەزراندنی هاوڵاتییاندا، ئاسایش ئیشی دادگا دەکات

# «لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە دامەزراندندا، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن»

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

لەکاتی ڕاییکردنی مامەڵەی دامەزراندنی فەمانبەرو مامۆستایاندا لە کوردستان، لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوە لەکەسەکان دەکرێت‌و پەرلەمان‌و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤیش، ئـەوە بە کارێکی نایاسایی دەزانن‌و ئاماژە بەوە دەکەن کە لێکۆڵینەوە لەلایەن دامەزراوە ئەمنییەکانەوە لەخەڵک، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابـردوودا‌و بە مەبەستی دامەزراندنی فەرمانبەران‌و مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەی ئەمنیی لەکەسەکان کراوەو تەنانەت لە هەندێک لە لێکۆڵینەوەکاندا، پرسیاری لایەنی سیاسییان لێکراوەو داوای تەزکیەی حیزبیشیان لێکراوە، ئەمەش بە وتـەی ژمارەیەکی زۆر لەو فەرمانبەرو مامۆستایانەی کە دامەزراون یان مامەڵەی دامەزراندنەکانیان ڕاگیراوە.

سەمیر سەلیم، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لێکۆڵینەوەی ئاسایش لەگەڵ هاوڵاتییانی کوردستان بە مەبەستی دامەزراندنیان لە دامودەزگا حکومییەکاندا، کارێکی نایاساییە، چونکە کوردستان هی هەمووانەو بۆ هەمووانە، لێکۆڵینەوەی باری ئەمنیی لەگەڵ کەسەکان، هیچ پێویست نییەو لەهیچ شوێنێکی دنیاشدا ئەوە نییە.

ئەو پەرلەمانتارە، ئاماژەشی بەوەکرد، کە ئاسایش مافی ئەوەی نییە لێکۆڵینەوە لە کەسەکان بکات، بەبێ ئەوەی کە ئەو کەسە لە ڕووی یاساییەوە داواکراوبێت، وتیشی: «ئەگەر بەڵگەیەکمان لەسەر ئەو مەسەلەیە بـەردەست بکەوێت، ئـەوا لێی بێدەنگ نابین‌و لە لیژنەی ناوخۆ بەدواداچوونی بۆ دەکەین».



لە هەموو شوێنێکی دنیادا پرسیارکردن لە ڕەگەز، مەزهەب‌و دین‌و نەتەوەو باری سیاسیی بەمەبەستی پێدانی مافێکی سرووشتی مرۆڤەکان، لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤدا نایەتەوە، بەڵام لە کوردستان بە مەبەستی دامەزراندن، پرسیار لەلایەنی سیاسیی دەکرێت، لە کاتێکدا ئەمە کۆت‌و بەندێکە بۆ ئازادیی ڕادەربڕین‌و بەتایبەت ئەگەر دامەزراندنی ئەو کەسە بوەستێتە سەر وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی کە سەر بە چ لایەنێکی سیاسییە.

مافناس، هـاوڕێ تۆفیق، شێوازی دامـەزرانـدن دەکـات بە دوو بەشەوە، ئەوەی پەیوەندی بە دامەزراندنی هێزە چەکدارەکانەوە هەیە لە ئاسایش‌و پۆلیس‌و پاسەوانی سنوور، یان هێزی پێشمەرگە، پێویست دەکـات، لەلایەن دامـــەزراوەی هەواڵگری دەوڵەتییەوە، ئەو کارمەندانە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدابکرێت، بەئامانجی ئەوەی کە خەڵکانی بێگانەو دەزگا سیخوڕە هەرێمایەتییە جۆراوجۆرەکان نەچنە ناو هێزە چەکدارەکانەوە، کە ئەمە لەهەموو دنیادا ستانداردی خۆی هەیە.

بەڵام بە وتەی ئەو، جگە لە دامەزراندنی چـەکـدار، دامـەزرانـدنـە مەدەنییەکان بەهیچ جۆریک پێویست بە لێکۆڵینەوەی دامەزراوەی ئەمنیی ناکات، هەروەک وتی: «ئەم لێکۆڵینەوەی دامـەزراوە ئەمنییانە، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، پێویست دەکات کە ئەو کارمەندانەی لە دامەزراوە مەدەنییەکان دادەمـەزرێـن، لە ڕێگەی لێکۆڵەرەوەی داد، یان لە ڕێگەی بەڵێننامەی دادەوە مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت، بەڵام دروستکردنی یان کـردنـەوەی پـەڕاوی ئاسایش بۆ فەرمانبەرێک یان مامۆستایەک، پێشێلکردنی سەروەریی یاساو مافەکانی مرۆڤە لە کوردستاندا».

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئاسایشی سلێمانی کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، بە ڕۆژنامەی وت: «لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە ڕووی ئەمنییەوەیەو بۆ زانینی باری بێکێشەو گرفتی ئەو کەسانەیە، نەوەک تاوانێکی ئەنجامدابێت، پرسیارلێکردنیشیان لەسەر لایەنی سیاسییان بۆ ئەوەیە کە ئەگەر سەر بەلایەنێک بێت، ئەوا پشتگیریی ئەو لایەنە بهێنێت بۆ دامەزراندنەکەی، هاوکات ئەو لێکۆڵینەوەیەش ماف‌و ئەرکی ئاسایشە، چونکە هەر کەسێک جێی گومان بێت، ئەوا پێویستە ڕێوشوێنی دیکەی لەگەڵدا بگیرێتەبەر».

بەڵام هاوڕێ، ئەوە بەپێویست نازانێت‌و ئاماژە بەوە دەکـات، دەکرێت لە ڕێگەی دامەزراوە دادوەریی‌و یاساییەکانەوە ئەو لێکۆڵینەوەیە بکرێت نەک ئاسایش، وتیشی: «کەسێک کە دادەمەزرێت پێویست دەکات نـووسـراوی بۆ بکرێت بۆ فەرمانگەی دادگا، تاکو دڵنیابن لەوەی کە ئەو کەسە دۆسیەکانی ڕابـردووی لە دادگـادا پاکن، چونکە سەلماندنی ئەوەی کە کەسێک تاوانی کردبێت یان نا، تەنیا لە دادگا تۆمارکراوە».

سـەبـارەت بـەو هاوڵاتییانەی کە بێگانەن‌و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، هەندێکجار بەشێوەی گرێبەست یان هەندێک کاری تایبەت لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کـاردەکـەن، ئەو مافناسە لێکۆڵینەوەی ئاسایش لەگەڵ ئەو کەسانەدا بە ئاسایی دەزانێت، «بەڵام بۆ هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بۆ هاونیشتمانییانی خۆمان کە ڕەگەزنامەی عێراقی‌و هەرێمی کودستانیان هەبێت، لێکۆڵینەوەی ئەمنیی پێویست ناکات، بەڵکو ئـەوە کـاری دادگاکانەو هاوکات، پرسیارکردن لەباری سیاسیی، پێشێلکردنی بیروڕای سیاسییە، چونکە خەڵک ئازادە لەوەی کە چ جۆرە بیروڕایەکی هەبێت‌و پێویستە دامودەزگاکان لەسەر بنەمای پسپۆڕێتی‌و هاوڵاتیبوون خەڵک دابمەزرێنن، نەک لەسەر بنەمای بیروڕای سیاسیی».

لەوبارەیەوە، ڕۆژنامە هەوڵیدا لێدوانێکی فەرمیی ئاسایشی سلێمانی وەربگرێت، بـەڵام مـولازم ڕزگـار حەمەڕەحیم، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی ئاسایشی سلێمانی، دوای (٣) ڕۆژ لە چاوەڕوانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی پێی ڕاگەیاندووم کە بەهیچ شێوەیەک لەسەر ئەو بابەتە لێدوان نەدەم».

# چەند چرپەیەک



عەدنان عوسمان

### چرپەی یەکەم:
### با هێڵەکانی جیاوازیی کاڵنەکەینەوە

ماوەیەکە لێرەو لەوێ، گوێمان لە جۆرێک لە پیاهەڵدان دەبێت بەسەر ئۆپۆزسیۆندا، کە گوایە پێویستە هەبێتو دیموکراسییەتەکەمان جوانتر دەکات!

ئەم گۆڕانە سەدو هەشتا پلەیە چییەو لە کێوە سەرچاوەی گرتووە؟ بە تایبەت پاش ماوەیەکی دوورو درێژ لە بەدگومانیو سڵەمینەوەو تەنانەت تەخوینکردنو ناساندنی بە تابووری پێنج؟ ئایا بەشێکە لە پیاچوونەوەیەکی گشتیی؟ ئایا لە ئاکامی موراجەعاتێک دێت لە گرنگییو پێویستیی ئۆپۆزسیۆن؟ ئایا دەسەڵاتبەدەستەکانی ئێمە لە ئێستادا هەست بە پێویستییو گرنگی بوونی ئۆپۆزسیۆن دەکەنو پێیانوایە: وڵاتداریی بەبێ بوونی لایەنی نەیار ناکرێت؟ پێموایە: هەموومان پێمانخۆشە ئەو مەدحو سەنایە بۆ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە ئاکامی موراجەعاتو هەستکردن بێت بەو ڕۆڵەی، کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت بیگێڕێت لەپێناو بردنە پێشەوەی کۆمەڵگەو بەهێزکردنی پایەکانی دیموکراسی، هەمووڵایەک پێیان باشە ئەو پیاهەڵدانە رووکەشی نەبێتو ڕەنگدانەوەی تێگەشتنێکی قووڵ بێت لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی ئازادو کراوەو مۆدێرن.

بەڵام بە دیوێکی دیکەشدا دەکرێت هەندێک گومان بخرێتە سەر ئەو قسانە: مرۆڤ دەترسێت ئەوانە هەمووی موجامەلات بێت، رووکەش بێت، دوور بێت لە تێگەیشتنو هەستکردن بە گرنگیی ئۆپۆزسیۆن، وە بەشێک بێت لە فەرهەنگی دێرینی کورد لە خۆدزینەوە لە ناوەڕۆکی کێشەکانو نووسان بە کلێشەکان، لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە ئەم پیاگوتنو تەقدیرکردنە بەشێک بێت لە سیاسەتی ئیحتیواو گەمارۆو لە قاڵبدان، کە دیارە، هەم مەترسیی گەورەی بەسەر ئۆپۆزسیۆنو هەمیش بەسەر دەسەڵاتو ئاییندەی کۆمەڵگەشەوە دەبێت.

ئەگەر ورد سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، ناکرێت ئەو مافە لە کەسو لایەنە دەسەڵاتدارەکان بسێنینەوە، کە ئەوانیش دوای تەماشاکردنی ڕۆڵو ئەرکو شێوەی هەڵسوکەوتی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەت لە پەرلەمانو لە هەندێک مەسەلەی نەتەوەییدا، پیاچوونەوە بە تێگەشتنی خۆیان بکەنو پەشیمان ببنەوە لە تێڕوانینە ڕەشبینو دڵپیسییەکانی جارانیان.

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە مامەڵەی ئەم حیزبانە لە ساڵانی رابردووداو بەتایبەت لەگەڵ نەیارەکانیاندا، ناچارمان دەکات بەچاوی گومانەوە بنوارێنە ئەو قسانەیانو هەمیشە بۆنی پیلانێک بکەین.

ئێستا با لەم وتارە کورتەداو بەدەر لە هەر گومانێکی سلبییو ئیجابیی پێشووەخت، بە کورتی ئاماژە مەترسیدارەکانی ئەم گوتاری موجامەلەکردنی ئۆپۆزسیۆنە لە سێ خاڵدا بخەمەڕوو:

یەکەم: کاڵکردنەوەی جیاوازییەکان: دنیای سیاسەت لە بوونی جیاوازییو ئیجتیهادی تەنانەت دژ بەیەکیش باشتر دەڕواتە پێشەوە، خیتابی کوردی هەر لە سەردەمی شێخ مەحمودەوە، تائێستا تەنیا باسی یەکڕیزییو تەباییو یەکدەنگیی دەکات بێ ئەوەی هیچێک لەوانە بۆ ساتێکیش لەماوەی سەدەیەکدا هاتبێتەدیو کاری پێکرابێت، ئێستاش بەهەمان عەقلییەت دەیانەوێت هێڵە جیاوازەکانی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنو لایەنە سیاسییەکان بە گشتیی کاڵبکرێتەوە، ئەمەش هەم لێدانێکی کوشندەیە بۆ روحی ئۆپۆزسیۆنو هەمیش لێدانێکە لەو ڕەوتە مەدەنییە نارازییەی، کە ماوەیەکە لە کوردستان نەشو نما دەکات.

لەم ساتەوەختەدا ئەو زمانە ناڕاستو ناواقیعییەی یەکدەنگییو یەکڕیزیی، زیانێکی دوو سەرەی هەیە: لە لایەکەوە زیان بە ئۆپۆزسیۆن دەگەیەنێت، چونکە بواری پێنادات رووئیاو بۆچوونو ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە دەسەڵاتدارەکان ڕۆشنبکاتەوە،لەلایەکی دیکەشەوە زیانی بۆ خودی کۆمەڵگەو دیموکراسییەت دەبێت، چونکە بوار بە دەرخستنی تێگەشتنو ئیجتیهادە جیاوازەکان نادات و جۆرێک لە ئیستبدادی سیاسیی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

دووەم: گرژییو توندیی: لە دنیای دیموکراسیدا هیچ مەترسییەک لە بەکارهێنانی زمانی زبرو توندا نییە، لە راستیشدا ئەوە پێی ناوترێت زمانی زبر، بەڵکو زمانێکی راشکاوانەی دەرخستنی بیروبۆچوونە دژبە یەکەکانە، لە چوارچێوەی یاساو دەستووردا، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەرخستنی هەر جۆرە بۆچوونێک کە هاوڕاو جووت نەبێت لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتداردا هەزار تۆمەتی بۆ دروست دەکرێت، ئیتر هەر لە گێرەشێوێنییەوە، تا هەوڵدان بۆ تێکدانی ریزەکانی گەلو خزمەتکردن بە دوژمنو ناحەزانی ئەزموونەکەمان.

بوونی دەربڕینی جیاواز، بە تایبەت لە پەرلەمانو لە گفتوگۆ فیکرییو سیاسییەکاندا زۆر پێویستەو بەشێکە لە سیمای راستەقینەی فەزای ئازادییو دیموکراسی، ناکرێت هیچ لایەک بە بیانووی بێناوەڕۆکیی وەک تەشەنوجو توندڕەویی ئەو مافە لە ئۆپۆزسیۆن بسەنێتەوە، ئازادانە بیروبۆچوونی خۆی بخاتەڕوو.

سێیەم: موجامەلەو دیوەخانچێتی: مەترسییەکی گەورەی ئەو خیتابو تەنانەت سەردانو کۆبوونەوانە، ئەگەر لە چوارچێوەی قسەی راشکاوانەی دوور لە میکیاژکردن نەبێت، ئەوا دیسان ئۆپۆزسیۆنیش دەخاتە نێو ئەو کەشە ناسیاسییەی ساڵانێکە کۆبوونەوەی لایەنە کوردییەکانی داگیر کردووە، ئەویش موجامەلەو باسی درۆینانەی یەکڕیزییو تەباییو هاوهەڵوێستییەیە، کە هیچ کات کاری پێنەکراوە.

### چرپەی دووەم:
### یەکڕیزیی ماڵی کورد

دوای دەرکەوتنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراق، دیسانەوە باسێکی گەرم لەسەر یەکڕیزیی کوردو ئاستی داواکانی لایەنی کوردی دەستی پێکردەوە، پێشتر لایەنە سیاسییەکان هەریەکە خاوەن بەرنامەیەکی نووسراو و دیدگایەکی ڕۆشنبوون بۆ ئەو مەسەلانەی پەیوەستە بە ئاییندەی هەرێمو شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا دا، بەرنامەکانی هەڵبژاردن بە دوورو درێژیی هەموو ئەو مەسەلانەی ئاماژەپێ دابوو، پێشتریش دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم بەشدارێکی کارابوون لە سیستمی حوکمڕانیی لە عێراقی نوێداو نوێنەرایەتی هەرێمیان کردووە لەهەموو هەوڵو گفتوگۆکاندا، بۆیە سەیرە پەتای گفتوگۆو یەکهەڵوێستی لەدوای هەڵبژاردنەکان کوردی گرتبێتەوە!.

**بوونی دەربڕینی جیاواز، بە تایبەت لە پەرلەمانو لە گفتوگۆ فیکرییو سیاسییەکاندا زۆر پێویستەو بەشێکە لە سیمای راستەقینەی فەزای ئازادییو دیموکراسی، ناکرێت هیچ لایەک بەبیانووی بێناوەڕۆکیی وەک تەشەنوجو توندڕەویی ئەو مافە لە ئۆپۆزسیۆن بسەنێتەوە، ئازادانە بیروبۆچوونی خۆی بخاتەڕوو**

بزووتنەوەی گۆڕان، وەک هەر لایەنێکی دیکە بە حەماسێکی زۆرەوە بەشدارە لە هەموو گفتوگۆکانو لە هەموو وەفدەکاندا نوێنەری هەیە، بەشدارییەکی کاریگەریشی هەبوو لە دانیشتنەکانی سەرۆکایەتی هەرێمدا لەگەڵ لایەنە سەرکەوتووەکاندا، لەوانەیە کەسانێک هەبن ئەوە بە دەستکەوت بزانن و پێیانوابێت؛ ئەوە بەشێکە لە دانپیانانی لایەنەکانی دیکە بە قورسایی گۆڕانو جۆرێک لە ئیختراقی دیبلۆماسیی کرابێت، وەک ئەوەی کێشەی گۆڕان لەو دانپیانانەی ئەو لایەنانەدا بێت، ئەم عەقڵییەتەش جۆرێکە لە خۆبچووکسەیرکردنو خۆلاوازبینین، کە دەیەوێت گەورەییو بوونی خۆی لە چاوی ئەوانی دیکەوە ببینێت.

هەندێک پێیانوایە: گۆڕان نەدەبوایە بەشداریی لەو کۆبوونەوەو وەفدانە بکاتو هەست دەکەن ئەوە لادانێکی روونە لەو ستراتیژییەتەی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە کاری لەسەر کردووە، گۆڕان بزووتنەوەیەکی نوێخوازی نوێ بابەتە، کە لەسەر مەبنای رەخنەیەکی توندو قووڵو سازشنەکەر لە رەفتارو سیاسەتی چەند ساڵەی نوخبەی سیاسیی کوردی لەمەڕ هەموو مەسەلە ناوخۆییو دەرەکییەکان دروست بووە، گۆڕان دەیەوێت شێوازو میکانیزمو عەقڵیەتی نوێ پیشانی کۆمەڵگە بداتو خۆی لەو رەفتارە تەقلیدییە ژێربەژێرانە رزگار بکات. تەنیا هەڵوێستێک، کە لەگەڵ ئەو ستراتیژەدا دەگونجێت، ئەوەیە؛ گۆڕان بەشداریی ئەو کۆبوونەوانەی نەکردایە، نەبوایەتە بەشێک لەو لیژنەو وەفدانە، سیاسەتو بەرنامەی خۆی بە ئاشکراو بە روونی بۆ خەڵکی کوردستانو لایەنە سیاسییەکان بخستایەتە بەرچاو، نەوەک دیسانەوە خۆ قەتیسدان لەنێو هۆڵە داخراوەکانو ساتو سەودا لەسەر مەسەلە مەبدەئییەکان (وەک ئەوەی بۆ مەسەلەی سەرۆک کۆمار کرا)، گۆڕان لەبری خۆ خزاندنە نێو ئەو شەپۆلەوە دەبوایە هەوڵی راپرسی ناوخۆیی بدایە لە ڕێگەی کەناڵەکانی وشەوە، یا رایەڵەکانەوە لەسەر پرسە گرنگەکان وەک دەنگدان بە سەرۆک کۆمار، وەیا بەشداریکردن لە کابینەی عێراق، وەیا هەر پرسێکی دیکە.

وە ئەوەی ڕابگەیاندایە کە گۆڕان بە گوێرەی بەرنامەی ئاشکرای خۆی پابەند دەبێت بە هەر پرسێکی نەتەوەیی گرنگو چارەنووسسازەوە.

ئەم هەوڵانەی ئێستا وەک ئەوە وایە گوایە، حیزبە کوردییەکان خاوەن بەرنامەو سیاسەتی نەتەوەیی ڕۆشننو تەنیا ئەوە ماوە گۆڕانیش پەیوەست بێت بەم ستراتیژەوە، ئەوا شوکر گۆڕانیش پەیوەست بوو بەڕیزی نیشتمانییەوە، واتە بازنەی یەکڕیزییو تەبایی کورد کاملبوو!

گۆڕان نابێت وەک حیزبە تەقلیدییەکانی دیکە سەرقاڵی سەردانو کۆبوونەوە بێت، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، بەڵکو دەبێت زۆرتر لە دیالۆگێکی ناوخۆیی بەردەوامدا بێت بۆ دانانی باشترین ستراتیژ بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو. لێرەشدا بەهیچ شێوەیەک مەبەست ئەوە نییە گۆڕان خۆی دابڕێت لە هێزە سیاسییەکان، نەخێر، گۆڕان پێویستە ناوبەناو راوێژو راگۆڕینەوە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بکاتو بۆچوونی خۆیان بۆ روونبکاتەوەو لەوە ئاگاداریان بکاتەوە، کە لەسەر ئەو مەسەلانەی چارەنووسسازن بۆ ئاییندەی کوردستان گۆڕان خاوەن ئیستیقامەو پەیگیرییەو سازشیان لەسەر ناکاتو لە داهاتووشداو لە کاتی پێویستدا ئەو بۆچوونو هەڵویستانەی لە بەغدادا دەخاتەڕوو، ئەمەش بەشێکە لە تێگەیشتنو قەناعەتەکانی خودی گۆڕان، نەک خۆجوانکردن بێت لەبەردەم لایەنەکانی دیکەدا، لە راستیدا نووکی رمی گوتاری رەخنەیی ئێمە لە نوخبەی سیاسیی لەوەدا بووە، کە ئەوان خەمساردو سستو لاموباڵی بوونە لەو پرسانەداو ئەوە ئێمەین کە دەمانەوێت گوڕێک بە هەوڵو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بدەین، نەوەک لە پرۆسەیەکی خێرادا پەیوەست بین بە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە، ئێمە چاوەڕێین گۆڕان وێنەیەکی دیکەو شێوازێکی دیکە پێشانی کۆمەڵگە بدات لە هونەری سیاسەتکردنو پەیوەندییەکانو تەنیا زیادبوونی ژمارەیەکو دەموچاوێک نەبێت.

لە راستیدا ئەم هەڵپەیەی گۆڕان بۆ بەشداریکردن لەم هەنگاوانە نیشانەی ناکاملیی ستراتیژی گۆڕانو نەبوونی ئەجێندایەکی کارکردنی ڕۆشنە، کە گەر زوو بەخۆداچوونەوەیەکی بۆ نەکرێت گۆڕان دەکاتە پاشکۆیەکی سیاسەتی ڕەسمیی حیزبە کوردستانییەکانو تا دێت هێڵە جیاوازەکان کاڵتر دەبێتەوە.

# حکومەتی هەرێمو سەرسوڕمانی ئێمە

سەیفەدین مەنمی

ئەم حکومەتەی ئێمە قەزاو قەدەرو عەجیبو غەریبە لە کارو کردەوەکانیدا.

١- ئەگەر هەندێک بەوردی سەیری هەڵسوکەوتی حکومەتو پەرلەمان بکەین سەرمان لە زۆر شت سوڕدەمێنێتو لە زۆر بواردا تووشی شۆک دەبین.

ڕۆژێک بۆ دەوامی فەرمیی خۆم دەچووم برادەرێکی فەرمانبەری دیکەم لەگەڵدا بوو دەبەیەکی (٥) لیتری پێبوو، گەیشتینە بەنزینخانەی (مێرکۆ) وتی: بووەستە ئەم دەبەیە پڕ دەکەم لە بەنزین بۆ موەلیدەکە، کە پڕی کرد وەسڵی پارەکەی پێبوو کە بە چەند بۆیان پڕکردبوو بۆ ئەوەی سەربەرزانە پیشانی بەڕێوەبەرەکەی بداتو سەر بۆ چەند دینارێک دانەنەوێنێت لە حیسابی مانگانەدا، ئەمە حیکایەتی (٥) لیتر بەنزینە، کەچی بە بەرچاوی حکومەتو پەرلەمانو یاساو سەرجەم جەماوەری کوردستانەوە ڕۆژانە سەدان تانکەری نەوت ئاودیوی ئێران دەکرێتو دەکرێتە دەفتەری دۆلار، بەڵام نە وەسڵێکی حیسابی دیارەو نە حکومەتو پەرلەمانیش لێی دەپرسنەوە، کە ئەم سەروەتە زەبەلاحەی هاوڵاتیی کوردستان بۆ کوێ دەچێو داهاتەکەی دەچێتە گیرفانی کێو کێ لێی سوودمەندە؟! لەکاتێکدا وەزیری داراییش لێی بێئاگایە.

٢- مانگانەو هەفتانەش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەیان بریندارى کیمیاییو پێشمەرگەی کەمئەندامو خێزانی هەژارو نەداری کوردستان دەبینین، کە هەریەکەیان گیرۆدەی نەخۆشییەکی کوشندەنو پێویستیان بە چارەسەری دەرەوەی وڵات هەیە، بەڵام لایەنێک، وەزارەتێک، بەرپرسێکی دڵسۆز نییە ئاوڕێک لە مەینەتیو ئازارەکانیان بداتەوە لەبری ئەوە لە شاشەکانەوە داوا لە هاوڵاتییانی خێرخواز دەکرێت بەخێری خۆیان ئاوڕێکیان لێبدرێتەوە بۆ چارەسەریان لەدەرەوەی وڵات، ئەمە لەکاتێکدا کە بودجەی کوردستان بودجەیەکی زەبەلاحەو دەتوانێت ئاوڕ لە هەموویان بداتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە هەمان حکومەت، هەمان بەرپرسانی حکومەت دەعوەتی دەیان هونەرمەندی بیانییو عەرەبییو ئێرانیی دەکەن بۆ کوردستانو دەیان دەفتەر دۆلاریان پێدەدەن، کە ماڵی میللەتو بەشی ئەو نەخۆشو بریندارانەیە، کە ئاوڕیان لێنادرێتەوە.

٣- لەم ماوەیەدا لە وڵاتی فەرەنسا پۆلیسێک کۆچی دوایی کردبوو، جگە لەوەی کە جەماوەرێکی زۆر ئامادەی خواحافیزیی لاشەکەی بوونو چەپکە گوڵی وەفایان لەسەر دادەنا، خودی سارکۆزی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا بە میدالیای ڕێزو وەفاوە بەشداریی مەراسیمەکەی کرد، لەکاتێکدا کە سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا میوانی تایبەتی فەرەنسا بوو لەگەڵ خۆی هێنابووی کە ئەویش هەمان میدالیای ڕێزی بەتابوتەکەیدا هەڵواسی، ئەمە لە فەرەنساو بۆ تەنیا یەک پۆلیسی کۆچکردوو، کەچی لە کوردستانی ئێمەدا لە ساڵی رابردوودا (٣٦٧) رووفاتی ژنو پیاوی ئەنفال هێنرانەوە کوردستانو ئەمساڵیش (١١٢) گوڵی هەڵوەریوی ئەنفال هێنرانەوە کوردستان، بەڵام نە سەرۆکی هەرێمو نە سەرۆکی کۆمار ئامادەی پێشوازییو ڕێوڕەسمی ناشتنیان نەبوون، کە دەبوایە هەردوو سەرۆک بۆ دڵنەوایی خەڵکی کوردستانو کەسوکاری قوربانیانو وەفایەکیش بۆ ئەو مەرگەساتەی ئەو هەموو پیاوو ژنو منداڵەی کورد، کە بە خوێنی ئەوان بوونەتە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی کۆمار لە دەروازەی کوردستانەوە تاکو هەوارگەی سپاردنیان هاوڕێی کەژاوەی قوربانییەکان بوونایە، کەچی بەداخەوە بە هەموویان نرخی پۆلیسێکی فەرەنسیان بۆ ئەژمار نەکرا.

٤- شارەوانییەکانی حکومەتی هەرێم کون بەکونی کووچەو کۆڵانی شارو شارۆچکەو گوندەکانیشیان خستووەتە ژێر چاودێرییو بەدوای کەلاوەیەکی (١٠٠) مەتریدا دەگەڕێن، کە ئەگەر لەگەڵ خاوەنەکەی نەگونجێن ئەوە بەشۆفڵ لەگەڵ زەوی یەکسانی دەکەن، کەچی هەمان دەسەڵات بەدەیانو سەدان دۆنم زەوی لە گوندنشینەکان داگیردەکەن، کە سەدان ساڵە بەدەست باوو باپیرانیانەوەیە، دەیدەنە کۆمپانیاکانی ئەم (سیتیو ئەو سیتی)و دەکرێنە باڵەخانەو بە هەزاران دەفتەر دەفرۆشرێنەوە بێ ئەوەی بزانرێت سوودو داهاتی ئەم کۆمپانیایانە کێ لێی سوودمەندە؟

٥- لەم کوردستانەدا دەیان خوێندکاری سەرکەوتوو هەیەو نمرەکانیان ئەوەندە بەرزن، کە شایەنی ئەوەیە ئاوڕیان لێ بدرێتەوەو بنێردرێنە دەرەوەی وڵات بۆ هێنانەدی خەونو خولیا زانستییەکانیان، بۆ ئەوەی هەم خۆیان دڵخۆشبن بە کۆششەکانیانو هەم جەماوەریش لە ئەزموونەکانیان سوودمەندبن، کەچی لەماڵەوە کەوتوونو چاوەڕوانی قەدەری خەونەکانیان دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا سەدان دەفتەر دۆلار بۆ کڕینی دەنگی هەڵبژاردن سەرف دەکرێت، ئەی توخوا ئەمە حکومەتی عەجیبو غەریبو سەرسوڕهێنەر نییە؟

## ئاگاداری سەبارەت بە دەستپێکردنی پرۆسەی وەرگرتنی کۆمپانیای گەشەپێدەر بۆ ناوچەی ئابووری ئازاد لە سلێمانی –AECOM ٠١/نیسان/٢٠١٠

ناوچەی ئابووری ئازادی سلێمانی (SEFZ) (Sulaimani Economic Free Zone)
داواکاری «دەربڕینی ئارەزووی بەشداریکردن (EOI)» لەلایەن کۆمپانیای گەشەپێدەر بۆ ناوچەی ئابووری ئازاد.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێ بە گەشەپێدانی ناوچەی ئابووری ئازادی سلێمانی، ناوچەکە بریتی دەبێت لە مەڵبەندێکی تەواوی بازرگانی کە خزمەتگوزاری لۆجیستیو پیشەسازی خزمەتگوزاریە خاوێنەکان لەخۆدەگرێت. ناوچەی ئابووری ئازادی سلێمانی (SEFZ) لەسەر رووبەری زەویەکی ٥٧٠ هێکتاری (٥,٧ ملیۆن م٢) لە نزیک فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دروستدەکرێتو بە رێگای زەمینی، شەمەندەفەر وە ئاسمانیەوە دەبەسترێتەوە. سەرەڕای ئەم شوێنە، لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی پێگەیەکی تر دەستەبەردەکرێت وەک پێشنیار بۆ دروستکردنی ناوچەی گەشەپێدانی پیشەسازی قورس. دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان Kurdistan Board of Investment (KBOI) لە جیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە بەپێی سیستەمو یاساو رێساکانی هاندان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەرکی گەشەپێدانی ناوچەی ئابووری ئازادی سلێمانی لەئەستۆ دەگرێت.

ناوچەی ئابووری ئازادی سلێمانی لەلایەن کۆمپانیایەکی گەشەپێدانی خاوەن ئەزمونی باڵای تەکنیکی و داراییەوە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستدەکرێت. وەک بەشێک لەو پرۆسەیە، دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان ئێستا هەڵدەستێ بە وەرگرتنی «دەربڕینی ئارەزوی بەشداریکردن (EOI Expressions of Interest)» لەو کۆمپانیا گەشەپێدەرانەی/ بەکارخەرانەی کە ئارەزومەندن لە بەشداریکردن لەو کێبرکێیەدا. ئەو کۆمپانیایانەی «ئارەزوی بەشداریکردن (EOI)» پێشکەش دەکەن ئەوا «فۆرمی دەربڕینی لێهاتویی RFQ) Request for Qualifications)» وەردەگرن. دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لەسەر بنەمای بەڵگەکانی دەرخستنی ئامادەباشی و لێهاتویی پێشکەشکراو هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی باشترینی کۆمپانیاکان کە پاشان «فۆرمی داواکاری پرۆپۆزەڵ RFP) Request for Proposals)» یان پێدەدرێت. مەرجەکانی لێهاتویی چاوەڕوانکراو ئەمانە لەخۆدەگرن: پێشینەی کاری کۆمپانیا لە بواری دروستکردن و پەرەپێدانی ناوچەی پیشەسازیو بازگانیدا، توانای دارایی لە بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی گەورەی هاوشێوەی ناوچەی ئابووری ئازادی سلێمانی، هەروەها توانای کارکردن بە شێوەیەکی چالاکانە لە سلێمانی.

کاتی چاوەڕوانکراوی قۆناغەکانی پرۆسەکە (EOI/RFQ/RFP) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- وەرگرتنی دەربڕینی ئارەزوی بەشداریکردن (EOI): ٢٠١٠/٠٥/٠٢
- پێدانی فۆرمی دەربڕینی لێهاتوویی (RFQ): ٢٠١٠/٠٥/٠٩
- وەرگرتنی بەڵگەکانی دەرخستنی لێهاتویی کۆمپانیاکان: ٢٠١٠/٠٦/٢٠
- پێدانی فۆرمی داواکاری پرۆپۆزەڵ (RFP): ٢٠١٠/٠٧/١٢

بۆ پەیوەندی و پرسیار:
**حیدر مصطفی سعید**
دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان
ئیمەیل: hayder.sinjawi@krg.org
hsinjawi@yahoo.com

## Notice for the Commencement of the Developer Recruitment Process for the Sulaimani Economic Free Zone – AECOM, 1st April, 2010

Sulaimani Economic Free Zone (SEFZ)
Request for Expressions of Interest (EOI) from Economic Zone Developers/Operators

The Kurdistan Regional Government (KRG) is developing the Sulaimani Economic Free Zone (SEFZ), an integrated business, logistics, and clean manufacturing center located near the Sulaimani International Airport. The SEFZ will be established on a 570 hectare (5.7 million m2) site with access to road, rail and air connections. An additional site southeast of downtown Sulaimani is also available on an optional basis for heavy industrial development. The Kurdistan Board of Investment (KBOI) is promoting the development of the SEFZ on behalf of the KRG. It is intended that the zone will be established and operated under the KRG incentive regime.

The SEFZ will be developed by a technically and financially qualified developer/operator in collaboration with the KRG. As part of this process, KBOI is now seeking Expressions of Interest (EOI) from developers/operators who wish to enter the process of qualification. The firms that submit an EOI will receive a Request for Qualifications (RFQ) document. Based on the Statements of Qualifications provided, the most qualified firms will be selected by KBOI and will receive the Request for Proposals (RFP).The expected qualification criteria include: track record in the development and operation of industrial and commercial zones; financial capacity to develop a project of the size of the SFEZ; and ability to operate effectively in Sulaimaniyah.

The timing for the EOI/RFQ/RFP process is anticipated as follows:

- EOI receipt: 2nd May, 2010
- RFQ issue: 9th May, 2010
- Statement of Qualifications receipt: June 20th , 2010
- RFP issue: July 12th , 2010

For Contact and Queries:
Hayder Mustafa
Kurdistan Board of Investment
Email: hayder.sinjawi@krg.org
hsinjawi@yahoo.com

# جەوهەری ڕەخنەی گۆڕان، لەچیدایە؟



م.فەزیلە

دیارەلەم وڵاتەی ئێمەدا ماوەیەکی زۆرە زۆربەی کەناڵو دیدگاکانی ناو کۆمەڵگە لەوپەڕی ڕاست بۆ ئەوپەڕی چەپو سپیو ڕەشەوە سەرقاڵی یەک کەناڵو یەک دیدگای ناو کۆمەڵن، کە سەرتاپای کۆمەڵی کوردیو دەوروبـــەری تەنیوەتەوە، دیاردەیەک کە لە هەناوی کۆمەڵگەدا کەڵەکەبووەو لە ئێستادا خەریکی چــڕبــوونــەوەو گەشەو نەشونماکردنە، لە مەیدانی ئەزموونگەرییەکی سەختو دژواردایـە لەگەڵ سەرجەم کەلتوورو کایەکانی ناو کۆمەڵدا، ئەم دیدگایە لەهەموو زاڵگەیەکی کۆمەڵگە وجودی هەیەو بووەتە جێگەی دیالۆگو پرسیار، بەشێوەیەکی دیکە گۆڕان سەرتاپای پایەکانی کۆمەڵگەی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، پرسیارێک کە لە ئێستادا وەڵامەکانی تەنیا لای ئەوانەیە، کەلەوەگەیشتوون کە سەرتاپای ئەم سیستەمو دامودەزگاکانی ئەم کۆمەڵگەیە بەسەقەتی بیناکراون، بەجۆرێکی دیکە خودی کایەی کۆمەڵایەتیو سەرجەم دامودەزگاکانی ئێمە لە سێبەرو سایەی سەقەتی پێناسە شێواو ئایدیا سواو تەقلیدییەکان لەدایکبوونو سەریانهەڵداوە.

مانەوەی ئەم دامەزراوەو پایە کۆمەڵایەتیانە بەم شێوەیەی ئێستا لە بەرژەوەندیی کۆمەڵێک خەڵکدایە، کە چەندین ساڵە پاسەوانو بەرگریکاری سەرسەختی ئەم سیستەمن.

مـانـەوەی ئـەم سیستەمە دەبەستنەوە بە ژیـانو ژیـاری سەرجەم کۆمەڵ، بەشێوەیەک بە پرسیارێکی بچووکو ئاماژەیەک قەڵس دەبنو سەری دنیایان لێ دەگیرێتو لای ئەوان سیستمو دامودەزگاکان زێڕی عەیارە بیستو یەکنو هەموو پایەکانیان لە پیرۆزیی پیرۆزترن!

هـەرجـۆرە لێکدانەوەو قسە لەسەرکردنێک بەتوندی ڕەتدەکەنەوە، بۆیە لە بەرامبەر ئەمەدا گرنگە ئەمڕۆ گۆڕان هەوڵی گرنگی ئەوە بێت، کە بتوانێت پێناسەو ئاماژە سەقەتەکانی کۆمەڵگە لەناو کایە سیاسییو ئابوورییو کەلتوورییەکان ڕاست بکاتەوە، بەشێوەیەکی عەمەلی دەخالەتی خەڵکی لە دەسەڵاتی سیاسییو دەوڵەتیدا لەوشێوە چەقبەستوو و دۆگمایەی ئێستا بێنێتە دەرەوە.

دەبێت ئەم بزووتنەوەیە ئەو واقیعە مەوزوعییە لە مەفهومی دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە، کە خۆی لە سەرووی کۆمەڵگەوە دەبینێت. جەوهەری ئەم بزووتنەوەیە لەوەدایە، دەسەڵات لەو مەفهومە چەوتە بترازێنێت کە دەسەڵات خوو و خولیایەکی بۆماوەییو میراتگرییو خانەدانیو ئیمامییە لە بابو باپیرانەوە سەرچاوەی گرتووە.

بە واتایەکی دیکە بیروباوەڕی دیموکراتیکو ڕژێـمـی دیموکراتیک لـە هــەر شێوەیەکیدا بێت، دەسەڵاتی دەوڵــەت بــەوە دادەنــێـت، کە لە خەڵکەوە هەڵقووڵابێتو وەڵام بە خەڵکی بداتەوە، ئەوە خەڵکە لە دەرئەنجامی نەبوونی وەڵامەکانی لە هەناویدا بزووتنەوەی گۆڕان گۆش دەکات، وەک بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی توێژە پشتگوێخراوەکان، بۆ بەدەستهێنانی ئـەو مـافـانـەی، کـە ئـەوانـی دیکە هەیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا، سەرئەنجام ئەم بزووتنەوەیە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لە چ کۆمەڵگەیەکو لە چ هەلومەرجێکی سیاسییو ئابووریدا سەرچاوە دەگرێت، دیارە لەم هەرێمەی ئێمەدا گۆڕان عیبارەتێکە کە دەیەوێت دەرگا داخراوەکانی دەسەڵات بەڕووی خەڵکدا بکاتەوە، یا بە دەربڕینێکی دیکە فراوانکردنەوەو پەرەپێدانی پایەی حقوقی کۆمەڵانی خەڵکە، بۆ بەشداریکردنی هەرچی زیاتری خەڵک، لە گشت پایە سیاسییو ئابوورییو کۆمەڵایەتییەکاندا، کە ئازادییە سیاسییو فەردییەکانو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی خودی ئەم پرۆسەیەن، کە دەبێت ئەم بزووتنەوەیە سەرچاوەی بێت لە جەرگەی ئەم پرۆسەیەدا، دەبێت هەموو دیدگاکانی کۆمەڵگە لەوە بگەن، کە ئەم پرۆسەیە دەبێت بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو دوور لە هەر گرژییو ئالۆزییەک لە هەناوی کۆمەڵگەدا گەشە بکاتو بڕسکێت، واتە ببێتە چوارچێوەیەک بۆ بەشداریکردنی جەماوەری خەڵک لە سەرجەم بوارەکانی دەسەڵاتو دەوڵەتدا ڕەخنە جەوهەرییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە دەســەڵات، لە واقیعدا ڕەخنەیە لە تێڕوانینو پێناسەو شێوازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، هەرچەندە ئەم ڕەوتە پەرشو بڵاویی پێوە دیارە، بەڵام کۆدەنگیی ئەم ڕەوتە دەبێت لەسەر ئەوە خۆی بینا بکات، کە دەسەڵات بگەیەنێتە ئاستێک، کە چیتر نەتوانێت تەحمولی دەنگە ناکۆکەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگە نەکات، بە واتایەکی دیکە دەبێت دەسەڵات لە چوارچێوەی حیزبو مۆڕاڵی خێڵەکیانە بێتە دەرەوەو دیدگایەکی گشتگیری هەبێت بۆ خوێندنەوەی هەموو کۆمەڵگە بەبێ جیاوازییو ئیمتیازاتی تایبەت بە ئەمو ئەو، بەهۆی پلەو پایەی سیاسییو حیزبی، دیارە هەبوونی ئەم دیدە دەبێتە کرانەوەی زیاترو قووڵبوونەوەی دیموکراسی، مەبەستم لە قووڵبوونەوە بە مانا فراوانەکەی کە خەڵک لەسەر هەموو کەلێنو قووژبنەکانی کۆمەڵگە ئازادانە قسەی هەبێت، بەبێ پۆلێنکردنو جیاوازیی، واتە هەبوونی مافی ئازادانەی ڕەخنەگرتن بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ، هەرجۆرە ڕێگرییەک لەبەردەم ئەم ویستەی تاکدا کۆمەڵگە بەرەو هەراسانییو توندوتیژیی دەبات، نموونەی زیندوومان هەیە لەمبارەوە کاتێک ئازادیی واقیعی تاک بەرتەسک دەکرێتەوە، تاک یان پەنا بۆ هەڵاتن دەبات، یان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی، بۆیە باشترین هەل لەبەردەم دەسەڵات کرانەوەی زیاترە لەبەردەم شەپۆلەکانی گۆڕانو گوێگرتنە لە ویستەکانی خەڵک، بۆیە گەورەترین هەڵە کە دەسەڵاتی سیاسیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تائێستا پیادەی دەکـات، ئەوەیە کە دەسـەڵات خۆی لە مەوقیعی تاکڕەهەندیی خۆیەوە چاو لە تاک دەکـات، هەموو تاکی کۆمەڵ وا چاو لێدەکات، کە گوایە جێگەو شوێنی وەک یەکو یەکسانیان هەیەو گوێناداتە ئەو جیاوزاییە قووڵەی کە لەنێوان تاکدا هەیە، دەسەڵاتی سیاسیی لە ڕوانینی بۆ تاک خۆی بە نموونەی فەردی کۆمەڵ دادەنێتو خۆی دەکاتە هاوتاو هاومانای بەها ئینسانییەکانی تاک، بۆیە ئەم پرۆسەیە بە ئەندازەی کافی غەیرە دیموکراتیک بەرتەسکو تەنگە کە دەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگەی کارکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو قودرەتمەندەکان، بۆیە بۆ ڕەخنەگرتن لە سیستمی سیاسیی، ناکرێت تەنیا خـودی سیستمەکەو کەموکوڕییەکانی بدەینە بەر ڕەخنە.

هەر جۆرە ڕەخنەیەک کە پەنجە نەخاتە سەر بناغەی واقیعیو ئابوورییو کۆمەڵایەتی ئەم نیزامەو لەوێوە نەچێت بۆ شکڵە سیاسییەکەی حکومەت، ڕەخنەیەکی کورتو ناتەواوەو ناتوانێت جەوهەری واقیعی خودی سیستمە سیاسییەکەش نیشان بدات، دیارە ئەم شڵەقانە لە سەرەتادایەو نەیتوانیوە لەنێو گۆمەکەدا هێڵە گشتییەکانی دیاری بکات بە ئاراستەی دژە شەپۆلە باوەکان ڕێدەکات، بۆیە تا لەمپەڕو شەپۆلە باوەکان لەبەردەم ئەم شڵەقانەی کۆمەڵدا هەرەس نەهێنن ئاراستەکردنو مەینی شەپۆلەکانی گۆڕان سەختو دژواردەبن، کەواتە ڕەخنەگرتن لە سیستمی مەوجود نابێتە ڕەخنەیەکی گشتگیر لە کۆی پایە ئەساسییەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵداو نابێتە هەوێنی گۆڕانێکی سەرتاپاگیرو کامڵ، بۆیە دەبێت دەستپێکی ئەم ڕەخنەیە لەوێوە دەستپێبکات، کە ڕێگرییەکانی بەردەم ئازادیی ڕاستەقینە تێکبشکێنێت، چونکە گۆڕان بەر لەهەموو شتێک ویستێکی ئازادانەی تاکە، بەرگرییو داکۆکیکردن لە وەزعی مەوجود لە بەرامبەر پێویستییەکانی ڕەوتی حەرەکەتی زیندووی کۆمەڵدا هەمیشە دواکەوتووانەو هەڵگەڕانەوە بــەرەو دواوەیــە، هەر بەم پێیە خۆبەستنەوەو شەتەکدانی تاک بە بەرژەوەندیی بەرتەسکی فەردیی لە بەرامبەر بەرژەوەندیی گــەورەی کۆمەڵدا لە ئەنجامدا بەرهەمێکی نەزۆکی لێ دەبێتەوە، بۆیە تاکی بێ ڕەخنەو بێ هزر لە چوارچێوەو قاڵبی ئەم بەرژەوەندییە تاکبینەوە بەزوویی لەپێش برکێی چوونە ناو ئەو بزووتنەوەو حیزبە بەستوانەوە ڕیز دەبەستن، کە وەک ماسی بەستوو تەنیا لەناو گۆژمی بەتینی گەرمی فڕنەکاندا بەهۆش خۆیان دێنەوە، بۆیە تاکی تەندروست ئەو تاکەیە، کە ڕەخنەگری زەمانەی خۆی بێتو ببێتە خەباتگێڕو بزوێنەری ڕێگەی وەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ.

بۆیە ئەوەی گۆڕان بەشێوەیەکی عەینی داوای دەکات، بریتییە لە: بەرینبوونەوەی ئازادییەکانو مافە دیموکراتییەکانی خەڵک، زیاتربوونی بەشداریی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانداو تەنگەبەرکردنەوەی مەیدانی ملهوڕی.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید** – **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ڕیکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# چەمکی کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە بەپێی دەستوور

چالاک عومەر *

**مەرج نییە ئەو کوتلەیەی زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنەکان هێناوە، واتا لیستی لە پێشەوەیەو خاوەنی (١٦٣) کورسی نییە، پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ بسپێردرێت، تەنیا ئەگەر هیچ کوتلەی دیکە پێکنەیەت، کە لەو خاوەنی کورسی زۆرتر بێتو رابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران**

دوای ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ، لەلایەن کۆمسیۆنەوە لە ئێوارەی رۆژی (٢٠١٠/٣/٢٦) راگەیەندرا، لە سێبەری کەشوهەوایەکی بارگاویی بە تەوەتوری سیاسیی‌و تانەلێدان لە بێگەردیی‌و رۆشنیی هەڵبژاردن لەناوەوەو دەرەوەی عێراق، کوتلەی لیستی عێراقییە (٩١) کورسی بەدەستهێنا، کە لە پێشەوەی هەمووانە، کوتلەی لیستی دەوڵەتی یاسا (٨٩) کورسی، لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی (٧٠) کورسی، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی (٤٣) کورسی، لیستی گۆڕان (٨) کورسی، لیستی تەوافوق (٦) کورسی، لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان (٤) کورسی، لیستی وەحدەی عێراق (٤) کورسی، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان (٢) کورسی، پێکهاتەی مەسیحی (٥) کورسی، ئێزدیی (١) کورسی، شەبەک (١) کورسی، سابیئە (١) کورسی، ئەو کوتلانەی کە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە پێشەوەن، مشتومڕی سیاسییان زۆرە، چەندین دانیشتن بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی چۆنێتی پێکهێنانی حکومەت کراوە، کە بەهۆیەوە بە رێکەوتنی سیاسیی بگەن‌و بە ئاراستەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو برۆن‌و هەرسێ پۆستەکانی سەرۆکایەتی دابەشبکرێن (سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەر بابایە، بە فەرمیی‌و نافەرمیی، سەردانی وڵاتانی دەوروبەر دەکەن، بێ بەهەند وەرگرتنی سەروەریی وڵاتو بنەماکانی دەستوور، تەنیا بۆ بەدەستهێنانی پۆستێک، یان مانەوەی لە پۆستەکەی، یان بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیاتر بۆ حیزبەکەی.

لێرەوە پرسیارێک دەربارەی شێوەی حکومەتی ئاییندە دەکرێت، ئایا حکومەتی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن دەبێت، لەلایەن کوتلەی براوە بە زۆرترین دەنگ، یان لەلایەن کوتلەی زۆرینەی ژمارەی دەنگەکانی یاخود کورسییەکانی بەدەستهێناوە، دوای هاوپەیمانیکردن لەنێوان خۆیاندا، یاخود وەکو حکومەتی رابردوو چۆن بوو وادەمێنێتەوە، پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە تەوافوقە سیاسییەکان مەحکوم دەبێت، دوور لە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، دەکەوینە بەرامبەر حکومەتی تەوافوقی، یان بەشداریکردن؟ یاخود حکومەتی ئاییندە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی تێدا رەچاودەکرێت لەگەڵ تەوافوقاتو بەشداریکردن‌و فرەپێکهاتوو.

بە خوێندنەوەی گۆڕەپانی سیاسیی‌و کارایییەکانی دەستووریی دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی نوێنەران‌و راڤەکردنی دەقەکانی دەستوورو لاپەنی تایبەتمەند لێی، لەسەر رۆشنایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق شێوەی پێکهێنانی حکومەتی ئاییندە، ئیستیحقاقی هەڵبژاردن لە حکومەتدا رووندەکەینەوە.

١- دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران لەدوای هەڵبژاردنەکان:

لە رێگەی داواکردنی سەرۆک کۆماری ولایەت کۆتایی هاتوو (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)، ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەیەک، کە زیاتر نەبێت لە (١٥) رۆژ کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێت لە بەرواری رەزامەندیی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتیی‌و دوای رەزامەندیی دادگای باڵای فیدراڵی، دانیشتنی یەکەم بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندامی پەرلەمان دەبەسترێت، بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران‌و هەردوو جێگرەکەی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردرێن، ئەویش بە هەڵبژاردنێکی نهێنیی‌و راستەوخۆ، نابێت لەماوەی دیاریکراو لە هەردوو مادەی (٥٤، ٥٥)ی دەستوور زیاتر درێژبکرێتەوە، ئەویش بەپێی مادەی (٧٢)ی دەستوور:

٢- أ- ماوەی کاری سەرۆک کۆمار بە کۆتاییهاتنی خولی ئەنجومەنی نوێنەران کۆتایی دێت.

ب- سەرۆک کۆمار بەردەوام دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تاوەکو دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ‌و ئەنجامدانی دانیشتن، بەو مەرجەی سەرۆک کۆماری نوێ هەڵبژێردرێت لەماوەی (٣٠) رۆژدا لە بەرواری ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی (ئەنجومەنەوە).

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار:

ئەنجومەنی نوێنەران لەنێوان پاڵێوراوان، کە مەرجەکانی دەستووری پاڵاوتنیان هەبێت، سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت، پێویستی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامان هەیە، ئەگەر هیچ لە پاڵێوراوان زۆرینەی پێویستی بەدەست نەهێنا، ئەوا ململانێ دەکەوێتە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوەی کە بەرزترین دەنگیان هێناوە، ئەو پاڵێوراوەی لە دەنگدانی دووەم زۆرترین دەنگ بێنێت، دەبێتە سەرۆک کۆمار.

مەرجەکانی سەرۆک کۆماریی

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقی مادەی (٧٠)ی دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، کە تیایدا هاتووە:

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لەنێو پاڵێوراوەکاندا سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت، ئەو پاڵێوراوانە دەکرێت لە نوێنەرە سەرکەوتووەکان بن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران، یان لە دەرەوەی لە رێگەی بەدەستهێنانی زۆربەی پێویستی بۆ سەرکەوتنی بۆ پۆستەکە، زۆرینەی دوو لەسەر سێ (٢١٧)دەنگ، ئەم کارە زەحمەتە بەدەستبێت، ئەگەر زۆر لە کوتلەیەکی پەرلەمانی ئیئتیلاف نەکەن بۆ پێکهێنانی بەرەیەک، کە بتوانرێت ئەم زۆرینەیە بەدەستبێنێت.

ئەویش بەپێی مادەی (٦٨) پێویستە پاڵێوراو بۆ سەرۆک کۆمار، ئەم مەرجانەی تێدابێت:

یەکەم: لە عێراق لەدایکبووبێتو دایکو باوکی عێراقی بن.

دووەم: لێهاتوویی تەواوی هەبێتو تەمەنی (٤٠ ) ساڵی تەواوکردبێت.

سێیەم: ناوبانگێکی باشو شارەزایی سیاسیی هەبێتو بە پاکێتیی‌و سەر راستی‌و دادوەریی‌و دڵسۆزیی بۆ نیشتمان ناسرابێت.

چوارەم: حوکم نەدرابێت بە تاوانێک، کە لەکەداری کردبێت.

مادەی (٧٠):

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لەنێو پاڵێوراواندا سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامەکانی.

دووەم: ئەگەر هیچکام لە پاڵێوراوان دەنگی زۆرینەی پێویستی بەدەستنەهێنا، ئەوا کێبەرکێ لەنێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا ئەنجامدەدرێت، کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە، ئەو کەسەش زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت، لە دەنگدانی دووەمدا دەبێت بە سەرۆک کۆمار.

مادەی (٧١): سەرۆک کۆمار لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا سوێندی دەستووریی دەخوات، بەوشێوەیەی لە مادەی (٥٠)ی دەستووردا هاتووە.

ب- راسپاردنی پاڵێوراوی کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران:

کوتلەی پەرلەمانیی براوە لە هەڵبژاردن، خاوەنی مافی پێکهێنانی حکومەتە، ئەویش بە پاڵاوتنی یەکێک لە کەسایەتییە بە تواناو لێهاتووەکانی بۆ سەرکردایەتیکردنی کابینەی نوێ، سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراو پاڵێوراوی کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە رادەسپێرێت، بە پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، لەماوەی (١٥) رۆژ لە بەرواری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.

پرسیاری گرنگتر ئەوەیە، کە مەبەست لە کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە چییە؟ جیاوازیی لە راڤەکردنی دەقی مادەی (٧٦)ی دەستووری عێراق دروستبوو، هەر لایەک بیرکردنەوەیەکی جیاوازی هەبوو، بۆ نموونە ئاراستەیەک وای دەبینێت، کە مەبەست لەم دەربڕینە، ئەو کوتلەیەیە کە بەرزترین دەنگی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بەدەستهێناوە، بەمانای بنچینەی ئەم ئاراستەیە بەدەستهێنانی زۆرترینی دەنگەکانە لە هەڵبژاردن، بێ تێڕوانین لە ژمارەی کورسییەکانی بەدەستهاتوو. ئاراستەی دووەم، پێیوایە؛ مەبەست لەو لیستانەیە، کە هاوپەیمانێتییان، یان ئیئتیلافیان کردووە دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی فەرمیی هەڵبژاردن‌و بە هەموویان زۆربەی کورسییەکانی نوێنەرایەتییان بەدەستەوەیە.

بۆ بەیەکلاداخستنی یەک لەم دوو ئاراستەیە، پێویست دەکات بۆ سەرچاوەی قەزایی بگەڕێینەوە، ئەویش دەسەڵاتی دادوەری باڵایە، واتە (دادگای فیدراڵیی باڵا)، بۆ ئەوەی راڤەکردنی هەر دەقێکو دانانی سنوورێک بۆ هەر جیاوازییەک لەنێوان لایەنەکان لەلایەن ئەم دادگایەوە، کە بەپێی دەستوور تایبەتمەندیی ئەوە، یەکلایی بکرێتەوە.

پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵیی بۆ دوای رووخانی رژێم دەگەڕێتەوە، واتە دوای دەرچوونی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە (مادەی ٤٤)، کە ئەنجومەنی وەزیران، دوای رەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و بەپێی دەسەڵاتی یاسادانان، فەرمانی ژمارە (٣٠) ساڵی (٢٠٠٥) لە (٢٠٠٥/٢/٢٤) (یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی) دەرکرد، لە مادەی (١) هاتووە: دادگایەک پێکدێت بە دادگای باڵای فیدراڵیی ناودەبرێت، بارەگاکەی لە بەغدا دەبێتو پیادەی ئەرکەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەکات، هیچ لە سەرووی ئەو نییە، (تەنیا یاسا نەبێت) لە مادەی (٤) ئەرکەکانی دادگا دیاریکراوە:

١- بەیەکلاداخستنی ئەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان حکومەتی فیدراڵو حکومەتی هەرێمو پارێزگاکان‌و شارەوانیی‌و ئیداراتی خۆجێیی دەبێت.

٢- بەیەکلاداخستنی ئەو ناکۆکییانەی پەیوەندیدارە بە دەستووریی‌و رەوای یاساکان، نەهێشتنی ئەوانەی لەگەڵ دەستوور ناتەبا دەبن.

٣- تێڕوانین لەو تانانەی پێشکەشکراون لە سەر حوکمو بڕیارەکانی دەرچوو لە قەزای ئیداریی.

٤- تێڕوانین لەو دەعوایانەی خراونەتە پێش دادگا بە سیفەتی ئیستیئناف، ئەم تایبەتمەندییەش بە یاسا رێکدەخرێت.

بە دەرچوونی ئەو یاسایە دادگایەک پێکهات، کە هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی بپارێزێتو ئیلغاکردنی یاساکانی سەرپێچیکەری دەستوور لە ئەستۆبگرێتو لابردنی ئەو زوڵمانەی کە دەکەوێتە سەر هەموو کەسەکان، لە بەرواری (٢٠٠٥/٦/١) ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بڕیاری کۆماری ژمارە (٢)ی دەرکرد بۆ دامەزراندنی سەرۆکو ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵیی، دوای دەرچوونی دەستوور لە ساڵی (٢٠٠٥) و پەیرەوکردنی لە بەرواری (٢٠٠٦/٥/٢٠)، هەندێک گۆڕانکاریی لە پێکهێنانی دادگا تێیدا هاتووە، نەک بمێنێتەوە وەکو ئەوەی لە یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) هاتبوو، ئەویش بەوەی دادوەرو شارەزایانی فیقهی ئیسلامیی خرانە نێو دەستوورو دەستنیشانکردنیان‌و رێگەی کارکردنی دادگا بۆ یاسا لێگەڕاوە، کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دادەنرێت (مادەی ٩٢ی دەستوور)، ئەمە سەرەڕای فراوانبوونی دەسەڵاتو تایبەتمەندییەکانی، بەپێی ئەم مادەیە مانەوەی دادگاکەو تایبەتمەندییەکانی جێگیر بووە، بە دەق جۆری ئەو کەسانەی دادگا پێکدەهێنن دیاریکردووەو لەهەمانکاتدا ژمارەو شێوازی هەڵبژاردن‌و کاری دادگا بە یاسا رێکبخرێت، تایبەتمەندییەکانی دادگای فیدراڵی لە مادەی (٩٣)ی دەستووری عێراقی هاتووە، لە نێویدا تایبەتمەندیی راڤەکردنی دەقەکانی دەستوور.

مەبەستی راڤەکردنی دەقی (کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە)، نووسینگەی سەرۆک وەزیران نووسراوی ژمارە (م.ر.ن/١٩٧٩) لە بەرواری (٢٠١٠/٣/٢١) بۆ دادگای باڵای فیدراڵیی ناردووە، تێیدا داوای کردووە، کە دادگای ناوبراو رای یاسایی خۆی تایبەت بە مادەی (٧٦)ی دەستووری کۆماری عێراق بخاتەڕوو، راڤەی عیبارەتی (کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە) بکات.

٤- رای دادگای باڵای فیدراڵیی:

رای بەیانکراوی دەرچوو لە دادگای باڵای فیدراڵیی:

ژمارە (٢٥/ فیدراڵیی/٢٠١٠)، رۆژی (٢٠١٠/٣/٢٥).

داواکارییەک بە نووسراوی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، ژمارە (م.ر.ن/١٩٧٩) لە بەرواری (٢٠١٠/٣/٢١) بۆ دادگای باڵای فیدراڵیی هاتووە، بۆ راڤەکردنی مادەی (٧٦)ی دەستووری کۆماری عێراق، لە نووسراوەکەدا دەقی مادەکە هاتووە، داوای راڤەکردنی دەربڕی (کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە)ی هاتوو لە مادەکە دەکات.

داواکە خرایە بەر وردبینیی‌و لێدوانی دانیشتنی دادگای باڵای فیدراڵیی لە بەرواری (٢٠١٠/٣/٢٥)وە دوای گەڕانەوە بۆ رای فوقەهای یاسای دەستووریی‌و وردبوونەوە لێی، دادگای باڵای فیدراڵیی گەیشتە ئەم رایە:

دادگای باڵای فیدراڵیی لە خوێندنەوەی دەقی مادەی (٧٦)ی دەستووری کۆماری عێراق بە هەر پێنج برگەیەوە، لە خوێندنەوەی دەقەکانی دیکەی پەیوەندیداری دەستووریی، وای بینیی کە جێبەجێکردنی حوکمەکانی مادەی (٧٦)ی دەستوور لەدوای بەستنی خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران دێت، ئەویش لەسەر داوای سەرۆک کۆمار بەپێی حوکمەکانی مادەی (٥٤)ی دەستوور، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە یەکەم دانیشتنی خۆی‌و ئینجا جێگری یەکەمو جێگری دووەم، بەپێی حوکمەکانی مادەی (٥٥)ی دەستوور، دوای ئەوە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دەگرێتەئەستۆ بەپێی ئەوەی لە مادەی (٧٠)دا بۆی دانراوە، دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو لەماوەی (١٥) رۆژ، لە بەرواری هەڵبژاردنیەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت پاڵێوراوی (کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە) رادەسپێرێت.

دادگای باڵای فیدراڵیی وای دەبینێت، کە دەربڕی (کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە) مانای وایە: یان ئەو کوتلەیەیە کە لەدوای هەڵبژاردنەکان پێکهاتووە لەرێگەی یەک لیستی هەڵبژاردن، بەناوو ژمارەی دیاریکراو چووەتە هەڵبژاردنەکان‌و زۆرترین ژمارەی کورسییەکانی دەستەبەرکردووە، یان ئەو کوتلەیەیە کە دوو لیست، یان زیاتر یەکیانگرتووە، بە ناوو ژمارەی جیاوازەوە چوونەتە هەڵبژاردن‌و ئینجا یەک کوتلەیان پێکهێناوەو بوونەتە یەک کوتلە لە ئەنجومەنی نوێنەران، هەریەکێکیان ژمارە زۆرینەبێت، سەرۆک کۆمار راسپاردنی پاڵێوراوی کوتلەی نوێنەرایەتی، کە کورسییەکانی نوێنەرایەتی لە دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران زۆرترین ژمارەیە لەو کوتلەیە، یان کوتلەکانی دیکە لەئەستۆدەگرێت، بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران پاڵپشت بە حوکمەکانی مادەی (٧٦)ی دەستوور.

رایەکە بە ئیتیفاق دەرچوو لە (٢٠١٠/٣/٢٥).

کۆتاییهات، مەدحەت مەحمود، سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵیی

٥- نارەزایی‌و تانەی لیستی عێراقییە:

کوتلەی لیستی عێراقییە، لە (٢٩)ی ئازار بەیاننامەیەکی دەرکرد لەژێر ناوی (رای دادگای فیدراڵی نرخێکی یاسایی نییە)، کە چەندین تەوەری جەوهەریی تێدا هاتووە، کە پێویستە بە بێلایەنی‌و بابەتیانەو دوور لە رکابەرایەتی موناقەشەی بکرێت:

١- لیستی عێراقییە دان بە بوونی دادگای باڵای فیدراڵیدا دەنێت بەپێی یاسای ژمارە (٣٠) ساڵی (٢٠٠٥)، بەڵام ئینکاریی مافی دەسەڵاتی راڤەکردنی دەستوور دەکات، لەو کاتەی بە روون‌و ئاشکرایی بۆ ئەو مەسەلەیە لە دەستوور هاتووە لە مادەی (٩٣)، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بریتییە لە راڤەکردنی دەقەکانی دەستوور (برگەی دووەم).


٢- لە بەیاننامەکەدا ئینکاریی بوونی دادگای فیدراڵی دەکات، کە دەڵێت: (دادگای فیدراڵی ئاگا لە دەستوور پێکنەهاتووە)، بۆیە (رای دادگای فیدراڵی نرخێکی یاسایی نییە)، ئەمە دژبەیەکی ئاشکرایە کە کوتلەی لیستی عێراقییە تێیکەوتووە، سەرەڕای ئەو دژ بەیەکبوونە، ئەو رایەی کە لە بەیانەکەدا هاتووە ناڕاستە، چونکە بوونی دادگای فیدراڵی بەپێی دەستوورو یاسا شەرعییە.

٣- لیستی عێراقییە لە بەیانەکەیدا وای دەبینێت کە (دادگای باڵای فیدراڵی جیهەتی تایبەتمەند نییە) ، ئەم قسەیە لە دیدی دەستووریی‌و یاساییەوە راست نییە، ئەگەر دادگای باڵای فیدراڵی تایبەتمەند نەبێت! ئەی ئەو جیهەتە کێیە کە خاوەنی تایبەتمەندە لە راڤەکردنی دەستوور؟ دەسەڵاتی دادوەریی مەرجەعی جێبەجێکردن‌و راڤەکردنی یاسایەو دادگای باڵای فیدراڵی بەپێی دەقەکانی دەستوور ئەم رۆڵەی لە ئەستۆگرتووەو پیادەی ئەو رۆڵە دەکات، کە دادگای دەستووریی پێی هەڵدەستێت لەو دەوڵەتانەی کە لە دەستوورەکانیان بوونی دادگای دەستووریی دەقی پێهاتووە.

بۆیە بەپێی دەقەکانی دەستووری ئاماژەپێکراوی سەرەوە، مەرج نییە ئەو کوتلەیەی زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنەکان هێناوە، واتا لیستی لە پێشەوەیەو خاوەنی (١٦٣) کورسی نییە، پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ بسپێردرێت، تەنیا ئەگەر هیچ کوتلەی دیکە پێکنەیەت، کە لەو خاوەنی کورسی زۆرتر بێتو رابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر دوو لیستی هەڵبژاردن یان زیاتر کوتلەیەک پێکبهێنن تاوەکو ببنە کوتلەی نوێنەرایەتی ژمارە زۆرینە، کە پێویستە (١٦٣) ئەندامی هەبێت لە کۆی (٣٢٥) ئەندام، ئەوا ئەو کوتلە پێکهاتووە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، نەک کوتلەی زۆرترین دەنگی لە پێشەوەی هەڵبژاردنەکان، ئێستا ئەرکی دەستووریی‌و مێژوویی‌و نیشتمانی‌و راستگۆییە لەگەڵ دەنگدەران کە هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی دەستوورو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلانی عێراق کاربکاتو بەرنامەی خزمەتکردنی وڵاتو هاوڵاتییان لەئەستۆبگرێت، دوور لە بەرژەوەندیی تەسکی کەسی‌و حیزبایەتی، بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو گەلانی دیکە وڵاتەکەمان بەرەو پێشەوە ببەین‌و نەوەکانی ئاییندە سەرکۆنەمان نەکەن.

* جیۆلۆجیستو مافپەروەر

# دەرفەتی بەپاڵەوانبوون



نەژاد جەلال

**پێشنیارێک بۆ ئەوانەی ئێستا ئەو دەرفەتەیان لەبەردەمدایە...**

(٢٠١٠/٤/٥) ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی نەمسا ڕاگەیاندرا، هاینز فیشەر بۆ جاری دووەم سەرکەوتنی بەدەستهێناو بووەوە بە سەرۆکی نەمسا، هاینز لە (٢٠٠٤)دا کاندیدی پارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسابوو، بە ڕێژەی (٥٢،٣٩٪)ی دەنگەکان بووەوە بە سەرۆک، بەڵام ئەو دەستبەرداری پۆستە حیزبییەکەی بوو، بۆ ئەم هەڵبژاردنە وەک کاندیدێکی سەربەخۆ خۆی پاڵاوتو ڕێژەی (٧٨،٧٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو بۆ شەش ساڵی دیکە بە سەرۆک هەڵبژێردرایەوە، سەرکەوتنە گەورەکەی هاینز دەگەڕێتەوە بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتی بەپاڵەوانبوونەی بۆی هەڵکەوتبوو.

لە ئێستادا دەنگۆی داواکردنی ئەوە هەیە، کە بەڕێز مەسعود بارزانی دەستبەرداری پۆستە حیزبییەکەی بێتو ببێتە سەرۆکێک بۆ هەموو هەرێم، هەرچەند ئەمە پێشنیارە بۆ بارزانیو داواو خواستی خۆی نییە، بەڵام بەر لە هەموو کەس لە بەرژەوەندیی خۆیدایە، دەرفەتێکی بەپاڵەوانبوونەو زەمەن پێی بەخشیوە، ئەگەر لەدەستی نەدات، دەبێتە ئەو پاڵەوانەی کە ئێستا هەرێمەکەی پێویستی پێیەتی.

سەرۆکی هەرێم، کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، سەختە بتوانێت لە هەرێمێکی وا ئاڵۆز لە حوکمڕانییو ململانێو فرە کوێخایەتیدا بێلایەن بێت، نەک ئەو هەر کەسێکی دیکەش سەرۆک بێت ناتوانێت بەیەک چاو سەیری هەموان بکاتو بەیەک زمان بۆ هەموان بدوێت.

بەهۆی شەڕی ناوخۆوە دابڕانێکی تەواو و هەستپێکراو هەیە لەنێوان هەرێمی زەردو سەوزی جاراندا، ڕەنگە زۆر ئەستەم بێت لە سلێمانی هەست بکەیت ئەم هەرێمە سەرۆکی هەیە، سەرۆک سەرۆکی پارتیشە، بۆیە خەڵکانێکی زۆر هەن بە سەرۆکی هەموانی نازانن، هەرچۆن دەستبەرداربوون لە پۆستی سەرۆکی پارتی مانای بەپاڵەوانبوونی بارزانی دەگەیەنێت، ئاواش دەبێتە سەرۆکێک کە هەموان گوێڕایەڵی دەبن، دڵنیاشم بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو زۆر لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) زیاتر دەنگ دەهێنێت، مێژووش چەند دێڕێکی بۆ تۆمار دەکات، کە نەوەکانی داهاتوو شانازیی پێوە بکەن، گرنگە بۆ کەسێکی وەک بارزانی ئەو دەرفەتە لەکیس خۆی نەدات، کە بۆ بەرژەوەندیی گشتییە.

کەسانێکی دیکە، کە دەرفەتی بەپاڵەوانبوونیان لەبەردەمە، پەرلەمانتارەکانی هەرێمن، زۆرێک لەوان ئێستا دەتوانن ببنە پاڵەوانێک، کە هەموان شانازیی بە بوونیانەوە بکەین، ئەو شانازیکردنەش لە ئاسوودەکردنی ویژدانیانەوە لەدایک دەبێت.

ئەوەی تەنیا چاوی بە دەستووری هەرێمدا خشاندبێت، چەند مادەیەک دەبینێت، کە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی نییەو (کاڵا بەقەد باڵا) بۆ کەسانێکی تایبەت داڕێژراوە، بەڵام دەنگنەدانی نوری تاڵەبانی، بەو دەستوورە هەرچۆن ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆی بوو، ئاواش هەلێکی بەپاڵەوانبوون بوو لەدەست خۆی نەداو مێژووش بۆی تۆمار کرد.

لە سەروبەری گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی هەرێمیش چاوەڕێی هەڵوێستێکی هاوشێوەمان دەکرد هەرنەبێت لە دوو تا سێ پەرلەمانتار، بەڵام بەداخەوە ئەوەمان نەدی.

ئەو بودجەیەی کە ئۆپۆزسیۆن پەردەکەی لەسەر لاداو لێوانلێوبوو لە هەڵەو کەموکورتی، هەلێکی بەپاڵەوانبوون بۆ پەرلەمانتارەکانی دەسەڵات ڕەخسا، کە دەنگی پێ نەدەن، بەڵام دیارە ئەوان لەپێناو بەرژەوەندیی حیزبدا ویژدانی خۆیان ئاسوودە نەکرد.

ئەو پەرلەمانتارانەی، کە دەرفەتی بەپاڵەوانبوونیان لەدەست خۆیان داوە، دڵنیابن دەرفەتی زۆریان لەبەردەم ماوە، هێندە خواروخێچی هەیە لەم هەرێمەدا زەمەن چەندین دەرفەتی دیکەیان پێ دەدات، هەرچۆن ئەو دەرفەتانە ویژدانی خۆیانی پێ ئاسوودە دەبێت، ئاواش گەل شانازیی بەپاڵەوانبوونی ئەوانەوە دەکات، بۆیە تکایە لەبەر خۆتانو بەرژەوەندیی خەڵک لەپێناو بەرژەوەندیی حیزبو کەسەکاندا لەدەستی مەدەن.











